# هەڵوێستی رۆژئاوا لە بەرانبەر زەردەشتدا

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: هەڵوێستی رۆژئاوا لە بەرانبەر زەردەشتدا

نووسەر: جی دوشن گیمن

وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمەی کەریمی

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری کتێب: بەختیار سەعید

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٧٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٣٥١)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی: کاسۆمۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە

لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپ کراوە

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵوێستی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر زەردەشتدا

جی دوشن گیمن

وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمەی کەریمی

هوالنامه‌ی کتاب

دەسپێکی وەرگێڕ
بەشی یەکەم: کورتە مێژووی توێژینەوەی ئێرانی
بەشی دووەم: ڕوانگەی هند و ئێرانی
بەشی سێیەم: ئەمشاسپندان
بەشی چوارم: خودای گەورە وسیستەمی ئایینی زەردەشت
بەشی پێنجەم: ئێران و یۆنان
بەشی شەشەم: ئێران، ئیسراییل، گنوسیزم
پاشکۆ
فەرهەنگۆک

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## دەسپێکی وەرگێڕ

دوشن گیمن ئێرانناسی هاوچەرخ لە بابەتێکی کورتدا «هەڵوێستی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر زەردەشتدا» لە توێژینەوەیەکی کورتدا باس لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانی خۆرئاوایی (کە ئاوڕیان لە زەردەشت و ئایینی زەردەشت داوەتەوە) دەکات، بە جۆرێکیتر مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەم بۆچوونانە بە شێوەیەکی کورت، بەڵام گشتگیر دەردەخات، ئەوەی لەم بەرهەمە ڕاپۆرتییەدا گرنگ دەردەکەوێ، بەرچاوگەی هیند و ئێرانی، ئەمشاسپەندان، یان پیرۆزییە نەمرەکان، ئەهوورامەزدا و سیستەمی دینی زەردەشتە.

دوشن گیمن هەوڵی داوە ئەم سێ بابەتە، لەو کاتەوە کە بۆ ڕۆژهەڵاتناسان لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم لە «سایە»دا ڕوونتر بۆتەوە. تا ئەوکاتەی کە شێوەیەکی ڕوونتری ـ بە هەوڵی لێکۆڵینەوەی ئێرانناسی ـ بەدەست دێنێ، بۆمان ڕوون بکاتەوە، لە سەردەمی ئانکتیل دوپرۆن و تۆماس هایدەوە «لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، تاکوو ئەمڕۆ، زەردەشت و ئایینەکەی کەوتۆتە ژێر زەڕەبین و شەن و کەوی ڕۆژهەڵاتناسان و ئێرانناسەکانەوە، بە گوێرەی «هەموو کەسێک لە تێڕوانینی خۆیەوە بوو بە دۆستی من» هەرکام لەوان لە ڕوانگەیەکەوە و

بەپێی ڕێچکە و ڕێبازێک، بۆ زەردەشت و ئایینی پەیغەمبەری ئێرانی ڕوانیویەتی، هاوکات خودای زەردەشت و دەرکەوتەکانی، واتە ئەمشاسپەندانی بە چەشنێک ڕاڤە و لێکداوەتەوە، لەم نێوانەدا ئێرانناسەکان دابەشکراون بە سەرچەند دەستە و تاقم و گرووپدا، هەندێک زەردەشتیان بە سیاسیکارێک، کە لە ڕیزی دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی خۆیدا بووە زانیوە و هەندێکیتریش زەردەشت وەکوو «موغ» یان جادووگەرێک دەناسن، کۆمەڵێکیتریش تاکوو بارگەی خودا بەرزیان کردۆتەوە، کەسانیتریش بە هەمان بۆچوون بە کەم زانینی ڕۆژهەڵات، بۆ زەردەشتیان ڕوانیوە، ئەڵبەت لەم نێوانەدا ئێرانناسگەلێک هەبوون، کە بە کردنەوەی ڕەمز و کۆدی سرووتەکانی زەردەشت ڕێگەیەکی تریان دۆزییەوە، بە جۆرێکیتر نەوەک بە گوێرەی ئەم کەس یان ئەو کەسیتر بە گومانی خۆیان بە شتی تازەتر گەیشتوون، لەوانە کەسانێ وەکوو:

ار. سی. زنر (ئافرێنەری زەروان یان لەگەزی زەردەشتگەرێتی، دەرکەوتن و ئاوابوونی زەردەشتییەتی، فێرکاریی موغەکان) و ئەویتریش «جیمز هووپ موڵتون»، کە لە بەرهەمەکەیدا «گەنجینەی موغەکان و زەردەشتگەرێتی» یەکەمین، هەوڵی داوە وێنەیەکی دادپەروەرانە بخاتپ بەرچاو، ئەم بەرهەمە کورتە ئەم

هەوڵانەی بە باشی و لە هەمانکاتدا بۆچوون و تێڕوانینەکانی لە قەڵەم نەخستووە، خوێنەر دەبێ خۆی بڕیار بدات و ڕێگەی دروست هەڵبژێرێ و زەردەشت و ئایینەکەی لە تێڕوانینێکی دروست و لە هەمانکاتدا واقعبینانە ببینێ و بە جۆرێک دەست بداتە هەڵبژاردن، لەڕاستیدا مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبەش هەر ئەوەیە، ئەگەریش وەها نەبێ دیسانەوە تێڕوانینی ئەوانیتر بۆ زەردەشت، دەتوانێ لە ڕێگەی گەیشتن بە ڕوانینێکی دروستتر یارمەتیمان بدات.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

# کورتە مێژووی خوێندنەوەی ئێرانی

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسـۆر»هنینگ» بەرلـە مـن لـە وتارەکانیـدا لە»تنبـی کتـراک»دا لێکدانەوەیەکـی ورووژێنـەری لـە ئایینـی زەردەشـت پێشـکەش کـرد، هنینـگ دەڵـێ: وەکـوو زۆربـەی بزووتنـەوە دوالیسـتییەکان، دەکـرێ بڵێیـن ئـەم ئایینـە بەرهەڵسـتێکە دژ بـە یەکتاپەرەسـتی، هنینـگ لـە درێـژەی باسـەکەیدا بەڵگـە دێنێتـەوە بـەوەی کـە دوانەپەرەسـتی بـەردەوام بـە چەشـنێک وەلامێـک بـۆ بابەتـی شـەڕ خـۆی دەردەخـات، بابەتێـک کـە ئەویـش بـە نـۆرەی خـۆی بـاوەڕ بـە خـودای خێر و خاوەن دەسـەڵاتی رەها دەسـەلمێنێ، لـە سـەرەتادا روانگەی»هنینـگ»م بەڕادەیـەک نـوێ و بەرچـاو دەسـکەوت، ئـەو کاتـەش کـە نووسـی، لەوانەیـە «هنینـگ» بـە کەمکاریـی و کۆتایـی کـردن لـە وتنـی شـتێکی نوێدا تاوانبـار بکرێ، وام بیـر کـردەوە لەوانەیـە «هنینـگ» تازەگەرییەکانـی خۆی بە هەند نەگرێـت. ئێسـتا دەبینـم هەڵـەم کـردووە، تاکوو ئـەو شـوێنەی بـەم روانگـەوە کـە باسـکرا پێوەندیـی هەبێـت، دەبـێ بڵێـم «هنینـگ» هەمـان بەڵگـەی لەبەرچـاو گرتـووە، کـە ئشـپیگڵ لـە سـاڵی ۱۸۷۳دا باسـی کـرد. «شـپیگڵ» لـە بەرگـی دووەمـی بەرهەمەکەیـدا (ئێرانی کەونـارا) پێمـان دەڵـێ: لـە ئاکامـی تێڕامـان و وردبوونەو لـە دوالیزم وەکـوو زنجیـرەی پێوەندیـی نێـوان زۆرپەرەسـتی و یەکتاپەرەسـتیدا

- ئـەوەش وەکـوو قۆناغێکـی پێویسـت لـە گۆڕانێکـی ئاسـۆییدا
- بـەوەی زانیـوە کـە یەکتاپەرسـتییەکی بەهێـز و پتـەو سـەرتر

بووە لە دوالیزم، تەنیا دوای قبووڵکردنی خودایەکی بەهێز و خاوەن زانستی ڕەها - واتە خودای ئەم دنیایە و ئاریشەکانی - مرۆڤەکان لەگەڵ پرسیارێکی جیدیی بەرەوڕوو دەبنەوە، ئەویش ئەوەی کە بۆچی هەموو کارێک بە گوێرەی ویستی خودا و فەرمانڕەوا ناڕواتە پێشەوە، بۆچی نەوەک تەنیا کاری مرۆڤەکان بە هەڵە لە ئاو دەردەچێ، بەڵکوو هەندێ شت دێتە ئاراوە، کە بە گوێرەی توانا خودا ناتوانێ مۆرکی ئەرێنیان لێ بدات، لە وشەیەکدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، شەڕ چۆن هاتە دنیاوە و دوانە پەرەستی لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی خۆیدا یەکێک لەو وەڵامانەیە بەم پرسیارە. پێم سەیر بوو ئەم دوو وتەیە لە پەنای یەک دابنێم، ئەو کارەی دەمانورووژێنێ بۆ ئەوەی پرسیارێکیتر لە خۆمان بکەین، ئاخۆ لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکانی تر لەم بۆچوونەی «هنینگ و ئشپیگڵ»دا بەشدارن؟ ئاخۆ دەتوانین لەم بۆچوونەدا خاڵێکی پۆزەتیڤ بناسینەوە؟ خاڵێک کەلە مێژووی باوەڕ و کاریگەریی دوولایەنەی نێوان ئێران و ئەورووپادا خۆی بنوێنێ؟ ئاخۆ لە نێوان پێداچوونەوەی لێکدانەوەکانماندا شتی لەم بابەتە نایەتە ئاراوە؟ «هنینگ» بە نەریت و میتۆدی کەرت و باوی خۆی - ئەویش لە کاتێکدا کە ئەم دێڕانەی نووسیوە، وەها بوارێکی بەربڵاوی خستۆتە بەرباس، «یەکەم جار بێژەرانی پارسی، کە پێوەندیی دوانە پەرەستییان بە سووکایەتی بە

خۆیان و پەیغەمبەرەکەیان دەزانی، دوالیزمی زەردەشتییان ڕەت کردەوە، جیالەمە نووسینەکانی «هنینگ» سەبارەت بەم باسە بە ئاشکرا داوای لێبوردن دەکات، لە سەرەتاکانی سەدەی رابردوودا بانگەشەکارانی مەسیحی بە هێنانەوەی بەڵگە کۆنەکان دژ بە دوالیزم - ئەو جۆرەی لە بەرهەمی پیرەکانی مەسیحدا هاتبوو، - هێرشیان کردە سەر پارسەکان و وەکوو هێرشی ئاگوستیەنی پیر بە دژی مانەوییەکان - دەنگی خۆیان بەسەر گەورەکانی زەردەشتدا بەرز کردەوە و هەندێک لە زاناکانی پارس وەکوو بەرگریکردن پێگەی خوای چاکەخوازییان بەرز کردەوە و لە هەمانکاتدا پێگە و پلەی هێزی شەڕ (خراپە) یان دابەزاند، هەر لەم ڕێگەوە ئایینی خۆیان لەگەڵ مەسیحییەتدا کرد بە هاوچەشن، ئەم بابەتانە باسی زۆرتر هەڵدەگرێت، ئەگەر چی ئاماژە بە کتێبەکەی «جان ویڵسون» سەبارەت بە ئایینی پارسی شتێکی شاراوە نییە، بەڵام پێداچوونەوەی دەتوانێ بە کەڵک بێت، لە لایەکیترەوە وشەکانی «هنینگ» ئەم بۆچوونە دێنێتە ئاراوە کە مێژووی پێکدادانی نێوان پارسیگەرێتی و مەسیحییەت لە چاخی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم، جیالەمە پێشنیار دەکەم کە تەواوی مێژووی خوێندنەوەی زەردەشتیی ئێمە، لەڕووی بۆچوون و بیروباوەڕ و بڕیارەکانەوە تاوتوێ بکرێت، شێوەیەک کە وابزانم تاکوو ئێستا پێشینەیەکی

وەهـای نەبـووە، ئەڵبـەت «هـولاک، دارمسـتتر و فیـر» هەندێـک بزووتنەویـان رێکخسـت، بـەڵام مەبەسـتی تەواویـان بەدواداچوونـی رەوتـی لێکۆڵینـەوەکان بـووە و ئـەوەی، کـە نیشـان بـدەن بارودۆخی ئێسـتای زانسـتی ئێمـە دەرەنجامـی زەنجیریـەک لـە خوێندنـەوە و دۆزینـەوەکان بـووە، قبووڵـی دەکـەم کـە راسـتییەکان گرنگتـرن لـە بیروبـاوەڕەکان و ئـەوەی کـە زۆرێـک لـە بۆچـوون و بـاوەڕە کۆنەکان کـە باسـمان کـرد، لەوانەیـە تەنیـا لـە روانگـەی مێژووییـەوە گرنـگ بەرچـاو بکـەون، بـەڵام لەوێـوە کـە هیـچ لێکۆڵەرێـک ـ بـا هۆگـری بابەتـی دەرەکـی و واقعیـش بـێ ـ ناتوانـێ لـە پاشـخانی تیۆرەکان بـێ نیـاز بێـت، لـە ئاکامـدا کارە دژوارەکانمـان هەڵگـری پاسـاو دەبێـت، لەڕاسـتیدا هەرچـی زۆرتـر بـەم بۆچوونانـە ـ وەکـوو هۆکاری دەمارگـرژی و پێشـداوەری ـ بـە گومـان بیـن، زیاتـر حـەز دەکەیـن سـەبارەت بـە دوایانـدا بگەڕێیـن و بـەدوای بنەمـا و سـەرچاوەکانیان بکەویـن و حاڵەتـە دەروونییەکانـی ـ کـە بوونەتـە سـەرچاوەی ئـەم تێڕامـان و بیـرو ئایدیانـە ـ روون بکەینـەوە.

وەک نموونـە رێگەیەکـی ترسـناکیش بوونـی هەیـە و ئەویـش ئەوەیـە هەنـدێ کـردەوە و شـتی نابـاو بدینـە پـاڵ ئـەو نووسـەرانەی کـە دەگۆتـرێ ئـەوان ناچـار بـە شـاردنەوەی بـوون، «هنینـگ» مافـی خـۆی بـوو کـە «هرتسـفڵد»ی سـەرزەنشـت کـرد، هرتسـفڵد

سەردەمێک گوتبوی: ئەگەر ناوی زەردەشت - وەکوو هاوکاری نزیکی داریووش لە سەرکوتکردنی شۆڕشی گئوماتەکان - لە راپۆرتی دەزگای پاشایەتیدا باس نەکراوە - بەهۆی داواکاری خودی پەیغەمبەر (زەردەشت)وە بووە کە ویستوویەتی بە گونگی بمێنێتەوە، ئێستا وا دیارە توێژەرانی دیکە لەوانە « «ئانکتیل دوپرون» و خودی هنینگیش لەم بوارەدا روویان کردۆتە هەمان شێوازی بەڵگە هێنانەوە، ئانکتیل بۆ چەند ساتێک وەلا دەنێین و روو دەکەینە هنینگ، هنینگ کاتێک دەربارەی پەیغەمبەرانی دوالیزم دەنووسێت، ئازایانە پەنجە دەخاتە سەر هەندێ بابەت، کە هەڵگری سەلماندن نییە، چۆن بتوانین چاوەڕێی ئەو پەیغەمبەرانە بین کە بە ئاشکرا شکەستی باڵی هەڵبژێردراوی خۆیان - کە داوای پشتیوانیان بۆ دەکردن - لە گۆڕەپانی شەڕدا قبووڵ بکەن،؟ ئەگەر چی ئەوان بە دڵ دەیانزانی وەها ئیمکانێک بوونی هەیە، بەڵام هیوادار بوون و تەنانەت لەو باوەڕەدا بوون سەرکەوتنی کۆتایی بۆ ئەوانە. هەرچۆنێک بێ قسەکەی هنینگ هەڵگری دەلالەتە، چونکە بە شێوەیەکی روون و بەرچاو، مەسەلەی جەبر و هەڵاواردن باس دەکات.

❊ ❊ ❊

تۆماس هاید و ئانکتیل دوپرون: ئەم دوو ناوە لە بەرەبەیانی درێژ و مژاوی خوێندنەوەی نوێی زەردەشتیدا دەدرەوشێنەوە، تۆماس هاید لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم لە ئاکسفۆرد و ئانکتیل لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم لە پاریس و هینددا، هاید یەکەمین هەوڵی خۆی لە ڕێگەی پێشکەش کردنی دارشتن و ئانکتیل بە دۆزینەوەی ئاڤێستا، وا پێش هات نیو سەدەیتر تێپەڕێ، واتە بەرلەوەی «راسک و بوپ و بورنۆف» بتوانن ئاڤێستا بەپێی واقیع بخوێننەوە، ئەم توێژەرانە لە بڕیاردان سەبارەت بە پارسیگەری، نەوک تەنیا بە واقیعەکانی زاراوەناسی ـ کەلێکیان وەرگرتووە، ـ بەڵکوو بە بیر و باوەڕ و ئەو بۆچوونانەش، کە سەردەمانێک ئانکتیل و هایدو ئەوانیتر باسیان کردبوو، پێبەندن. دەتوانین بە گومان بین لەوەی کە ئەگەر ئانکتیل کتێبی «ئایینی ئێرانی» نەخوێندایەتەوە، هیچکات تەسلیمی ئاژاوەگێڕی نەدەبوو، بەڵام ئەم سەرچاوانەی کە لەبەردەست «هاید»دا بوون چی بوون؟ سەردەمی کەونارا، زەردەشت و پەیڕەوانی کەم تا زۆر درۆزنی زەردەشتی وەکوو پەیامبەران و هەڵگەڕانی ئاوەزی کوفر و ئاوەزی مەسیحی دەنواند. وایاندزەزانی، فیساغوورس خوێندکاری زەردەشت بووە، فەلسەفە، ئەستێرەناسی، کیمیا، جادووگەریی، وەکوو یەک لە پەندە و ئاموزگارییەکانی ئێرانی و کلدانیدا دەرکەوتبوون،

ئەمەش وێدەچێ وەها بووبێت، چونکە ئەو کۆمەڵە بەرهەمەی کە دراوەتە پاڵ ئەم زانایانە لەڕاستیدا کۆمەڵێک شتی درۆ نەبێ شتێکیتر نییە، کۆمەڵێک کە تێیدا کۆگایەکی بە بارست لە چەمکی یۆنانی لەگەڵ کۆمەڵێک لە باوەڕە فەوتاوەکانی ئێرانیدا تێکەڵ کراوە. ئەم بززووتنە زەمەنییە بە لووتکەی خۆی گەیشت، کە پلۆتۆن ئیلهامات و دۆزینەوەکانی کلدانی دایە پاڵ زەردەشت و پەیڕەوانی، بەڵام نووسەران و کتێبە نووسانی بەرهەمەکانی پلۆتۆن بە ئاشکرا ئەمەیان داوەتە پاڵ خودی زەردەشت، پلۆتۆن ئەم دەستنووسانەی کردووە بە پاشخانێک بۆ نامیلکەکەی خۆی دەربارەی یاساگەلی زەردەشتی و ئەفلاتوونی.

لە راستیدا «یاسای موغان»ی ئەو دراوەتە پاڵ زەردەشت و ئەفلاتوون. پلۆتۆن مێژووی دوور و درێژ و پڕ لە هەوراز و نشێوی پێوەندیی نێوان ئومانیزم و مەسیحییەتی ئاوەڵا کرد. لە نێوان ئەو کەسانەی کە هەوڵیان دا بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و رێککەوتن لە نێوان مەسیحیەت و ئەفلاتوونیزمدا ـ کە وا دەزانرا ئەمەش بۆ خۆی لە زەردەشتەوە سەرچاوەی گرتووە ـ دەتوانین نەتەنیا لە «بساریون، پیکودلا میراندولا، مارسل فیسینۆ و ئەراسموس، بەڵکوو باس لە فرانسیس پاتریسیوسیش بکەین، کەسی دوایی (پاتریسیوس) وەکوو کۆکەرەوە، بەشێکی

گەورەی لە «دۆزینەوەکانی کلدانی» نووسی، لە واقیعدا زەردەشت یەکەمین کەسانێک بوو کە بناغە سەرەتاییەکانی مەزهەبی کاتوولیکی دامەزراند، لای مەسیحییەکان، ئێران پێش هەموو شتێک و بەردەوام وڵاتی سێ پیاوی زانا و بیرمەند بووە، ئەو پیاوانەی کە بە ڕێنوێنیی ئەستێرەیەک هاتبوون بۆ ئەوەی لە «بیت الحم»دا کڕنۆش بەرن، جگە لەمەش مەسیحییەکانیش بە گوێرەی نەریتی یەهوودییەکان، زەردەشتیان لەگەڵ ئەزکیل، نمروود، سپ، بلعوم و بارۆک و تەنانەت لەگەڵ خودی مەسیحدا بە یەکێک زانیوە، جیالەمە بێژەران لە ژوستیەن بەملاوە توانیویانە لە زەردەشت و پەیڕەوانی ناو ببەن، ئەویش وەکوو شایەتگەلی دەرەکی، لەگەڵ پاساودانی هەقیقەتی مەسیحدا لەسەر ئەم ئایینە لە بەرانبەر کافرەکاندا مۆرکی ئەرێنیان لێدا. لە لایەکیترەوە زەردەشت بنیاتنەری کۆنەپارێزییەکی سەربەشانەی زۆر ناشیرین، واتە ئەستێرەناسی و جادووگەری کلدانی ـ بوو، بۆ وێنە لە پێڵێنانی درۆزنانەی کلمانتیندا زەردەشت وەکوو داهێنەرێکی گەورە دەردەکەوێ، جگەلە مەش ئێران وڵاتی مانەوییەکانیش بووە، ئایینێک کە وایاندەزانی سەرچاوە و ئیلهام بەخشی کاتاریسم ـ واتە داهێنانی گەورەی سەدەکانی ناوەڕاستە، پەیڕەوان و لایەنگرانی ئۆرتودۆکس بەردەوام کاتاریسمیان لەگەڵ ئایینی «مانی»دا

بـه یەکێـک زانیـوە، لـە واقیعـدا وا دەردەکـەوێ کـە «کاتاریـزم» شـێوەیەک بـێ لـە «گنونیـزم» و هیـچ چەشـنە پێوەندییەکـی لەگەڵ مانیویزمـدا نییـە، بـەڵام داهێنـەران لـە سـەدەی یازدەیەمـدا ـ لانیکـەم ئەوانـەی وەکـوو «ئادیمـار شـابانس» زاناتـر بـوون ـ بەهـۆی زیرەکـی و بەڵگەهێنانـەوەی باشـتر دژ بـە داهێنەرانـی هاوچەرخـی خۆیـان بـۆ کڵێسـە چاویـان بڕیبـووە گەورەکانـی کڵێسـە و کێشـە و پێکدادانـی دژ ە مانەوییـەت. بارنـاب بریسـۆن، کەلـە ١٥٩٠دا بەرهەمەکـەی خـۆی لەژێـر نـاوی «بنەماکانـی دینـی پارسـی» بـڵاو کـردەوە، وادیـارە لـە دانەپاڵـی ئـەم دۆزینـەوە و ئیلهاماتـە بـە زەردەشـتەوە شـتێکی نەزانیـوە، چونکـە لـە نێـوان سـەرچاوەکانی خۆیـدا باسـی ئەوانـە نـاکات، جیالەمـە ئەویـش بـە لاسـایی کردنـەوەی چەنـد کـەس لـە بیرمەندانـی پێشـوو، بـە چاوپێکەوتنـی فیسـاغوورس لەگـەڵ موغـە ئێرانییـەکان ئامـاژە دەکات، لەلایەکیتـرەوە ئـەو لـە هـەر چەشـنە پێوەندییـەک نێـوان مەسـیحیەت لەگـەڵ ئایینـی ئەوانـدا شـتێک ناڵـێ ـ واتـە جۆرێـک ئایینـی کوفـر کـە خـودا رەت دەکاتـەوە و ژوپیتـر، خـۆر، یـان مانگ، ئەهوورامـەزدا، و ئەهریمـەن سـتایش دەکات، ئـەو تەنیـا بـاس لـە کاریگەریـی ئێـران بەسـەر «سـامرییەکان»ەوە دەکات، بریسـون، لـە بەشـێک لـە کتێبەکـەی خۆیـدا لـە گێڕانـەوەی سـامرییەکانەوە لـە ئێرانییـەک دەڵـێ: کـە وادیـارە مەبەسـتی ئـەو «سـیمون مـوغ» و

هەواڵنامەی ئێتر

قوتابیەکانییەتـی. لەگـەڵ ئـەودا بەرهەمەکـەی بریسـۆن پێوەندیـی هەیە بە ئومانیستەکانەوە، بزووتنەوەیـەک کـە تایبەتـی دامـەزراوە لەسـەر سـەرچاوە کۆنـەکان و لـە ئایینـی ئێرانـی وەکـوو بابەتێکـی تایبـەت بـە سـەردەمی کـۆن بـاس دەکات، وادیـارە نووسـەر لـە زیندووبوونـی ئـەم ئایینـە لـە ئێـران و هینـد ئـاگادار نەبـووە، ئایینێـک کـە ئـەو دەتوانـێ وەکـوو واقعێکـی زینـدوو سـەیری بـکات. بۆچوونـی تومـاس اسـتانلیش، دروسـت سـەدەیەک دوای بریسـۆن وەهـا بـوو کەسـێک کـە یەکەمیـن مێـژووی گشـتگیری فەلسـەفەی بـە تەرخانکردنـی بەشـگەلێک بـە کلدانی و سـائیبییەکانەوە نووسـی، ئـەم بەرهەمـە بـۆ ئەوانیتـر بۆتـە پاشـکەوتێک تاکـوو سـەرچاوە کۆنـەکان بـە بەڵگـە و دیکیۆمێنتـی نوێ لـە ئێـران و هیند بـەراوەرد بکـەن، لەڕاسـتیدا بەرهەمێکـی زۆر لـەم چەشـنە لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا بـڵاو بـووەوە ـ هەڵبـەت جیالەوەی»مارکوپلۆ و ئۆدریک دوپوردینـون» ناچاربـوون سـەبارەت بـە شـوێنی باوکانیـان سـێ موغـی پیـاو، واتـە سـاوە یـان کاشـان، کـە بەهـۆی ئەفسـانەکانەوە لەگـەڵ سـەرچاوەی ئایینـی ئـاوردا پێوەندییـان هەبـوو، قسـە بکـەن. لـە سـاڵی ١٦٦٠دا کشیشـی فەرانسـەوی رافائیـل دومـان ـ کـە چەنـد سـاڵێک لـە ئیسـفهاندا بـوو، ـ کتێبـی وڵاتـی پارسـی بـڵاو کـردەوە لـە نووسـراوەکانی هایـدەوە وا دەردەکـەوێ ئـەم بەرهەمـە وەرگێڕاوە بـۆ سـەر زمانـی لاتینیش، لەوێوە کـە سـەفەر بـۆ ئێران

شتێکی باو بوو تاورنییە، تونت و شاردنیش لەم کتێبە دزیان کرد، دومان چەند لاپەڕەیەکی لەم کتێبە بۆگائوراکان ترخان کردووە، تاقمێک کە بەڕای ئەو لە بەجێماوانی ئاورپەرستی کۆن بە ئەژمار دێن، کاتێک پرسیاریان لێ بکرێ ئاخۆ ئەوان ئاور وەکوو خودا سەیر دەکەن یان بە خودای دەزانن؟ ئەوان وەڵامیان دایەوە نە، بەڵکوو ئاور بە بەکەڵکترین و شکومەندتریان توخمەکان دەزانن، تاور نییە هەروەها لە کتێبی «گێڕانەوەیەکی نوێ لە لوانت» نووسینی فر. گابریل، کە لە ساڵی ١٦٧١دا لە لیون چاپ کرا، هەندێ بابەتی دزی، کارێک کە بوو بەهۆی لۆمەکردنی لەلایەن هایدەوە، جیالەمە تاور نییە بەشێکی بۆ گائورەکان ترخان کرد، ئەو بەشەی کە وا دێتە بەر چاو ئێمە تیایدا بە یەکەمین ئاماژەگەلی سەردەمی نوێ سەبارەت بە پێوەندیی مسیحیەت لەگەڵ ئایینی ئێرانی ڕووبەڕوو دەبینەوە، بە ئاسانی دەتوانین داوەری بکەین کە ئەوان واتە گائورەکان لە نهێنییەکانی دینی مەسیح ناسینێکی روونیان هەبێ، هەروەها کە هۆزە کافرەکان پێش ئەوان لە نهێنییەکان بێ ئاگا نەبوون، ئەو هەروە ها ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کتێبی پیرۆز ئەم کۆمەڵەیان دیتووە، من کتێبێکم بینیوە کە زۆر ئەستوورە، لێرەدا دەبێ ئەوە بیر بخەینەوە، کەلە ساڵی١٦٧٠دا «کلبرت» بە قەشەیەکیتر بەناو «ج. ف» بڕیاری دا تاکوو دەستنووسە

کۆنەکان لەوانە ئاڤێستا کۆ بکاتەوە، کارێک کە بووە هۆی ئەوەی کەلە ساڵی ١٦٧٤دا لە ئیسفەهان و لە پاڵ قەشە «رافائیل»دا نیشتەجێ ببێ.

کامڵترین راپۆرت لە زەردەشتییەکانی ئێران لە سەدەی حەڤدەیەمدا دەبێ لە کۆچنامەکانی «شاردن»دا بە دەشت بێنین، ئەو کەسەی کە دەیزانی ئەوان زۆر لە پارسییەکانی هیندەوە نزیکن، لانیکەم رستەیەکیش لێرەدا بۆ ئەوە دەشێ بگێڕدرێتەوە، من سێ مانگ کتێبێکی گەورەم لەبەردەستدا بوو، کتێبێک کە تەواوی دینی زەردەشتییەکان تێیدا نووسراوە، هەروەها زۆرێک لەو شتانەش کە لەگەڵ ئەودا تێکەڵ بووە، ئەم رستە بۆ خۆی هەواڵێکی پاڵنەر بوو بۆ ئانکتیلی گەنج، لە راپۆرتەکەی شاردندا لە باوەڕی زەردەشتییەکان ئێمە بۆ یەکەمین جار لەگەڵ خودایەکی سەرتردا رووبەڕوو دەبینەوە، خودایەک کە بەرزترە لە خوداکان، هەروەها دوو ئەسڵی (خێر و شەڕ)یش، ئەو ناوەی کە بەم خودایە دەدرێت لەڕاستیدا «یەزد» بە مانای « یەزدان»ە، بەڵام وانازانم کە ئەو لەگەڵ ئەهوورامەزدا (ئەسڵی چاکە) یەکێک بێت، ئەڵبەت باسە گشتییەکەی شاردن بۆ ئانکتیل باسێکی ئاشنایە، کەسێک کەلە راپۆرتی ئەم گەڕیدە لەربارەی سیستەمی دینی زەردەشت،

هەروەها لە راپۆرت و لێکدانەوەی ماندلسلۆ لە پارسیان (هیند) دەگێڕێتەوە، پێش ماندلسلو، هنری لۆرد یەکەمین گەڕیدە بوو کە لێکدانەوەی سەبارەت بە دینی پارسی کرد، هنری لۆرد لە ساڵی ١٦٣٠دا لە سوراتدا قەشە بوو، بەرهەمێکی لەژێر ناوی «شانۆی دوو تاقمی بیانی» گرووپی بانیانەکان (یان بومییە کۆنەکانی هیند و گرووپی پارسییەکان، یان دانیشتوانی کۆنی ئێران بڵاو کردەوە، ئەم کتێبە کە بە ئەنقەست دامەزراوە لەسەر بەرهەمی هەرێمەکان و پاشایانی میرخوند، مێژووی ئێران تاکوو سەردەمی دوایەمین پاشاکانی ساسانی، لێک دەداتەوە، لەوانەیە سەرنجڕاکیشترین خاڵ سەبارەت بەم کتێبە ئەوە بێت، کە وەرگێڕەکەی واتە بریوت، لە ساڵی ١٦٧٢دا گوڵچینێکی لە چەند برگە پێ زیاد کردووە، ئەو بڕگانەی کە دەتوانێ جیاوازیی زەردەشتییەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ مەزدا پەرەستەکانی سەردەمی کۆندا نیشان بدات، ئەک کۆمەڵە تاڕادەیەک شپرز بوو، بەڵام لانیکەم کێشەکانی خستەڕووو، ئێستاش سەردەمی تۆماس هایدێکیتر گەیشتووە.

ماندلسلو کە «سەفەرەکەی بۆ هیند» لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدرا وەکوو درێژەی بەرهەمەکەی «ئولیریوس» لە ساڵی ١٦٥٩دا چاپ بوو، ـ پێنج لاپەڕە بە پارسییەکان، یان پەنابەرانێک

لـە ئێرانـەوە تەرحـان دەكات، ئـەو لاپەڕانـەی كـە ئیلاهیاتـی زەردەشـتی زیاتـر لـە «هنـری لـۆرد» روون دەكاتـەوە، ئـەو دەڵـێ: ئـەوان تەنیـا باوەڕیـان بـە خودایـەک هەیـە، ئـەو خودایـەی كـە حـەوت خزمەتـكار دەوریيـان گرتـووە، ئـەم خزمەتكارانـە بریتیـن لـە: مامسـدا، بەهمـەن، ئوردیبەهەشـت، سـەریوەر، ئسـپەندەر، ئەنـوەردس، ئەمـادەس، هەریـەک لەمانـەش لـە هەرێمـی خۆیانـدا خاوەنـی دەسـەڵاتن، جیالەمـە ئەمشاسـپەندان دێتـە بەسـتێنی زانسـتی ئورووپـاوە، ئەڵبـەت دەبـێ ئـەوەش بڵێـم بەپێـی گومـان و ئەهوورامەزدیـش وەكـوو تـەواوی ئـەم نەمـرە پیرۆزانـە لەژێـر فەرمانـی خـودای تاقانـە دایـە.

جگەلـە نووسـەرانی كـۆن و گەڕیدە نوێكان، سـێیەمین جـۆر لـەم چەشـنە سـەرچاوانە، واتە نوسـراوەی نووسـەرە

عەرەبـەكان، لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا كەوتـە بەردەسـتی لێكۆڵـەران، « ئیـد یوكـۆک» لـە كتێبەكـەی خۆیـدا لەژێـر نـاو «نموونەكانـی مێـژووی عەرەبـی» كەلـە ١٦٤٩دا بـڵاو بـووەوە ـ بژاردەگەلێكـی لـە «ملـل و نحـل»ی شارسـتانی بـە چـاپ گەیانـد، «هاید»یـش كـە عەرەبـی دەزانـی بـە گێڕانـەوەی پێشـینیان بـە نووسـینەكانی «ابـن شـهنه و ئاسـارالباقیەی بیروونی»یـەوە خەریـک بوو، رۆژئاواییەكان راستەوخۆ دەسـتیان بە سـەرچاوەكان سـەبارەت

بـه زەردەشـتیگەری، لەوانـە بەشـگەلێکی بچووکـی ئاڤێسـتا کـە هەنووکـەش نهێنییەکانـی نەدۆزراوەتـەوە، نەدەگەیشت، بـەڵام هاید دەقێکـی لـە «ئەرداویرافنامـە» بـە فارسـی، هەروەهـا هەندێـک لـە دەقـە دواییەکانیـش وەکـوو زەردەشـتنامە و کولتوریـی جیهانگەرایی، لەبەردەسـتدا بـوو، دەرەنجـام لەوێـوە کـە هایـد پێوەندیـی لـە نێـوان پارسـیگەرێتی و مانویزمـدا دوزیبـوەوە ـ دەتوانیـن لێـرەدا بـاس لـە مەنهـەج و سـەرچاوەگەلی گرنـگ دەربـارەی «نوێگەرایـی مانەوییەکان»بکەیـن، ئـەو مەنهـەج و سـەرچاوانەی کـە لێکۆڵـەران لـە سـەردەمی خۆیانـدا توانیویانـە کەڵکـی لێوەربگـرن، هەندێـک لـەو مەنهـەج و سـەرچاوانە بریتیـن لـە: شەهرسـتانی، خوندمیـر، مجـدی، اپیفانـوس، اوسـبیوس، سـیریلوس، نامـەی پێشـینیان، (کۆکردنـەوەی لەلایـەن زاکاگنـی لـە ١٦٩٨)دا هەندێـک دەقی یۆنانی سـەبارەت بـە مانەویـەت کـە لەگـەڵ حاشـییەکاندا کۆکراوەتـەوە لەلایـەن دی. تولیـوس. لـە کـۆی کۆچنامـە ئیتالییەکانـدا و لـە ئەنجامـدا بەرهەمێـک لـە بیرلینـگ، کـە هایـد لـە لاپـەڕەی ٢٨٦ی کتێبەکەیدا دەگێڕێتـەوە. بـە تایبـەت ئـەوەی کـە دەبێ باسـی بکەین کـە مانەویـەت لـەم سـەردەمەدا وەکـوو بابەتێکـی زۆر گـەرم بیـر و زەینـی ڕۆژئاواییەکانـی بـە خـۆوە خەریـک کردبـوو، بـەم بۆنـەوە بوو کـە هایـد ـ کـە بـە ئاشـکرا لایەنگری لـە زەردەشـتییەکان دەکـرد ـ زۆر هەوڵـی دا تاوەکـوو داوێنیـان لـە تاوانـی دوانەپەرەسـتی پـاک

بکاتەوە. بەرلەوەی باس لە خواناسی و کەلام بکەین - کە بە گوێرەی نووسینەکانی ویلسۆن تاڕادەیەک مەسیحی و زەردەشتییە - دەبێ ناوی سێ کتێب بهێنین کە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا بڵاو بۆتەوە، واتە چەند ساڵ پێش سەردەمی خودی ویلسۆن، ئەو سەردەمەی کە زەردەشتگەرێتی ڕۆڵی هەبوو.

یەکەمین کتێب «مێژووی فەلسەفە»ی ئستانلی یە، کە لەسەرەوە باسمان کرد، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٦٨٧ چاپکرا و «لوکلرک» بێژەری ناوداری پرۆتستانەکان لەو ساڵەدا کورتەیەک لەم کتێبەی لە کتێبناسی گشتیدا خستە بەرباس و لە ساڵی ١٧٠٢ وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، ئەم کتێبە بەو بزووتنەوانەی کە ئەندامی فەرمی ئینگلیز نەبوون، کەشوهەوایەکی تایبەتی دەبەخشی، ئەو بزووتنەوەی کە لە سەرەوەی «مارشام» ئازادیخوازی بەناوبانگ کە دەبووە مامی منیش - بوونی هەبوو، لە «کتێبناسی ڕۆژهەڵاتیدا» بەرهەمی دهریلو، کە لە ساڵی ١٦٩٧ چاپ کرا، ئەم رستە کورتانە دەخوێنینەوە، ئێرانییە کۆنەکان زەردەشت بە کۆنتر لە مووسا دەزانن و تەنانەت هەندێ لە موغەکانیش ئێبراهیم و زەردەشت بە یەکێک دەزانن و زۆربەشیان ئەو بە ئێبراهیمی زەردەشت دەخوێننەوە، لە نووسینی بێژەرە مەسیحییەکاندا ئاماژەیەک بەم

جیاوازیــی بیــر و بۆچوونــە نەکــراوە، تێڕوانینــی پییــر ـ دانیــل هـوت، قەشـە ئورانچـز جۆرێکیتـرە. ئنجیلـی راڤەیـی ئـەو کـە دوانـزە سـاڵ پێشـتر بـڵاو بۆتـەوە، بـاس لـە قەیرانێکـی کـۆن دەکات، کـە لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێکـرا، چونکـە ئاییـنـە کفرئامێـزەکان خاوەنـی تایبەتمەندیـی هاوباشـن لەگـەڵ یەهوودییـەکان و مەسـیحییەتدا، بێژەرانێـک وەکـوو ژوسـتییەن، ئاتناگـوراس، کلمنـت و ئوریگـن، زۆر هەوڵیـان دا، تاکـوو وامگرتنـی کافـر کیشـەکان لـە نهێنییەکـی سـەرەتایی یـان یەهوودییـەت بەرچاو بخەن. ئەمـان وا بیر دەکەنەوە، ئـەم دوو بەڵگەیـە گۆڕانـی دینـی کافـرەکان ئاسـان دەکاتـەوە، لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا کـە بـە سـەدەی رووبەڕووبوونـەوە و رکابەریـی دینـی نـاو نرابـوو، ئێمـە لەگـەڵ گروتیۆسـدا بـەرەوڕوو دەبینـەوە، کـە وتـی: هیـچ شـتێک ناتوانـێ بەرگریـی بـکات لـە کارتێکەریـی کەلدانییـەکان و رەواقییـەکان بەسـەر زەردەشـتدا، لـە لایەکیتـرەوە کەسـانێک وەکـوو مارشـام لـە کتێبەکەیـدا «تێکسـتە کۆنەکانـی میسـر» (لەنـدن، ١٦٧٢) و جـان ئسپنسـر ـ کـە بەرهەمەکـەی لەژێـر نـاو لێکۆڵینەوەیـەک سـەبارەت بـە ئوریـم و تومیـم لـە سـاڵی ١٦٧٠ لـە کەمبریـج بـە چـاپ گەیشـت ـ ئەمانـە لێکدانەوەیەکـی بـە تەواوەتـی جیاوازییـان بـاس کـرد، لای ئـەم تاقمـە لـە بیرمەنـدان، رێککەوتنـی نێـوان زەردەشـتگەرێتی و ئاییـنـە سـامییەکان لـە قـەرزداری یەهوودییـەکان لـە هـۆز و نەتـەوە هاوسـێکان بـوو،

لەوانەیــە و هەروەهــا کــە دوپــرون لــە بەرهەمەکەیــدا بەرچــاوی دەخـات، پێشکەشکارانی وەهـا لێکدانەوەیـەک هەمـان ئـەو دژبەرانـە بــوون کــە هــووت، ئینجیلــە راڤەییەکــەی خــۆی بــەدژی ئــەوان نووســی.

هـوت بەگشـتی بەڵگـەی بێـژەرە پێشـووەکانی زینـدوو کـردەوە و بەڵگـە و دێکیۆمێنتـی نـوێ و وەرگیـراوە لـە تـەواوی نەتـەوەکان لـە هەمـوو سـەردەمێکدا پێـی زیـاد کـرد، بـەڵام «بوسـووت» زۆر زوو مەترسیی ئـەم روانگەیـەی خسـتە بەرچـاو وەهـا نووسـی، بینیـم ئەو کەسـانەی کـە دەڵێـن ئەگـەر ئێمـە بەرهـەم و کتێبـی نەتـەوەکان بپشـکنین، لـە ئاکامـدا بـە مەسـیحیەتێک دەگەیـن کـە تاکـوو ئێسـتا بـۆ مرۆڤـەکان دەرنەکەوتـووە، سـەبارەت بـە زەردەشـتیش وتـراوە: لێکۆڵینـەوەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە زەردەشـت ئیلهامـی لە مووسـا و ئـەو دینـە ئێرانیانـەی کەلـە کلیمیتـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە، وەرگرتـــووە. بــە جۆرێکیتر»هــوت» هەڵبــەت بەپێــی گێڕانــەوەی لێکدانەوەیــەک لەلایــەن فلکسـیردوروالّی بیرمەنـدەوە وەهـا دەڵــێ: کـە زەردەشـت کەسـایەتییەکی ئەفسـانەییە کـە بـە گوێـرەی مێژووی ژیانـی مووسـا داهێنـراوە. بەرهەمـی گـەورەی هایـد لەژێـر نـاو دینـی پارسـی، ئاکسـفۆرد، ١٧٠٠م، یەکەمیـن هەوڵـی خـۆی لـە رێگـەی وەهـا روونکردنەوەیەکدا بـە ئەنجـام دەگەیەنێـت، ئـەم روونکردنـەوە

کە لەسەر تەواوی سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە دامەزرابوو، سەردەمێک دەکات بە نیشانە کە پێویستە تەواوی لێکۆڵینەوەکان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەم روانگە تەواوی باوەڕە پێشووەکان سەبارەت بە زەردەشت پیشان دەدا، جگە لەمەش بۆتە نموودارێکی تەواو لە زەینییەتی سەدەی حەڤدەیەم. لای هاید زەردەشت نەتەنیا مامۆستای فیساغووورس بووە و بەڵکوو سەبارەت بە مەسیح پێشگۆیی کردووە و لە عوزرا و دیکەی پەیغەمبەرە یەهوودییەکانیتر کاریگەریی وەرگرتووە. سەبارەت بە زەردەشت و پەیڕەوانی دەبێ شتگەلێک هەبێ کە پێویست دەکات خودا پەیڕەوانێک بۆ ئەم پەیغەمبەرایەتییە پیروزە هەڵبژێرێت. ئەم رەساڵەتە چی بووە؟ خودای پارسییەکان، خەڵکێکی هەڵبژارد تاکوو دینی ئەو لە بەرانبەر ئایینەکان و هۆزەکانیتردا بە ئایینێکی نوێ بەدیار بخەن، بەڵام ئەم ئەرکە بێ هیچ بەڵگەیەکیتر بۆ تەنیا هۆزێک و (ئەڵبەت یەهوودییەکان) بوو، کە لە سەرەتاوە باوەڕیان هەبوو بە خودای راستەقینە و رێزیان لە ئایینەکەی گرت، زەردەشت لەپێناو چاک کردنی هۆزە ئێرانییەکان بە زۆری کارەکەی ئێبراهیمی دووپات کردەوە، ئەو کەسەی کە بۆ ماوەیەک خەڵکی لە «صابئی» گەریەتی بەرەو ئایینی خودای تاقانە راکێشا. بەم شێوە، هاید لە باسکردنی زەردەشت و ئایینەکەی، هەوڵی دا هەمان ئەو شتانە بەرچاو

بخات کە مەسیحییەکان پێیان خۆش بوو، زەردەشتییەکان بەردەوام یەکتاپەرست بوون و ئایینێکی خوداییان دەدایە پاڵ خودای تاقانە، لە کاتێکدا تەنیا لە ڕێوەڕسم و نەریتە باوەکاندا ڕێزیان لە مۆر و ئاور گرتووە، (لاپەڕە ١٢٠) لەڕاستیدا بەڵگە و دیکیۆمێنتە کۆنەکان بەگشتی ئێرانییەکان بە دوانە پەرەستی یان چەندگانە پەرەستی بەرچاو دەخەن، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونەکان هاید، ئەم وێناکردنە لە دینی ئێرانییەکان، لە پلەی یەکەمدا لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەو یۆنانیانەی کە باسی ئێرانییەکانیان کردووە لە ئەمان و یاسا ئایینییەکانیان هیچیان نەزانیوە، دووەم: لە نووسینەکانی هیرۆدتەوە هاتووە کە نەوەک هەر ئێرانییەکان چاک نەبوون، بەڵکوو باس لەو ئێرانیانە دەکات کە هەروەها بە کافری ژیاون، یان (صابئی گەری بە بۆچوونی موسڵمانەکان) باوەڕیان هەبووە.

سێیەم — ئەڵبەت لەگەڵ هەبوونی دوانەپەرستیشدا ـ ئاکامی شایەتییەکانی «داماسیوس و پلوتارخە» کە بێگومان ئاماژە بە داهێنەرانێک دەکەن کە وەکوو مانەوی و مەزدییەکان باوەڕیان بە دوو بنەمای جاودانە هەبوو لە ئاکامدا دەرەنجامی پاڕانەوەی ئەو موغانەیە ـ وەکوو ئەوانەی کە پلوتارخ باسی دەکات ـ دەستیان کردووە بە پاڕانەوە و قوربانیکردن بۆ ئەهریمەن،

تـەواوی ئـەم بەڵگـە و دێکۆمێنتانـە دەبـێ بـە وردی لـە خاوەنانـی دینـی چـاک جیـا بکەینـەوە، ئـەو دیـن باشـانەی کە هایـد بەڵگەکانی سـەبارەت بـەوان لـە دوو گـرووپ لـە سـەرچاوەکان وەردەگـرێ، یەکـەم ئـەو گاور و پارسـییە نوێیانـەی ـ کـە بەپێـی گەڕیـدە ڕۆژئاواییـەکان، «شـاردن و ماندلسـلۆ» خۆیـان بـە یەکتاپەرەسـت و ستایشـکەری خـودا دەناسـێنن، واتـە ئـەو خودایـەی کـە بـە تـەواوی زاڵـە بەسـەر ئەهریمەنـدا، ئـەوی دیکەشـیان شەهرسـتانییە ئەویـش بـە جۆرێکیتـر دەڵـێ: موغـە ڕاسـتەقینەکان باوەڕیـان بـە خـودای تاقانـە و جـاودان هەیـە و لـە هەمانکاتـدا تاریکیـان بـە دروسـت کـراو دەزانـی. لەلایەکیتـرەوە «شەهرسـتانی» سـەبارەت بـە زەروانییـەکان بەڵگەیـەک دەخاتـە بەرچـاو، بەڵگەیـەک لەگـەڵ ئـەوەی کـە تیـۆدۆر موپسوسـتیا (درفوتیـوس) سـەبارەت بـە زەروان خـودای پایەبـەرز. یـان باوکـی ئەهوورامـەزد و ئەهریمـەن دەیهێنێـت، پێوەندیـی هەیـە، جیالەمـە هایـد دوو یـان سـێ جـۆر تاقانەپەرەسـتی تێکـەڵ دەکات، بـەڵام بـە لێهاتوویـی و بـۆ یەکەمیـن جـار لـە سـەر بـاوەڕ بـوون بـە «زوروانییـەکان» جەخـت دەکاتـەوە. ئێسـتا لەگـەڵ نەوەکانیـدا هـەوڵ دەدەن تاکـوو ئـەم بـاوەڕە لەگـەڵ دیکـەی بـاوەڕە ئێرانییەکانیتـردا بگونجێنـن، ئەمـەش ئـەو کارە بـوو کـە ئانکتیـل بـۆ یەکـەم جـار هەوڵـی بـۆ دا، دوو ڕووداوی زۆر گرنـگ «هایـد و ئانکتیـل» لـە یەکتـر جیـا دەکاتـەوە، یەکیـان دۆزینـەوەی

ئاڤێستا لەلایەن خودی ئانکتیلەوە و ئەوی دیکەشیان شۆڕشی رووناکبیرانە، کە دواتر بوو بە «خوای ویژدانی ئەورووپییەکان» دیاردەیەک کە چاخی ڤۆڵتێری لە سەدەی «بوسووت»دا زۆر جیا کردەوە، لە کاتێکدا نامیلکەکەی هاید بەرهەمێکە لە جۆرێک بەرگری دین و دیانەت - واتە ئەو پیاوەی کە لای ئەو هەر شتێک لە مێژووی مرۆڤدا بە دەور تەوەری مەسیحییەتدا دەسووڕێتەوە، - ئانکتیل، لە پێشەکیی زەندی ئاڤێستاکەیدا لەو پیاوەی کە ئۆگریەتی، - واتە (زەردەشت) ناو دەبات، ئەگەرچی خۆی کاسۆلیکێکی خاوەن باوەڕە و لە دینداریدا شتێکی کەمتر نییە لە خواناسە ئاکسفۆردییەکان. ئانکتیل پیاوی سەردەمی خۆی بوو، سەردەمێک کە تایبەتمەندییەکەی زانستی لائیتیسە بوو، هاوکات گەڕانەوە بوو بۆ ئامانجەکانی رێنسانی ئۆمانیسم، بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر و ئەنسکلۆپیدیای دیدرۆ، فەرهەنگی بیلە، لەوانەیە بڵێم گەورترین کتێبێک بوو لە نیوەی

سەدەی هەژدەیەمدا (چاپەکانی یەکەم ١٦٩٧، ١٧٠٢، ١٧١٥، ١٧٢٠) بڵاو بووەوە، بەرهەمێک کە خۆی بە باشترین شێوە دەرخەری روانینی نوێ (لەم سەردەمەدا) دێتە ئەژمار. بیلە کە مانەویەتی خستۆتە ژێر زەڕەبینی خۆیەوە، وشەی دەسکردی هایدی، واتە دوانەپەرەستی هێنایە نێو کولتووری فەرەنسا و

بە لاوازی بەڵگەی پێشکەش کراو لەلایەن هایدەوە سەبارەت بە یەکتاپەرەستی کە درابووە پاڵ زەردەشتییەکان، زانی، بەڵگەکەی شەهرستانی دەربارەی سەرتربوونی ئەهوورامەزد دەکرێ بەم شێوە بەیانی بکەین.

پەیڕەوانی زەردەشت بە حەزی خۆیان و دڵکراوەیی، ئایینێک دەدەنە پاڵ ریفۆرمخوازەکان، کە بە گوێرەی ئەوە ئەسڵی خراپە (شەڕ) دروستکراوی خوایە، ئەوان لەو کاتەوە کە تەسلیمی دەستووری موسڵمانەکان و دەوڵەتی پتەوی ئەوان بوون، پێبەند بوون بەم ئەسڵەوە، ئەو موسڵمانانەی کە بێزارن لەوان و ئەوان بە ئاگرپەرست و بتپەرست دەزانن، بەڵام زەردەشتییەکان لەوەی کە ئەوان لەلایەن موسڵمانەکانەوە بە نەفرەتلێکراو باس دەکرێن دووری دەگرن، «لبە فوشە»ش بە پەیڕەوی لە بیلە هێرشەکەی بۆ سەر هاید درێژ کردەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە پریدۆ «سەرۆکی نورۆیج» لە بریتانیا، بە باوەڕەوە ڕێگەکەی هایدی گرتە پێش، ئەو کەسەی کەلە «مێژووی یەهوودییەکان»ی خۆیدا (١٧٢٥ ـ ١٨) بەشێکی بۆ دینی ئێرانییەکان تەرخانکرد، تەواوی باسەکەی ئەو لەم بەشەدا ئەوە بوو، کە زەردەشت ـ کەلە سەردەمی داریووشی هەخامەنشیدا ژیاوە، لە دینی یەهوودەکاندا شوێن پێی هەیە، تا ئەو شوێنەی لەوانەیە ئەو

یەهوودییەکی خۆڕسک بووبێت، ئەوەش کە لەوانەیە» ئلیاس، عوزرا و دانیل پشتیوانی ئەو بوون، سەبارەت بە دینی ئێرانی بەرلە زەردەشتیش بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی نیشانەکانی ١، ٥ و ٧ لە عیسا ئاگادار دەبینەوە،» ئەوکات خودا بە کورشی ڕۆنماڵی وت: من خودام، و هیچکەس و هیچ شتێک بوونی نییە، هیچ خودایەک جگەلە من بوونی نییە، من ڕووناکی دروست دەکەم و تاریکی دەخولقێنم، داهێنەری خراپە و ئاسایشم، من خودا هەموو ئەو شتانە ئەنجام دەدەم، لەوێوە کە ئەم وشانە بە کوورش گوتراوە، لە ئاکامدا پریدۆ وەها بەڵگە دێنێتەوە، کە ئەم وشانە دەبێ ئامازە بە فێرکارییەکانی موغە ئێرانییەکان بکات، ئەو کەسانەی کە لەو باوەڕەدا بوون، نوور و تاریکی خێر و شەڕ، دوو دنیای سەربەخۆن و شتێک سەرتر لەم دوانە بە فەرمی ناناسن، گومانی تێدا نییە ئەم جۆرە ڕوانینییە زەردەشتی هێنایە سەر ئەو باوەڕە تاکوو ئەم ئەسڵە حەتمی و ناباوەی کە زاڵە بەسەر ئیلاهیاتی موغەکاندا، چاک بکات. پریدۆ لە بەڵگاندنی خۆیدا بە ئاشکرا لەگەڵ «دەهربلو و هاید» دایە، جیالەمە هاوکات کەلە نووسینەکانی «لبە فوشە» ئاگادار دەبین، ناملیکەکەی ئەو بۆ هەموان ناسراو بووە، بۆ نموونە ئانکتیل دوپرون لە کتێبەکەیدا ( ١٧٢٨) دەگێڕێتەوە: دەتوانین پریدۆ بە پردی نێوان هاید و ئانکتیل بزانین، شان بە

شانی بەرەی «هاید - پریدۆ - ئانکتیل» دەتوانین بەرەیەکیتر بدۆزینەوە، ئەو بەرەیەی کە بیلە لە رێگەی» ئاندرۆمیخائییل رامسی» بە ڤۆڵترەوە دەبەستێتەوە، ئەم سکۆتلەندییە گێچەڵە، (کە بۆ ماوەیەک راهێنراوی فنلون بوو، لە١٧٢٩دا چووە ئۆکسفۆرد و لە خزمەت بڵاوکراوەی فەراماسۆنری لە رۆژئاوادا جێگیر بوو)، لە کتێبەکەی خۆیدا لەژێر ناوی سفرەکانی کوورش - کە لاسایی کردنەوەیەکە لە بەرهەمەکەی فنلون (واتە تلمک) بڵاوکراوەی ١٧٢٠ بوو، لە زەردەشت وەکوو بڵندگۆیەک بۆ جۆرێک سپینۆزاگەرایی چاککراو - بەدەست نیۆتۆن - کەڵکی وەرگرت ئەگەر چی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە تێکستە روونەکان بەوەی کە ئەو لە پێوەندیی لەگەڵ دیندا - نیسبەتی داوە - مۆرکی ئەرێنی دەدەن، وادەزانن کە موغەکان و رێبەرەکانیان لە کاتی باوەڕبوون بە یەکیەتیی دنیا ئیرادە و ویستی خودایان لەبەرچاو گرتووە، دنیای مادیی شوێن یاسای کۆێر ناکەوێت، ئەم دنیا جەستەی ئەهوورایە، کە رۆحی ئەو راستییە، نەیاری سەرسەختی هاید، لبە فوشە بوو، ئەو لێکۆڵەرە پڕکارەی کەلە بیرەوەریی ئەکادمیکی خۆیدا چەند ژمارەیەک لە وتارەکانی بە چاپ گەیاند. لەم ژمارە پێنجی نامیلکەکەدا پێش ئەوەی ئانکتیل هەواڵی پێوەندیدار بە دۆزینەوەی ئاڤێستا لە هیندەوە بنێرێت، بڵاو بووەوە، لە یەکەمین وتارەکەیدا هاید

بەهۆی پەلە کردن لە خستنە ژێر پرسیاری دروستی شایەتی و قسەی پێشینیان سەرزەنشی کردن، ئەوانەش کە ئێرانییە کۆنە ئاور پەرەستەکان و دوالیزمەکان پێناسەیان کردبوو ـ تۆماتباری کردن. ئەو لە دواییدا دەڵێ: من دەتوانم لە خزمەت بە دین و دیانەتدا فانتازییەکانم سەرتر لەم زانا ئینگلیزییە بەرچاو بخەم، بۆ نموونە سەبارەت بە ئێرانییەکان دەتوانم نیشانی بدەم خەڵکانێک لەگەڵ مەحرووم بوون لە نووری وەحی، ئەونە رووناکبیر بوون، تاکوو لە سروشت پەرەستی، لە تەواوی رەهەندکانیدا دووری بگرن، بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی گرنگ، دینی خوداشیان بەردەوام بێ رێز دەکرد، بابەتی دووەم باس لە دوانەپەرەستیی ئێرانی کۆن دەکات، مەبەست لە وتارەکانی ساڵی ١٧٥٥ دۆزینەوەی رێگەچارە بوو، لە نێوان بەڵگە و دیکیۆمێنتی کۆن و سەرچاوە نوێکانی رۆژهەڵات دەربارەی زەردەشت و بەرگری لە تیۆرە کۆنەکان لە نوسراوەکانی «پلنی»دا، ئەو تیۆرەی کە هەندێک لە تۆێژەرە نوێکان قبووڵیان کرد و ئەو تیۆرەش باوەڕی بە بوونی دوو زەردەشت هەبوو، توێژەران بە حەزێکی زۆرەوە بوونی چەند زەردەشتێک قبووڵ دەکەن، ئەو شتەی کە بۆخۆی رێگەچارەیەکی ئاسانە بۆ وەها کێشەیەک، بەڵام خاڵی سەرەکی دۆزینەوەی ئەم زەردەشتە جۆراوجۆرانە بوو لە مێژوودا و هاوکات دیاریکردنی سەردەمی ئەوان و ئاماژە

بەو پاشایانەی کە ئەم زەردەشتانە لە سەردەمی خۆیاندا ژیاون، جیالەمە «فوشە» هەوڵی دا تاکوو بۆ ئەم پرسیارانە وەڵامگەلێک بدۆزێتەوە، وتنی ئەم خاڵە دەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە لای ئەو، ئەمە زەردەشتی دووەم بوو کە زەروانی بەناوبانگ کرد و بۆ خۆیشی بوو بە مامۆستای فیساغوورس، بڵابوونەوەی ئاڤێستای «ئانکتیل» لە ساڵی ١٧٧١ کەڵکەڵەی «فوشە»ی کەم نەکردەوە و نەبووە هۆی گەڕاندنەوەی ئەو لەو شێوە بەڵگاندنەی گرتبووی پێش، فوشە لە وتارەکەی ساڵی ١٧٧٧ یدا لەژێر ناو»تەواوکردنێک لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی سەبارەت بە ئایینە ئێرانییەکان، زانی بە دژایەتیی نێوان زەروانیسمی «تیۆدۆرموپسوستیا» و دوانەپەرەستی ئاڤێستا و بندهش، ئەو شوێنانەی کە لەڕاستیدا ناتوانین نیشانەگەلێک لە خودای پایەبەرز ببینین، بەڵام هەر بەو جورەی کە دواتر دەبینین، ئانکتیل و دوپرونیش، لەگەڵ ئەم کێشەدا رووبەڕرو بوونەوە. تەنانەت بەرلەوەی کە ئانکتیل بڕواتە نێو هیندەوە، کەسایەتییێکی گەورەی وەکوو «ڤۆڵتێر» هاتبووە نێو بواری ئایدیۆلۆژیکی ئەم جەنگەوە، ئەو لە وتارەکەی ساڵی ١٧٥٦دا لەژ ێرناو «وتارێک سەبارەت بە ئاکار» وەکوو فووشە و ئەوانیتر بوونی زەردەشتی دووەم قەبووڵ دەکات، بەڵام هۆکاری سەرەکیی هۆگری ڤۆڵتێر بە هەر یەک لەم زەردەشتانەوە،

ئـەوە بـوو، کەرەسـتەیەکی شـەڕکردنی دژ بـە مەسـیحیەت بەدەسـت ئـەوەوە دەدا، مووسـا پەیغەمبەرێکـی تۆکمـە نەبـوو، دەکـرێ لەنێـو ئایینـە نامەسیحییەکانیشـدا هەقیقـەت بدۆزینـەوە، «ئنجیلـی راڤەیـی هـوت» کـە پێرِسـتێکی ورد لـە لێکچوونەکانـی نێـوان مەسـیحیەت و کافرکێشـی بەرچـاو دەخـات، لەگـەڵ پێشـهاتەکانی «بوسـویت» جـۆر دەرنەهـات و دەرەنجامەکەشـی پێچەوانـە بـوو، هـاوکات لـە خەبـات بـە دژی پاوانخوازیـی کڵێسـە و بەرگـری لـە «دینـی» سروشـتی نامـراد بـوو. رۆشـتنی ئانکتیـل بـەرەو هینـد، لەنێـو بیرمەندەکانـدا ئومێـدی تـازەی چانـد، «ریمـون شـوئاب» لـە بەرهەمەکەیـدا لەژێـر نـاوی ژیانـی ئانکتیـل دوپـرۆن (پاریـس، ١٩٣٤) بـە شـێوازێکی زیرەکانـە ئـەم باسـەی وروژانـد، جیالەمـە مـن لـەم بـارەوە قسـەکانم کۆتـا دەکەمـەوە، ئانکتیـل لـەو نامانـەدا کـە لـە هینـدەوە ناردنـی و لـە گەڕانەوەیـدا لـەم وڵاتـە ـ لـە باسـکردنی هەرچەشـنە بابەتێـک ـ کـە بکـرێ بـەدژی مەسـیحییەت کەڵکـی لێـوەر بگیردرێـت ـ خـۆی دەپارێـزێ، شـتێک کـە هێورهێـور ئـارەزووی ئـەو کەسـانەی ـ کـە بـە دژایەتیکـردن دڵیـان خـۆش بـوو ـ کەوتـە سـەر ئـاو، ڤۆڵتێـر، گریـم و دیـدرۆ، بـە ئاشـکرا هیوایـان لەدەسـت دا، ڤۆلتێـر بـە نووسـینی وتارێـک دەربـارەی زەردەشـت، لـە کولتـووری فەلسـەفیدا لەسـەر کەسـایەتی و زیرەکیـی ئانکتیـل، هەروەهـا لەسـەر توانایـی «هایـد»، جەختـی کـردەوە، ئـەو بـە

نووسـینی رسـتەگەلی گوسـتاخانە دەربـارەی تایبەتمەتمەندیگەلـی ناخـۆش ـ کـە لکێنـدراوە بـە زەردەشـتەوە ـ ئـەم نائومێـدی و سـەرگەردانییەی قەرەبـوو کردەوە، رسـتەگەلێک ئەوەنـدە بەناوبانگە، ئیدی پێویست بـە گێڕانـەوە نـاکات، لەگـەڵ ئەمەشدا ئـەو دەڵـێ: ئێمـە سـەبارەت بـە زەردەشـت زۆر قسـەمان کـردووە، هـاوکات لـە داهاتووشـدا قسـە دەکەیـن، نامـەوێ قسـەکانم دەربـارەی هێرشـی وڵاتانیتـر بـۆ سـەر ئانکتیـل درێـژ بکەمـەوە، بێگومـان بریتانیـا لـەوەی کـە دەیبینـی «هایـد» دەسـەڵاتی لـە بـواری خوێندنـەوەی ئێرانناسـیدا لەدەسـت دەدا، زۆر نیگـەران بـوو، دوایەمیـن خەبـات بـۆ جێگیرکردنـی رەسـەنایەتی ئاڤێسـتا سـی سـاڵی خایانـد.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە بڕیـار بـوو روانگـەی ڤۆڵتێـر و دیـدرۆ، بـۆ «گوتـە» لـە نامـەی پارسـیدا بـۆ بایـرۆن لـە «چایلـد هارۆڵـد» و هـاوکات بـۆ ڤۆردڤـۆرس لـە نامیلکـەی سـەفەرنامەکەیدا نەگـۆڕدرا، دینـی ئێرانـی وەکـوو سەرچەشـنێک لـە ئایینێکـی سروشـتی ـ لۆژیکـی، کەوتـە بەربـاس، ئـەو ئایینـەی کـە دواتـر لەلایـەن مۆبـدە بیرتەسـکەکانەوە بەلاڕێـدا چـوو، وەکـوو رێکـەوت «شـلی» یـش لـە وتـارە بـە ناوبانگەکەیـدا سـەبارەت بـە زەوییـەکان لـە «پرمتـۆس بـێ کەنـار»دا پەراوێزێکـی کامڵـی نووسـی،

بابل گردێک بوو لە خاک / زەردەشتی موغ،

منداڵــی مــردووی مــن / ڕەســمەکەی لــە کاتــی گــەڕان لەنــاو باخچەکــەدا بینــی

ئەو مرۆڤێکی رووتی بینی،

ئەو جۆرەی کە دوو جیهانی مەرگ و ژیان بوونی هەیە،

یەکیان ئەوەیە تۆ دەیبینی، بەڵام ئەویتر لەژێر خاک دایە،

ئــەو جێگــەی کــە ســێبەری تــەواوی بیچمــەکان لەوێــن، ئەندێشــە دەکــەن و دەژیــن

تاکوو ئــەوەی مــەرگ ئــەوان پێکــەوە گرێ دەدات بۆ ئــەوەی لــە یەکتــر جیــا نەبنــەوە»

هەوڵدانــم بــۆ دۆزینــەوەی ســەرچاوەیەکی تایبــەت بــۆ بڕگەیەکــی تایبــەت، بێهــوودە بــووە ئەگــەر هەڵــەم نەکردبــێ دەبــێ بڵێــم ئــەم بڕگــە وەکــوو داهێنانــی خــودی «شــلی» بەرچــاو دەکــەوێ کــە راپۆرتێــک لــە کردەوەکانــی زەردەشــتی لەگــەڵ راپۆرتێــک لــە رووبەڕبوونــەوەی رەوان دوای مەرگــی خــاوەن بــاوەڕ لەگــەڵ دینــدا، تێکــەڵ کردبێت،»شــلی» زەردەشــتێکی نوێــی دروســت کــرد، ئەویــش بــەو مەبەســتەی ئــەوەی کــە لــە پەیامەکــەی زەردەشــتدا شــتێکی ســەرەکی دانــراوە ـ واتــە جەزبــە و لێکچوونــی شــاردراوەی نێــوان دنیــای متافیزیــک و دنیــای شــهوود ـ خســتە بەرچــاو، جیالەمــە «شــلی» رێوڕەســمی «رامســی» گرتەبــەر و لــە بەرهەمــە بوێرەکــەی «نیچــە»ش «وەهــای گــوت زەردەشــت» پێشــکەوت،

لەلایەکیترەوە، لەژێر تیشکی ئنسکلۆپیدیادا بوو بە لایەنگرێکی زیندوو کە مەبەست لێی دۆزینەوەی ریشەیەکی ئێرانی بوو بۆ مەسحیەت، یان ئەوەی کە «اچ.اچ. شدر» دەنووسێت: بە ناسینی ئاڤێستا هەوڵدان بۆ گەڕان و پشکنین بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە شاردراوەکانی مەسیحیەتی یەکەم لە دینی ئێرانیدا دەستی پێکرد، پێش ئەو «لسینگ» لە خەبات بە دژی وەها کەڵکەڵەیەک بە ئاکام نەگەیشتبوو، هاوکات «هیردر» لە بەرانبەریدا کۆڵیدا، ئەو کەڵکەڵەیەی تاکوو سەردەمی ئێمەش خەریکە قوربانییە ئاساییەکانی دەگرێت، بە گەڕینەوە بۆ لای «ئانکتیل دوپرون» سەرنجڕاکیشترین خاڵێک لەم بوارەدا ئەو پێگە بەرزەیە کە «ئانکتیل دوپرون» بە ئەسڵی یەکەم لەم سیستەمەدا واتە «زەروان»ی بەخشیوە، راپۆرتەکەی ئەو دەربارەی «یاسای کەلامی پارسییەکان» کە لە ١٧٦٧دا خوێندرایەوە بۆ فەرهەنگستان - سەرەتا باس لە زەروان و دواتریش لە ئەهوورا و ئەهریمەن دەکات، ئەویش وەکوو هاید، ناچاربوو باس لە «بوونەوەرێکی سەرتر « بکات، کە سێبەرێکی رۆشن زیاتر نەبوو، لەم رووەوە لە زەند - ئاڤێستاکەیدا - کە پێنج ساڵ دواتر بڵاو بووەوە، هەوڵی دا بۆ دیارکردنی ئەو شتەی کە بۆتە هۆی لە بیرچوونەوەی خودا، لێرەدا حەرەکەوت بەرەو شتە نەسەلمێنراوەکان و چوون بەرەو ئەو شتەی کە من لە سەرەتای باسەکەوە وورووژاندم،

لـه لایەکیتـرەوە «دوپـرون» درێـژەی پێـدەدا، ئـەو خەڵکـەی کـە هەسـتیان دەکـرد لەژێـر کارتێکەریـی خـودای فەرمانکـەر بـە چاکـە و خراپـە دان، دەیانتوانـی خۆیـان بسـپێرن بـە دەسـتی چارەنـووس، (نیشـانەیەکی زویرانـە کـە لەلایـەن مەسـیحییەکەوە دەبینـرێ).

لەڕاسـتیدا، لـە ئێسـتا بـەدواوە ئـەم تیـۆرەی کـە زەردەشـت و بەربژێـرە زەردەشـتییەکان یەکتاپەرەسـتانی زەروانـی بـوون، بەهـۆی رەخنـە و مەنهەجـی بوونـی ئانکتیـل بـە ئاشـکرا لەلایـەن زۆربـەی نووسـەرانەوە قبـووڵ دەکرێـت، ویڵسـن لـە سـاڵی ١٨٣٠دا بـە گریمانـەی « گیبـون، لـۆرد ووهاوسـلی،مێژووی ئێـران، سـەرجان ملکـم سـرگراوس هاوفتـون، ئانفیلـد، کـروزر و اسـتور» خەریـک بـوو تەنیـا لەگـەڵ «ابـە فوشـە و ئرسـکین»دا دژایەتـی دەکـرد، ویڵسـۆن بۆخـۆی لایەنـی زۆرینـەی گـرت و هـەر ئـەو هەڵوێستەشـی دەتوانـێ ململانێـی دووڕوانـەی ئـەو بـە دژی پارسـەکان پاسـاو بـدات، وادیـارە ویڵسـۆن لـە لایەکیتـرەوە توانیویەتـی پارسـییەکان بـە دوانەپەرەسـتی تاوانبـار بـکات و بـە گوێـرەی شـێوەی کۆنـی داهێنەرانـی نوێـی ناوەڕاسـت، پیشـان بـدات کـە خـودای ئـەوان (ئەهوورامـەزد) خـودای راسـتەقینە نەبـووە، چونکـە دەسـەڵاتی ئـەو بەهـۆی هێزێکـی سـەربەخۆی شـەڕ (ئەهریمـەن) سـنووردار بـووە، بـەڵام بـە جێگـەی ئـەم بەڵگاندنـە ئـەو بـەم شـێوە بەڵگـە دێنێتـەوە کـە «خـودای ئێـوە ( ئەهوورامـەزدا) ناتوانـێ ئـەو خـودا راسـتەقینە

بێت کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن، بۆچی چونکە بەرزتر لەو خودایەکیتر هەیە بەنێوی زەروان، جیالەمە، ویلسۆن لە تەواوی بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان کە پێوەندییان بە زەروانەوە هەیە، - کە دەکرا لە سەرچاوە یۆنانی و ئەرمەنییەکان و نووسەرانی عەرەب (بە گێڕانەوەی هاید) و لە سەرچاوە ئێرانییەکان (بە گێڕانەوە لە کتێبی ئانکتیل) وەربگیرێت، بە دژی ئەهوورامەزدا کەڵک وەربگرین، دواتر ئەو بە وەلانانی ئەهوورامەزدا بە قازانجی زەروان - ئەڵبەت ئەگەر بتوانین وەها بڵێین - لە درێژەدا بەدیار دەخات کە زەروانیش ناتوانێ خودای راستەقینە بێت، ئەو وەها بەڵگە دێنێتەوە، ئەگەر لە راستیدا زەروان خودای سەرتر و کامڵ بێت، کەوابوو قسەکردن دەربارەی ئەو وەکوو زەمەنی رووت، یان چارەنووس، یان قەدەر و جاودانەگی و یان نسبت دانی بەرهەمە دروستکراوە گرنگەکان بە یەکێک لە دروستکراوەکانی و جیاکردنەوەی لە تەواوی کارەکان جگە پاڕانەوەیەکی جارناجار، خۆی دەرخەری بێ دینییەکی تەواوە، خودایەک کە بەتاڵە لە هەرچەشنە تایبەتمەندییەکی خودایی، (لە ئافراندنی خوایی و چارەنووسی شتەکاندا دەستێوەردانی نەبووبێت و لە توێژینەوە و تێڕامان و بەزەیی و پاڕانەوە و هاوکات لە خزمەت بە مرۆڤەکاندا) بە خودای سەرتر نازانرێ، ئەمە بەرهەمی خەیاڵی چەوتی مرۆڤە و هەر بیرێکی راست،

دەبێ بەدژی ئەمە راپەڕێت.

جیالەمە جیا لە راگەیەنەرێکی زمانباز – بەو جۆرەی کەلە لاپەڕەی ١٤٢ لە کتێبی «دینی پارسی» ئەودا (بمبئی ١٨٤٣) هاتووە، وا بزانم باشتر وابێت بمانخستایەتە روو چۆن چرنی ئەو دوای قبوڵکردنی زەروان لە بەرانبەر ئەهریمەندا، ئەهریمەن و ئەهوورامەزدای بە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زەرواندا راکێشا، لەڕاستیدا پارسەکان چۆن دەبوو لە دژی ئەم هێرشکردنە دولایەنە هەڵوێستیان دەگرت، بەتەواوی ئەمانەوە ئەوان بە ئاشکرا زەروانیسمیان وەکوو داهێنانێکی خراپ قبووڵ کردووە، دەبوو سەردەمێک تێدەپەڕی تاکوو ئەم کۆمەڵە بتوانن لە ململانێ و باسەکانی زەروانییەکان رزگاریان ببێت، لەڕاستیدا تەنیا بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بوو (زەروان یان نهێنییەکانی زەردەشتگەرێتی)ی (ئۆکسفۆرد ١٩٥٥) بوو کە پێوەندیی لە نێوان زەروانیزم و مەزداپەرەستیدا شێوەیەکی رەزایەتبەخشی بە خۆوە گرت، ئێستا دەتوانین ئەوە بزانین کە مەزداپەرەستی دینی فەرمیی زۆربەی هەر زۆری فەرمانڕوا ساسانییەکان بووە، بەڵام زەروانیزم ـ کەلە نیوەی دووەمی سەردەمی هەخامەنشییەکانەوە پەرەی سەند، لەڕاستیدا ئایینی جەماوەری خەڵک بوو، کە پڕوپاگەندەی مەزدییەکان زیانی پێ نەگەیەنێ، بۆ نموونە

مەغووسـییەکان، واتـە موغـە ڕۆژئاواییـەکان ـ کـە لـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئیمپراتۆریـی ساسـانی دەژیـان، زەروانـی مەزهـەب بـوون، هـەر وەکـوو چـۆن خەڵکانێکیـش هەبـوون کـە « مانـی» دینەکـەی خـۆی پـێ نوانـدن.

باسـکردن سـەبارەت بـە کەموکورتیـی یان تاوانی دوانەپەرەسـتی، دادەنێـم بـۆ بەشـەکانیتر، ئێسـتا دوایەمیـن گێڕانـەوە کـەی وێلسـون بـاس دەکەیـن، گێڕانەوەیـەک کـە دەتوانـێ بۆچوونـی حاکـم لـە سـەردەمی ئـەم ڕاگەیەنـەرە مەسـیحیدا بەرچـاو بخـات، ئایینـی زەنـد، کـە لـە سـەردەمی ئەشـکانییەکان و جێگرەکانیـان واتـە ساسـانییەکان ـ لـە تەنگـەژەی دوانەپەرەسـتی و ڕێوڕەسـمی عیبادیـدا گرفتـار ببـوو، ئێسـتا دەیویسـت تاکـوو مەبەسـتی کۆنـە زینـدوو بکاتـەوە، ئەنجومەنـی موغـەکان بـە زانیاریـی ئەسـڵی یەکـەم (زەروانـی بیـچ سـنوور) باوەڕیـان هەبـوو و هـاوکات دوانەپـەرەستی و پەیڕەوەکانیـان (مەغوسـییەکانیان) نەفریـن دەکـرد، لەوانـە ئـەم پۆلێنبەندییـەی نێـوان بـاوەڕداران بـە پارسـیگەریی بـوو، کـە بـۆ یەکـەم جـار بیـری یەکێتیـی مەسـیحییەکانی لەگـەڵ سیسـتەمی وەلانـراوی مەغوسـییەکانی وەبیـر «مانـس» هێنایـەوە، ئـەم بۆچوونـە لەڕاسـتیدا پێچەوانـەی ئـەو ڕوانگەیـە کـە لێکۆڵینـەوەی نوێـی ئێمـە بـە دیـاری دەخـات.

بــه بڵاوبوونــەوەی کتێبەکــەی «بورنــوف» لەژێــر نــاو «شــیکردنەوەی یەســنا» ـ کــە هــاوکات بــوو لەگــەڵ کتێبەکــەی ویڵسـۆندا ـ لێکدانـەوەی ئێمـە لـەوەی کـە دەتوانیـن بـە «کورتـە مێـژووی خوێندنـەوەی ئێرانـی «نـاو ببەین، ئێسـتا تـەواو دەبێت، لە راسـتیدا ئاڤێسـتا وەکـوو کتێبـی پاڵەوی، وەکوو باشـترین سـەرچاوە لـە بەردەسـتدا بـوو، ئەگەرچـی ئـەم دوو سـەرچاوە وەکـوو تەنیـا بنەمـای بـاش بـۆ لێکدانـەوەی پارسـیگەریی بـە ئەژمـار نەدەهاتـن، لـە ئەنجامـدا تـەواوی لێکۆڵینـەوە و گـەڕان و پشـکنینە کۆنـەکان بـە یەکجاریـی کـۆن بـوون. لەگـەڵ ئـەوەدا دۆزینەوەیەکـی گـەورە کـە بـۆ لێکدانـەوەی ئاڤێسـتا و پاڵەویـی ـ هەروەهـا پێوەندیـی زمانـە ئێرانییـەکان لەگـەڵ سانسـکرێتدا و (زمانـە هینـد و ئورووپیـەکان) کلیلێکمـان دەخاتـە بـەر دەسـت، کـە بـۆ خـۆی پـڕ بوو لـە ئیمکاناتی نـوێ بـۆ لێکدانـەوەی هەقیقەتـی دینـە ئێرانییـەکان.

# بەشی دووەم

# بۆچوونی هیند و ئێرانی

بوپ، یەکەمین تۆێژەرێک بوو گرنگیی دا بە پێوەندیی نێوان «دئیوە»ی ئاڤێستایی و «دئوە»ی سانسکریت، ئەهورەی ئاڤێستایی و ئەسورەی سانسکریت، وێناکردنی ئاخێزگەی هاوبەشی شارستانییەتی ئێران و هیند، سەرنجڕاکێش بوو، ئەگەر تیۆرە تازە پێگەیشتووەکان لە بەرهەمەکانی «جی. گ. رود، و کروزر»دا دەربارەی سەرچاوەی کولتووری ئێرانی دەسەلمێنرا، بەڵام یەکەمین لێکۆڵەرێک کە زانیاریی راستەوخۆی لە دەقە رەسەن و دەستنووسەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە هۆگرییەوە بە لێکدانەوەی مێژوویی تێکەڵ کرد، مارتین هاوگ بوو، ئەو بە دەرهێنانی گاتاکان لە پێکهاتەی ئاڤێستا، وەکوو تەنیا بەرهەمێک کە بکرێ بدرێتە پاڵ زەردەشتەوە، ئەم سرووتانەی بە شێوەی بنیادێک بۆ لێکدانەوەی نوێ دەربارەی ئامۆژیارییەکانی زەردەشت دەرهێنا، ئەم رۆژهەڵاتناسە لە نێوان یەکتاپەرستیی پەیغەمبەر و بۆچوونەکانی دوانەپەرەستی کەلە ئاڤێستای دواییدا رەنگی داوەتەوە، وەکوو وندیداد، هەروەها لە نێوان خواناسیی یەکتاپەرەستانە و فەلسەفەی تیۆریک و دوانەپەرەستیی ئەودا باوەڕی بە جیاوازیی هەیە، ئەم جیاوازییە ئەو دەسەڵاتەی بەخشی بە «هاوگ» تاکوو نامۆیی جیاوازی شەڕ لەگەڵ خواناسی زەردەشتدا بسەلمێنێت، مانەوییەتێک کەلە بواری دەسەڵاتەوە هاوشان بوو لەگەڵ ئەهوورامەزدا و بەردەوام لە شەڕ و پێکدادان بوو لەگەڵیدا.

ئـەو سـەبارەت بـەم دوو مانەوییەتـە داهێنـەرە وەهـا دەنووسـێت: ئـەم دوو مانەوییەتـە دوو بەشـن لـە بوونـی خـودا، بـەڵام بەهـۆی تێپەڕینـی کات وانەکانـی بنیاتنـەری مـەزن تووشـی لادان و گۆڕیـن بـوو، بەهـۆی خـراپ تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی هەڵـە و»سـپینتە مینیـوش» وەکـوو ناوێـک بـۆ خـودی ئەهوورامـەزدا بـەکار دەبـرا و ئەڵبەتـە « ئەنگرەمینیـوش» بـە جیابوونـەوەی تـەواو لـە ئەهوورامـەزدا وەکـوو رکابـەری هەمیشـەیی ئەهوورامـەزدا بەرچـاو کـەوت، جیالەمـە دوانەگەرێتـی خـودا ـ شـەیتان سـەریهەڵدا، هـەرکام لـەم دوو مانەوییەتـە، بـوون بـە فەرمانڕەوایەکـی سـەربەخۆ کـە لەپێنـاو فەوتـان و لەنێوبردنـی ئەویتـر هەوڵـی دەدا، جیالەمـە هەردووکیـان هاتنـە نێـو گۆڕەپانـی شـەڕێکی بـەردەوام، ئـەم دوانەگەرێتیـە لـە «فرگـردی یەکەمـی» وندیـداد بـە باشـی بەرچـاو دەکەوێـت، ئەمـەش لـە کاتێکـدا بـوو کـە ئایینـی کوفـری کۆنـی ئارياییـەکان جارێکیتـر خـۆی لـە «یەشت»ـەکاندا دەرخسـت، ئـەم دوانـە پەرەسـتییە بـە نـۆرەی خـۆی هەڵوێسـتێکی لـە چوارچێـوەی تاقانـە پەرەسـتییەکی نوێـدا واتـە «زەروانیـزم»ی بـەدواوە بـوو، باوەڕێـک کـە لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا بـاو بـوو.

ئـەم بۆچوونـە کەلـە سـاڵی ١٨٦١ لـە وتارێکـدا لـە «پوونـە» پێشـکەش کـرا، نەتەنیـا لەلایـەن پارسـییەکانەوە بـە تاسـەوە

وەرگیـرا، ـ چونکـە وا بەرچـاو دەکـەوت لەسـەر تاقانەپەرەسـتیی ڕەسـەنی ئـەوان لـە بەرانبـەر تۆمەتبارکردنـی ویلّسـندا مۆرکـی دروسـت لێـدەدا، ـ بەڵکـوو لـە ڕۆژئـاوادا وەکـوو تیۆرێکـی تایبـەت دەرهـات و لەگـەڵ ئەوەشـدا هەنـدێ دژایەتـی هەبـوون نزیـک بـە حەفتـاو پێنـج سـاڵ بـەو شـێوازە مایـەوە، لەڕاسـتیدا هەڵوێسـتی «لـە همـەن و شـدر» لایەنگریـی ئـەم تیـۆرە بـوو، ئـەم بۆچوونـەش خـاوەن چەنـد خاڵێکـی گونـگ و پرسـیار ورووژێـن بـوو، بەتایبـەت سـەبارەت بـە زەینییەتـی زەردەشـت دەربـارەی پێوەندیـی ئەهوورامـەزد و دومینیـۆی چاکـە و خراپـە، بـەڵام لانیکـەم ڕۆحـی زوروانـی بەسـەریدا دەسـەڵاتی هەبـوو، سـەرتر لەمـەش بەشـە جیاوازەکانـی ئاڤێسـتا ـ واتـە گاتـاکان، یەسـنای حـەوت هـات، یەشـتەکانی وندیـداد ـ لـە ڕوانگەیەکـی زەمەنییـەوە ڕێـک دەخـرا.
زاراوەناسـیی ئێرانـی بەتـەواوی لەسـەر پێـی خـۆی وەسـتابوو، لـەم لێکدانـەوە کورتـەدا زۆر دژوارە تاکـوو ئامـاژە بـەو وتار و نووسـراوانە بکەیـن کـە لەمەبـەدوا بـۆ ڕوونکردنـەوەی لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی زەردەشـتگەرێتی نووسـراون، بـەڵام ئێمـە تەنیـا دەمانـەوێ نیشـانی بدەیـن، (بـەڵام لەبیرمـان بێـت) کـە چـۆن لێکۆڵـەران، کەوتنـە دوای بۆچوونگەلێکـی جیـاواز، کـە کاریگەریـی هەیـە لەسـەر لێکدانەوەکانیـان لـە ڕاسـتییەکان، جیالەمـە و پێـش ئـەوەی پەلـە بکەیـن بـۆ ئـەم کارە، دەبـێ بـە کورتـی ئاماژەیـەک بکەیـن بـە سـێ

کتێب، ئەو کتێبەی کە هەرکامەیان لە ئاست خۆیەوە دەرخەری هەڵوێستێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بوو لە بەرانبەر زەردەشتدا.

پەیغەمبەری ئێرانی لە ڕۆژئاوادا هیچکات سیمایەکی خۆشناو نەبووە، شتێکی روونە تەنیا کتێبێک کە زەردەشتی بە ناو راستەقینەی خۆیەوە خوێندبێتەوە، «وەهای گوت زەردەشت»ی نیچەیە (٧ ـ ١٨٨٥) بەرهەمێک کە سیمایەکی پێچەوانەی واقیع، لە زەردەشت دەخاتەڕوو، بە دیارخستنی وەها سیمایەک لەلایەن نیچەوە شتێکی بەتەواوەتی ئەنقەست بوو، کەسێک کە زەردەشتی بەڕاستی دەناسی، بەڵام نیچە دەیەویست لە زەردەشت وەکوو تریبۆنێک بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی خۆی کەڵک وەربگرێت، جیالەمە، جەماوەری خەڵک بە وەها جیاوازییەکیان نەدەزانی و تەنزی گەورەی نیچە لە سێبەری رۆشندا مایەوە. پێلێنانی نائومێدانەی نیچە لەم بارەوە لە «ئەوەش مرۆڤ» وەها دەخوێنینەوە، ئەو سکاڵا دەکات پرسیاریان لێ نەکردووم، دەبێ ئەو پرسیارەیان لێ بکردمایە کە ناوی زەردەشتی لە زمانی مندا چە مانایەکی هەیە؟ واتە لە زمانی یەکەمین مرۆڤەوە کە خاوەنی ئاکار نییە، چونکە ئەو شتەی کە بێوێنەیی لە رادەبەدەری ئەم ئێرانییە لە مێژوودا دروست دەکات، لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەوەیە، زەردەشت یەکەم کەسێک بوو کەلە شەڕی

نێوان خێر و شەڕدا دەزگای واقیعی لە ڕەوتی کارەکاندا بینی و پێی ئەخلاق و ئاکاری وەکوو دەسەڵات، سەرەتا و مەبەست، بەرەو گۆڕەپانی میتافیزیک راکێشا، وەها بوو کاری نیچە، هەرچۆنێک بێ، زەردەشت وەکوو بەشێک لە هەوڵدانێک بۆ رەهایی مرۆڤی ئەمرۆ لە مەسیحیەتدا باس کراوە، ئەم هەوڵە شاردراوەیە لە سوننەتی ڤۆڵتێردا بوو کتێبەکەی ساموئیل لینگ لەژێر ناوی «زەردەشتێکی نوێ» (١٨٨٧) ئەگەرچی لە ئاست کتێبێکی جەماوەر پەسندا بوو، بەڵام ئەم سوننەتە باشتر بەرچاو دەخات، زەردەشتیگەریی لەوێدا ئاراستەیە بە هەندێ پاگژێتی ـ وەکوو ئاوەزگەرێتی، ساکاری، نزیکی لەگەڵ سروشتدا، ژیان و بەختەوەرییە، وا گومان دەبەن کە مەسیحیەت خاوەنی ئەم ئاکارانە نەبێت، لە هەمووی سەرتر زەردەشت بەهۆی دۆزینەوەی رێگەچارەی دوانەپەرستی خۆی دەربارەی مەسەلەی شەڕجێگەی رێز و بایەخە، رێگەچارەیەک کەلە روانگەی منەوە لەگەڵ یاسای فیزیکدا دەگونجێ، لە رەخنەگرتن لە کتێبەکەی لە بڵاڤۆکی «هەواڵی لەندەن بە شێوەی فەرمی» وەها دەخوێنینەوە: ساموئیل لینگ نە ئایدیالیستێکی فانتازییە و نە بیرتەسکێکی کۆنیش، ئەو وەکوو دەسەڵاتدارێکی خاوەن ئەزمون کەسێکە لە چل ساڵی رابردوودا و دوای وەرگرتنی پلەی بەرزی ماتماتیک لە «کەمبریج»دا لە لێژنەی بەڕێوەبەرایەتیی بازرگانی دەوڵەتیدا

دامەزرا و هاوكات كورسیی نوێنەری مەجلسیشی هەبوو، «لینگ» یان وەكوو وەزیری ماڵیەی هیند، یان سەرۆكی كۆمپانیای هێڵی ئاسنیی بریتانیا، ئەركی خۆی بەجێ هێناوە ئەو لە هیندا توانیویەتی لەگەڵ پارسیگەرێتیدا ئاشنا ببێت، لینگ زانستی خۆی لە پارسیگەریی لەگەڵ فەلسەفەی هربرت ئسپنسرو توماس هاكسلی، سەرتر لە هەموان، لەگەڵ ئەمرسۆندا ـ كە وتارەكەی ئەمرسۆن لەژێر ناوی «هاوسەنگی یان دوانەیی» وەكوو خاڵی دەست پێكردن كەڵكی لێوەرگرت، ـ تێكەڵ كردووە، كتێبەكەی ئەو كە لە ریزی ئەو كتێبانە دایە كە باس لە زانستی نوێ و فكری سەردەم دەكەن، بە هەمان كەش و هەوای تایبەتی سەدەی نۆزدەیەم، ئەم رۆژانە لەو نووسینانەی كە دەبێتە هۆی سەرقاڵی، بڕیار بوو بۆچوونی پۆزەتیڤیستیانە لەم بەرهەم و لە كتێبێكی نوێتردا بە نووسینی جوگرافیازانێكی ئەمریكی بەناوی «ای هانتینگتون» بە دوایەمین پلەی خۆی بگات، كتێبێك كە وەكوو نووسینەكانی تر لە خوێندكاری سكۆتلەندی ئەمرسۆن بە دنیای نوێ ئامارە دەكات، ئەم بیرمەندە لە كتێبەكەی خۆیدا «سەرچاوەكانی شارستانییەت» (١٩٤٥) تەرخان دەكات بۆ تاوتوێگەلی پارسی، نووسەر لەم بەشەدا كەمتر بە ئایینی پارسییەوە خەریك دەبێت، ئەم گەلەش كۆمەڵگەیەكی جیاواز پێناسە دەكات و ئەوان وەكوو نموونەیەك ـ لەوانەیە باشترین

مۆدێلی مومکین ـ لە پرۆسەی دووبارەی هەڵبژاردن ـ ئەویش بە دەرەنجامی دروست ـ دزانن، لەم بەشەی کتێبەکەیدا باسی پارسییەکان لەگەڵ پیوریتنەکانی ئنگلیزیدا بەراورد بکرێ، کۆمەڵگەیەک کە بە هەڵاتن لە ئازار و ئەشکەنجەی دینی لە سەدەی حەڤدەیەمدا ئینگلیز بە مەبەستی ئەمریکا جێدەهێڵێت، جێگایەک کە منداڵەکانیان بەرزترین پیشە و پێگەیان بەدەستەوە بوو، بێگومان گۆڕانی ژینگە و ئاوارەیی، بە هەلومەرجێکی دژواردا تێپەڕیوە، هەندێک لەم پەرینەوەدا گیانیان لەدەست دا و بێگومان هەندێکیش سەرگەردان بوون و تەنیا پتەوترین و شیاوترینیان لەم فەوتانە رزگاریان بوو، لەڕاستیدا پیاوان و ژنان، قارەمانانی راستەقینە، کە کۆمەڵگەی پارسیانی هیندیان بنیات نا، دەبێ وەها بۆ هۆکاریی ئەمەش کە ئەوان چالاکترین، ئەکتیڤترین، رووناکبیرترین و ئازاترین کەمایەتین لە هیند هەر ئەوەیە ئەگەر تاکی ئەم کۆمەڵگەیە لە ئەندازیاران، کارمەندانی دەوڵەتی بانکداران و کارگێڕانی کارخانەی پەموو و کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسن بێت، ئەکەر ئەوان خۆیان بەهۆی هەستی مرۆڤدۆستی جیا بکەونەوە، ـ ئەویش بەهۆی کاری چاکخوازانە، نەخۆشخانەکان، هەتیوخانەکان و قوتابخانەکان، تەواوی ئەمانە بەهۆی ئەوەیە کە ئەوان لەبەرەی گرووپێک لە ئەریستۆکرات و کوێخاکانن، واتە ئەو کەسانەی کە بەجێی چۆکدادان لە

بەرانبـەر داگیرکـەرە موسـڵمانەکان لـە ئێـران، باوەشـیان کـرد بـە ئایینـی نەتەوەیـی خۆیانـدا وەکـوو سـیمبۆلێک لـە سـەربەخۆیی و لـە کوێسـتانەکاندا پەنایـان گـرت و لـە هەلێکـی گونجـاودا هەڵاتـن بـۆ هینـد، ئێسـتا دەگەڕێنـەوە بـۆ لێکدانـەوە و تاوتوێـی نادینـی ئـەم کۆمەڵـە. ئەڵبـەت زاراوەناسـی ئێرانـی لـە تـەواوی ڕێبازەکانـدا کـە لـە بـواری «زانسـتی دینـەکان»ەوە بیچمـی گرتـووە، ڕۆڵـی گێـڕاوە، ئـەم ئەسـڵە سـەبارەت بـە ڕێبـازی سروشـتگەرایش کـە لـە نیـوەی سـەدەی نۆزدەیەمـدا سـەریهەڵدا و بـۆ خۆیشـی تێکەڵێـک بـوو لـە زاراوەناسـی وەدایـی و زماننـاسـی بەراوردکارییانـە، «جیمز دارمسـتر، لــە کتێبەکـەی خۆیـدا» ئەهوورامــەزد و ئەهریمــەن» (١٨٧٧) ئاشـکرا شـێوەی کـۆن و ئـەوەی «ماکـس مولری»یشـی قەبـووڵ کـرد و سـەلماندی کـە زەردەشـت هەیکەلـی تونـدەر و چەخماخەیـە، دوای ئــەم هەڵــە گەورەیــە، دارمســتر «ڕێبــازی ڕیشەناســی یــان وەداشناسـی بـە هـەوای ڕێبـازی مێژوویـی یـان سـوننەتی وەلانـا و نەتەنیـا وەرگێڕانـی ئاڤێستاشـی بـە ئەنجام گەیانـد ـ کـە بەشـێکی لـە کتێبـی «پیـرۆزی ڕۆژهەڵاتـی» ماکس مولـردا هاتـووە ـ بەڵکوو بۆچوونێـک سـەبارەت بـە سـەرچاوە و نووسـینی ئـەم کتێبـەی ڕێکخسـت کـە هیچکەسـی پێـی ڕازیـی نەبـوو، سیسـتەمی تایبـەت بـە مانەوییـەکان، واتـە ئەمشاسـپەندانی دەورووبـەر ئەهوورامـەزدا بـۆ ئـەو یادەوەریـی ئەفلاتونیـزم بـوو، ئـەوەش کـە گاتـاکان دەبێ

دەستکردی دواتر بێ کە لەژێر کارتێکردنی یەهوودییە هلنییەکان، وەکوو فیلو سەر بەر ئەسکەندەریە نووسرابێت.

ئەم بۆچوونە ـ کە باس لە کاریگەریی یەهوودییەکان لەسەر مەزدییەکان دەکات، بەتەواوەتی جیاواز و لە چەشنێکیتر بوو، ئەو تیۆرەی کە «ئشپیگڵ» خستیە بەرباس، «هرڵز» زانای بلژیکی، جارێکیتر باسی کردەوە و لە ئەنجامدا پتازونی، لە کتێبی «دینی زەردەشتدا» (بولونیا، ١٩٢٠) پەڕ و باڵی پێدا، لە کاتێکدا کە «دارمستتر» تافانە پەرەستی (ئەو جۆرەی کە لە دەستنووسەکانی هەخامەنشیدا دەرکەوتووە) و دوانە پەرەستی لە ئێراندا، بەسەرتر لە کاریگەریی یەهوودەکان دەزانێ، ئەو سێ توێژەرەکەیتر کۆکن لەسەر وەرگرتنی یەکتاپەرەستی لە فەلەستینییەکان.

«فرئشپیگڵ» دەیەوێ ئەوە بخاتە بەرچاو، کە عیبرییەکان نەتەنیا باوەڕ بە خودای تەنیا، بەڵکوو باوەڕ بە خیلقەتی خودا و ئەو رۆڵەی کە ژمارەی ٦ لە خیلقەتدا هەیەتی، لە ئێراندا ئەوان پەرەیان پێدا، (بە پێچەوانەی ئەوان، بەهەشت و درەختی ژیانیان لە ئێران وەرگرت) «دی هرڵز» بە دوای ئەویشدا پتازونی، ئەو سەرچاوانەی کە بانگەشەی نیسبەتدانیان بۆ لای پەیغەمبەرانی یەهوود باو بوو، بە جۆرێک کە وادەزانرا

پەیامەکەیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتەوە بە زەردەشت، ـ سنووردارییان کرد، ئەم روانگە سەبارەت بە داهێنانەکانی زەردەشت تا رادەیەک دەرەنجامی باشی لێکەوتەوە، ئەگەر زەردەشت تافانەپەرەستی بێخەوشی لە پەیغەمبەرانی یەهوود وەرگرتبێ، کەوابوو بەتەنیا دەیتوانی دوانەپەرەستی دابهێنێت و لەڕاستیدا تێڕامانی پەیغەمبەر ـ تەنانەت لە شێوەی داهێنانیشدا ـ دەکرێ وەکوو هەڵوێستەیەک بەدژی یەکتاپەرەستی بدرێتە قەڵەم، ئەو بۆچوونەی کە باس لە کاریگەریی یەهوودەکان بەسەر ئێرانییەکانەوە دەکات، ئیدی بەرگریی لێ ناکرێت، چوونکە دەرکەوتووە کە زەردەشت لە رۆژهەڵاتی ئێراندا ژیاوە و هیچ پێوەندییەکی بە رۆژئاواوە نەبووە، ئەمەش راستە کە «گیڵدنر» بارتلمی و ئەوانیتریش هەروەها هەوڵیان داوە تاکوو دەربارەی زێدی پەیغەمبەر نەریتە جیاوازەکان تێکەڵ بکەن و بەو جۆرەی کە وتوویانە زەردەشت لە «ماد» لە دایک بووە، بەڵام ناچار بوو هەڵبێ بۆ بەڵخ یان سیستان، بەڵام «نیبرگ» باسی ئەوە دەکات، تەواوی ئەو نووسراوانەی کە پەیغەمبەر وەکوو «ماد»ی دەناسێنن، یان ئەو هەواڵانەی کە ریفۆرمەکانی ئەو بە رۆژاوای ئێرانەوە گرێ دەدەن، هەموویان لە داخوازییەک لە سەردەمی ساسانییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، واتە ئەو سەردەمەی کە رێکخراوە حکومییەکان ناوەندەکانی

مەزداپەرەستییان لە رۆژاوا جێگیر کرد بۆ ئەوەی وا نیشان بدەن کە دۆخەکە هەمیشە بەو ئاقارەدا دەڕوات، جیالەمە هیچکات ناگونجێ کە پەکتاپەرەستیی یەهوودی کارتێکەریی هەبووبێ لەسەر ئاخێزگەی زەردەشتیگەریێتی. بە پێچەوانەوە دوانەپەرەستیی ئێرانی بە زۆری لەوانەیە لە قۆناغی دواتردا توانیبێتی ئاڵوگۆڕ لە دینی یەهوودا بەدی بێنێت، ئاڵوگۆڕێک کە لە سەردەمی تاراندن بەدواوە، لەم دینەدا بەرچاوە، لەم بارەوە بەڵگەگەلێکی باشتر بوونی هەیە، کەلە کۆتایی ئەم زنجیرە گوتارانەدا باسی دەکەین. پرسیارێکیتر و هەر بەو رادەیە گرنگ، سەبارەت بە گاریگەریی ئێرانییەکان باس دەکرێت، کەلە دواییدا باسی دەکەین، بگەڕێینەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم، دوای «هاوگ، دامستتر، دی هرلز و شپیگڵ»، ئێمە دەبێ باس لە «تییل و یوسنیش» بکەین، سی پی تییل، کە سەردەمێک لەسەر ئەو بۆچوونەی کە مەزداپەرەستی و ودائیسمیان بە دوو رێبازی هاوکات لە ئەسڵێک لە ئایینی کۆنی ئارییاییەکان دەزانی، لەگەڵ «هاوگ»دا هلوبیر بوو، دواتر واتە لە ١٨٩٥دا باسی روانگەیەکی سەربەخۆی کرد و هاوکات سەبارەت بە ریفۆرمی زەردەشت لێکدانەوەیەکی وردی پێشکەش کرد، «ف. یوستی»، جیا لەو کتێبەی «ناوە ئێرانییەکان» کە لە بواری مێژوودا یارمەتیدەری بوو، بەرهەمێکیتری سەبارەت بە

مەزداپەرەستی (١٨٩٧) نووسی، خاڵی سەرەکی لە چاکسازیی زەردەشتدا، تاقانەپەرەستیی ئەوە، ئەگەرچی بیرۆکەی پێکدادان لە نێوان خێر و شەڕدا، لە دینە هیند و ئەورووپییەکاندا بە زۆری دەستگرە بۆ شێواز و جۆرەکانی ئوستوورەناسی، بەڵام ئەم پێکدادانە بەکار دێت تاکوو بە گوێزانەوەی ئەم جۆرانە (ئوستوورەناسی) بۆ بەستێنی ئاکاری ئینسانی و بە گۆڕانی هەموویان، بە شێوەی بنەما و بناغەی سیستەمێکی نوێ دابنرێت، ئەم دوانەپەرەستییەی کە نیسبەت دراوە بە زەردەشتەوە، بێ بنەماتر لەوەیە، کە دەبوو هەبوایەت ئەم بێ بنەماییە لە برگەی - پێنج لە یەسنی چل و چوارەوە سەرچاوە دەگرێت، تا ئەو شوێنەی کە وادەزانرێ ئەهوورا داهێنەری نوور و تاریکی بووە، سەرتای سەدەی بیستەم وەکوو دەسپێکی چاخێکی نوێ بوو، سەردەمێ کە دەرکەوتەکانی کۆتایی کتێبە پیرۆزەکانی رۆژهەڵات و بڵاوبوونەوەی نامیلکەکەی «فرانس کومون» لەژێر ناو دەقەکان و بەرهەمی تایبەت بە ئائینی رەمزهەڵگری مێهر» لە (١٨٩٦) بوو، دەرکەوتەیەکیتری ئەم سەردەمە نوێیە، بەرهەمەکەی «جکسۆن» بەناو «زەردەشت، پەیغەمبەری ئێرانی کۆن (١٧٩٨) بوو، نووسەرێک کە ژیانی زەردەشتی بێ هیچ رەخنەیەکی مێژوویی و بە دەسەودامێنی سەرچاوە ئێرانییەکان، کات و شوێنی ئەوی هاوکات لەگەڵ برگەهایەکی کۆنی تایبەت

بە پەیغەمبەر، لەگەڵ پێشگۆیی کلدانییەکان، نووسی، سەرتر لە هەمویان بڵاوبوونەوەی سێ بەرهەمی بە بایەخ ـ واتە ئاڤێستای «گلدنێر» وشەناسیی ئێرانی، بارتولۆمە ـ بوو، ئەو بەرهەمانەی کەلە دەرکەوتەکانی ئەم سەدەیە دێنە ئەژمار و باشترین کەرەستە بۆ لێکۆڵەرانی دینی ئێرانی دێننە ئاراوە، جیالەمە دەتوانین ئەم بەرهەمانە بە پێشکەوتنێکی بەرچاو بزانین، بە پێچەوانەوە دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵ سەردەمێک هاتە ئاراوە کە دەتوانین بە سەردەمی پایەداری بزانین. «لیهمەن» لە لێکدانەوەی دینی ئێرانیدا (١٠ ـ ١٩٠٠) لەوەی کە خوێندنەوەی مەزداپەرەستی سەرپەرشتیارییەکی فەرمی ناکرێ دەستی کرد بە سکاڵا و رەخنەگرتن، ئەو تەنانەت لە بەخشینی وەها پۆستێک بە «بارتولۆمە» ـ کە بە تەعبیری ئەو خاوەنی ئاگایی نییە لە مەسایلی کەلام و دیندا، ـ دووری گرت، (بەشی جکسۆن لە خوێندنەوەی ئێرانناسیدا بێ هیوا بوو) زەردەشتیگەرێتی یەکەمی «موڵتۆن» کە بە زوویی باسی دەکەین ـ هێشتا بڵاو نەبووەوە، پرۆفیسۆری ئەمریکی لە ئاکسفۆردا، ال. میلز. بۆ سەلماندنی نادروستی بۆچوونەکەی دارمستتر زۆر رەنجی کێشا. ئێمە جارێکتیر و لە کاتی باسکردنی پێوەندیی ئێران و فلستیندا باسی دەکەینەوە، لەم نێوانەدا ئینسکلۆپیدیای دین و ئاکاری «هستینگز» کۆمەڵێک لە وتاری تایبەت بە دینی ئێرانی

خستە بەردەست، بەرهەمێ کە سەردەمێک یادەوەریی دەکات کە بۆ هەمیشە رابردوو بوو، بە گوێرەی دۆزینەوەکانی ئاسیای ناوەندی، گرنگی توێژەران زیاتر بە دەقە ئێرانییەکانی نێوەڕاست، بەتایبەت دەقە مانەوییەکان بوو، باشترین جیاوازییەکان لەم نێوانەدا وەرگێڕانی گاتاکانی «ئاندراس و کرناگل» بوو، ئەویش لە سەر بۆچوونێک دامەزرابوو کە سەرەتا «بیلی» و بە دوای ئەویشدا هنینگ لە وتارەکەیدا بەناوی «هەڵوەشاندنەوەی خوێندنەوەی ئاڤێستایی» (بڵاوکراوەی ئەنجومەنی وشەناسی، ١٩٤٢) نادروستیی ئەو شتەی سەلماند و گورزی کاریگەری خۆی وەشاند. بگەڕێینەوە بۆ لای مۆڵتون، ئەو لە زەردەشتیگەرێتی یەکەمدا (١٩١٣) جەختی کردە سەر وتاربێژییەکانی هایبرت، ١٩١٢) یەکتا پەرەستی زەردەشت، وەکوو نیبرگ کە دواترهەوڵی بۆ دا) دوانەپەرەستی بینادی حاکم بەسەر ئاڤێستای دواییدا پاڵی دا بە موغەکانەوە، موڵتۆن دەربارەی پێوەندیی تایبەتی ئەهوورامەزدا لەگەڵ ئەمشساپەندان دەستی کرد بە توێژینەوە و لیکدانەوەیەکی تایبەت، ئەویش وەکوو جکسۆن، جەختی کردەوە لەسەر ئامۆژیاریی «سەربەستی جەختی کردەوە، لە کۆتاییدا، بەشێکی بۆ پێوەندیی نێوان زەردەشتگەرێتی و ئیسرائیل تەرخان کرد.

دوایەمیـن بەرهەمـی «موڵتـون» خەزێنـەی موغـەکان دوای مەرگـی نووسـەر، لـە (١٩١٧) لـە ئۆکسـفۆرد چـاپ بـوو، ئـەو ئـەم بەرهەمـەی (نەتەنیـا وەکـوو لێکۆڵەرێـک ـ ئەویـش بـە کورتکردنـەوەی دەرەنجامـەکان لـە زەردشـتگەرێتیی یەکەمـدا ـ بەڵکـوو وەکـوو راگەیەنەرێکـی مەسـیحیش ـ کـە بـە رۆیشـتنی بـۆ هینـد توانیبـوی سـەبارەت بـە پارسـیگەریی زانیارییەکـی راسـتەوخۆ بەدەسـت بهێنـێ) ـ نووسـی، لـەم روانگـەوە ئـەو کاری مەترسیدار و بەناوبانگی ویڵسۆنی جارێکیتـر دووپـات کـردەوە، لـە کاتێکـدا نەوەکانـی دوای موڵتـۆن حەزیـان بـەوە دەکـرد، پووچـی و بێ مانایـی دینـی پارسـییەکان بەرچـاو بخـەن، موڵتـون بناغـەی کارەکـەی خـۆی لەسـەر ئەسڵی ئنجیـل دامەزرانـد، کـە «مـن نـە بـە مەبەسـتی وێرانکـردن و ڕووخانـدن، بەڵکـوو بـە مەبەسـتی کەڵـک پێگەیانـدن هاتـووم» لـەم رێگـەوە هەوڵـی دا تاکـوو مەسـیحییەت وەکـوو کەماڵـی زەردەشـتگەرێتی دەربخـات. لێکدانـەوەی «ای. روتراسـکیۆڵد»، سـەبارەت بـە پێگـەی زەردەشـت لـە مێـژووی دینەکانـدا لەوانەیـە بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی (دیسـامبەری ١٩١٤) سـەرنجی خەڵکـی ئەوەنـدە رانەکێشـا، نووسـەری کتێبەکـە ـ کـە بەرلەوەتـر لەسـەر کولتـووری «لاپـی» کاری کردبـوو، ـ جەختـی کـردەوە لەسـەر ریفۆرمـی زەردەشـت، چاکسـازییەک کـە ئـەو لەگـەڵ قبـووڵ کردنـی ژیانـی شارنشـینی و پایـەدارا پەیوەندیـی

دەدا و تاکوو رادەی دینێکی ئاسایی دایدەبەزاند، کتێبێکە ئەو دامەزرابوو لەسەر بەرهەمی گەورەگەلێک وەکوو زەردەشتی جەکسۆن، گاتاکانی بارتولۆمە، زەردەشتی لەهمەن و تارادەیەکی زۆر کەوتە ژێر کاریگەریی بەرهەمەکەی مۆڵتۆن. لە ئەنجامدا بارتولۆمە لە وتارەکەی خۆیدا ( ١٩١٨) لەژێرناو کتێب و وتاری زەردەشت ـ کەلە ساڵی (١٩٢٤) دا چاپکرا، ـ بۆچوونی خۆی دەربارەی زەردەشتیگەریی ئاشکرا کرد، ئەو بۆچوونێکی باسکرد، کە بەگوێرەی ئەوە چاکسازیی زەردەشت لە سێ قۆناغدا بیچم دەگرێت، هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئەو باسی ئەوەی دەکرد کە ناکرێ بە گێڕانەوەی گاتاکان جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە بکرێت، لە قۆناغی یەکەمدا پەیغەمبەر بە وەرگرتنی وەحی یەکتاپەرستی، لە زێدی خۆی جێگەیەک لە ماد بۆ خەڵکی خوێندەوە، دواتر ئەو لەگەڵ بەرخودانددا رووبەڕوو بووەوە ناچار بوو جێگەیەک بۆ شەڕ بکاتەوە و بۆچوونی لەسەر دوو ئەسڵ (خێر و شەڕ) دامەزراند، لە ئەنجامدا بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران، کە وڵاتێکی دواکەوتووتر بوو، هەڵات و هاوکات ژیانی کۆچەرایەتی و رەوەندیی هەڵبژارد. شوێنێک بە باسکردنی شێوە ژیانی شاریی و پایەدار لەلایەن جەماوەرەوە وەرگیرا. میە، لە دوایەمین وتاری خۆی سەبارەت بە گاتاکانی ئاڤێستا، کەلە (١٩٢٤) لە ئۆپسالای سوید پێشکەشی کرد و ساڵی دواتریش

لـه پاریـس چـاپ کـرا، لەسـەر چییەتیـی ریفۆرمـی کۆمەڵایەتیـی زەردەشـت جەختـی کـردەوە، قوربانـی هـاوکات لەگـەڵ خوێنڕێژیـدا ـ زەردەشـت بـە تونـدی دژایەتـی لەگـەڵ کـرد، ئەمـە بـە ئاشـکرا بابەتێـک بـوو تایبـەت بـە دەسـەڵاتدارە بـە تواناکان، چونکـە ئـەم کارە کەرەسـتەیەک بـوو بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتیان، زەردەشـت لـە بەرژەوەندیـی هـەژاران و شـوانانی چەوسـێنراو قسـەی دەکـرد، ئـەم بزووتنـەوەش پاسـاوی بۆچییەتیـی خواناسـیی نـوێ دەهێنایـەوە، «میـە» لـەم بـارەوە دەڵـێ: وەرزێـڕ لەگـەڵ توێـژی ئـەو خوایانـەی کـە لێـی دوورن پێوەندیـی نییـە، ئـەو تەنیـا لـە دیمۆکراسیی ئـەو هێزانـە بیـر دەکاتـەوە، کـە دەتوانێ خزمەتـی پێبکات، یـان ئـەوەی کـە زیانـی پـێ بگەیەنێـت، بـەڵام لـەوەی کـە جێبەجـێ بوونـی دادپـەروەری لـەم جیهانـەدا شـتێکی نامومکینـە، لـە ئەنجامـدا سـزا و پـاداش ئەگەڕێتـەوە بـۆ ژیانـی دوای مـەرگ، جێـی خۆیەتـی ئـەم دەرەنجامـە بـاس بکەیـن، توێژەرانـی گاتـاکان بەوەیـان زانیبـوو کـە بۆچـوون و چەمکـە ئەخلاقییـەکان لـەم سرووتانەدا لـە گـەڵ واقیعـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە کانـدا پێوەندیـی هەیـە، بـەڵام ئـەوەی کـە ئێمـە دەبـێ بـە دوای بکەویـن، کێشـمەکێش و پێکدادانـی نێـوان شـوان و بیابانگـەرد، نییـە، بەڵکـوو زۆرتـر دەبـێ دژایەتـی کۆنـی نێـوان هـەژار و دەوڵەمەنـد، یـان ئەریسـتۆکراتی شـەڕخواز و وەرزێـڕەکان بێـت، تەنیـا ئـەم دژایەتـی و رووبەڕووبوونەوەیـە کـە

گرنگیی ئامۆژیاریی پاداشی ئاخرەت لە زەردەشتگەریتیی کۆندا پاساو دەکات، ئەم خوێندنەوە، کە دەکرێ ئیلهام بێت لە بۆچوونێکی مارکسیستی لە دین، لەلایەن. اوفن. و سندونگ، لەژێر ناوی کتێبی زەردەشتییەکان ـ چاپی ١٩٢٧ ـ وەلانرا، ئەم نووسەرە لە کتێبە پێشووەکەیدا لەژێر ناوی «رەوان و مرۆڤی سەرەتایی

لە تێڕوانینی ئێرانیدا، لەگەڵ بەڵگە و بۆچوونی «رایزن ئەشتاین» کەوتە دژایەتی، رایزن ئەشتاین بەڵگەی هەبووە لەوەی کە ئوستوورەی هلنی مرۆڤی سەرەتایی و «رەوان» لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە گوتارێکیتردا جارێکیتر باسی ئەمە دەکەین، «وەسندونگ» لە کتێبێکی تردا ـ کە باس کرا نەتەنیا دەرەنجامەکانی «میە» بە هەندێ بەڵگەی ئەمڕۆژی ئەریستۆکراتبوونی خودی زەردەشت رەت دەکاتەوە، بەڵکوو بە لەبەرچاو گرتنی بەراوردی نێوان زەردەشت و ئەفلاتوون، لەلایەن «رایزن ئەشتاین»ەوە وەها باس دەکات کە دەسکەوتی ئەسڵیی زەردەشت ئەوە بووە کە ئەو ئەهوورامەزدای لە جوگرافیای مانەویی خۆیدا جێگیر کرد، واتە لە دەرەوەی ئەم جیهانە فیزیکییە، جیهانێک کە دژایەتیی لەگەڵ دنیای مانەویدا، دوانەپەرەستی راستەقینەی لە ئامۆژیارییەکانی زەردەشتدا

بەدیهێنـا، ئەفلاتوونیـش بـە گرنگـی دان بـە ئەندێشـەکانی خـۆی بـە دەسکەوتگەلێکی هاوچەشـن گەیشـت، بـەڵام ئـەم دەسـکەوتانە، پێچەوانـەی ئـەو شـتەی چـاوەڕوان دەکـرا، لەژێـر کاریگەریـی زەردەشـتدا نەبـووە، زەردەشـتێک کەلـە بازنـەی زانسـتیی خەڵـک تێپـەڕ ببـوو،

هـاوکات کەسێک لـە ئامۆژیارییەکانـی تێنەدەگەیشـت، دژایەتیـی نێـوان مـادە و مانەوییـەت لـە رووبـەڕوو بوونـەوەی کـۆن و بـاوی دنیـای رۆحـەکان و ژینگـەی بەرچـاوی مرۆڤـەکان، زۆر بەرچاوتـرە و گرنگتـر لەمـەش ئـەوەی کـە دوانەپەرەسـتیی خێـر و شـەڕ، وەکـوو وێناکردنێکـی بـاو، لـە ئوسـتوورەکانی بابـل و جێگەهایەکـی تریـش دەردەکەوێـت، ئـەم جیاوازییـە بنیادینـە لـە نێوان مـادە و مانەویەتدا لەگـەڵ مانایەکـی نامرۆڤانـە لـە خـودا ـ کـە بـەکار گرتنـی رێکەوەند یـان ناوێکـی کـۆن بـۆ ناونانـی ئـەو وێنـا ناکرێـت ـ جەوهـەری پەیامەکـەی زەردەشـت پێکدێنێـت. جگەلەمە، «وسـندونگ» لەسـەر ئـەو راسـتییە جەخـت دەکاتـەوە، کـە زەردەشـت لەگـەڵ تـەواوی ئارمانـە بەرزەکانـی خۆیـدا، نـەوەک هـەر گیـرۆدەی فانتازیـا نەبـووە، بەڵکـوو بـە جیـدی کەسـایەتییەکی واقیعگـەرا و زەمینـی بـووە، (رێکەوندێ کـە لـە وتارەکـەی گلدنـردا لـە ئنسـکلۆپیدیای بریتانیادا پەیدا دەبێ) سـەبارەت بە تێکەڵکردنی چەمکـی ئەخلاقی و نادینی،

وسـندونگی پەیغەمبـەر بـە نوێنـەری بۆچوونـی ڕۆژئـاوا دەزانـێ، ئـەو زیاتـر لەمـە دەڕواتـە پێـش و لەسـەر وتەکانـی خـۆی دەڵـێ: تێکەڵەیەکی ناپایـەدار لـە هەوڵـدان بـۆ وەدەسـتهێنانی مانەوییـەت و جەخـت کردنـەوە لەسـەر خەبـات لەگـەڵ واقیعـە بەرچاوەکانـدا، سـێبەری خسـتوە بەسـەر تـەواوی ئورووپـادا و خـۆی بـە باشـترین شـێوە لـە ئەڵمانیـا خـۆی دەرخسـتووە، لـە کۆتاییـدا باسـکردنی ئەمـەش خـراپ نییـە کـە وسـندونگ ئـەوەی کـە ئێمـە دەتوانیـن بـە بۆچوونـی زەروانیزمـی بزانیـن، باسـی کـردووە گرنگیـی زروانیـزم ـ کـە پێـش ئـەو «یونکـر و شـدر لەسـەری جەختیـان کردۆتـەوە» ـ لەوانەیـە لـە بۆچوونـی کارتێکردنـی بیروبـاوەڕی ئێرانیـدا لەسـەر ئائیینـی یۆنانـی ئـەوکات کـە ئایسلر لـە کتێبـە سەرنجڕاکێشـەکەیدا لـە سـاڵی (١٩١٠) باسـی کـرد، سـەرچاوەی گرتبێـت، «کریسـتیەن سـن» یـش لـە کتێبـی «ڕوانینێـک لـە زەردەشـتگەرێتی و ئێرانـی کەونـارا» لـە سـاڵی ١٩٢٨دا باسـی لـە «زەروانییـەت» دەکات، کتێبێـک کـە بـە زۆری ترخانکـراوە بـۆ دروسـت کردنی کاتشـومارێکی ڕێژەیـی ڕووداوەکان لـە «یەشـتە»کانـدا، کریسـتیەن سـن، لـە وتارێکیتـردا بەنـاو ئاخۆزەروانیـزم بوونـی هەبـووە، دیسـانەوە بـاس لـەم بابەتـە دەکات، دوو لێکۆڵریتریـش لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی بیسـتەمدا هاتنـە نـاو ریـزی توێژەرانـی زەروانیزمـەوە و پەرەیـان بـەو لێکدانەوانـە دا کـە لـە لێکدانەوەکانـی ئێمـەدا بـە زینـدوو

کردنـەوەی زەروانییـەکان بەناوبانـگ بـوو، بنونیسـت، لـە وتارەکانـی «رتنبـی کتـرک»دا لـە سـاڵی (١٩٢٦) لـە پاریـس، بـە گوێـرەی وتـــەی نووســـەرانی کـــۆن ســـەبارەت بـــە ئێـــران، زەروانیزمـــی لـــە مەزداپەرەستی ناساندەوە، تایبەتمەندیی ئـەم کتێبـە بچووکـە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایـی کتێبەکـە، بوونـی میتۆدێکـە کـە دەتوانـێ نووسـەر لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا لـە نێـوان دەسـتەبژێرەکاندا جـێ بکاتـەوە، لـە کاتێکدا کە پێشینانی «بنونیسـت» لەوانـە «کلمان» نووسـەری سـەرچاوەی دینـە ئێرانییـەکان (١٩٢٠) مەبەسـتیان ئـەوە بـوو، بـە ڕێکخسـتنەوەی وتـە و بەڵگـە جیـاوازەکان، شـێوەیەکی تەکـی پـێ ببەخشـن، ئـەو بـە گریمانـەی، بوونـی دینـە جیـاوازەکان، ئەوانـی لـە یەکتـر جیـا کـردەوە، «هیـرۆدت» بـە ئایینـی کوفـری ئێرانییـــەکان شـــایەتی دا، دەستنووســـەکانی هەخامەنشـــی لـــە ئایینێـک لـە ئەهـوورا کـە لەژێـر کاریگەریـی زەردەشـتیگەریدا نەبـوو پەردەیـان لادا، (ئـەو ئەسـڵەی کـە جێـگای بـاوەڕی «میـە» بـوو) بـەڵام «تئوپۆمپـۆس و پلوتـارخ، پەسـنی زەردەشـتگەرێتی دەکـەن، ئـەو کەسانەی کـە وا دێتـە بەرچـاو دەربـارەی زەروانیـزم زانیارییـان هەیـە، ئـەو ئایینـەی کـە «سـترابۆن» لەبارەیـەوە پێـی شـایەتیی دا. یـەک دەیـە دواتـر، نیبـرگ لـە کتێبەکەیـدا لەژێـر نـاوی ئایینـە کۆنەکانـی ئێـران ئـەم بۆچوونـەی کـردە چاوسـاغی خـۆی، بـەڵام بەرلـەوەی لـە ئـەم نووسـینە بکۆڵینـەوە، یـان نووسـینەکانی تـری ئـەم توێـژەرە، پێویسـتە لـە چـوار کتێبـی تـر ـ کـە سـێیان لـەم

چواره بەربڵاون، باس بکەین، یەکەم کاریگەریی کونفرانسەکانی «میە» نووسینی بەرهەمێک بەناوی «لێکدانەوەیەک سەبارەت بە چۆنییەتیی گاتاکانی زەردەشت» ١٩٢٩ لەلایەن «ماریا ویلکینزاسمیت»ەوە بوو، ئەو جیاواز لە ئاراستەکردنی پیتەکان نووسی و وەرگێڕانی وشە بە وشەی ئەم سرووتانە، بۆچوونێکی سەبارەت بە ئەمشاسپەندان وەکوو «لایەنەکانی ئەهوورامەزدا و پاگژێتیی مرۆڤ پێشکەش کرد، بە زۆری گەلاڵەکانی هوبشمان و مۆڵتۆنی گرتەبەر، «لومل» لە کتێبەکەی خۆیدا «دینی زەردەشت» (١٩٣٠) راپۆرتێکی یاسامەند و لەوانەیە زیاتریش لە ئامۆژیارییەکانی پەیغەمبەری بەدەستەوە دا، ئێمە لە دەرفەتێکیتردا سەبارەت بە دوو یان سێ بەش لەم کتێبە، ئاماژەی پێدەکەین، لومل بەگشتی روانگەی پێشینیانی خۆی - بێ ئەوەی بە بەرهەمەکانیان ئاماژە بدات، دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام سەبارەت بە کتێبێکیتر کە بەم نزیکانە (١٩٢٩) بڵاو بۆتەوە، واتە وتارەکانی ال. اچ. گری لە «رتنبی کترک» لەژێر ناو، بنەماکانی دینە ئێرانییەکان، دۆخە بەتەواوەتی پێچەوانە بوو، لەم کتێبەدا نووسەری ماندوونەناسی «ئینسکلۆپیدیای دین و ئاکار» واتە ( هستینگز) پێڕستێکی گشتگیری لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لێکدانەوەی نوێ لە ئێرانی و بیانی، دەخاتە بەرچاو، بەڵام ئەم بەرهەمە زیاتر کۆمەڵێک لە نامیلکەیەکی بچووکە سەبارەت بە دیوان و خواکانی زەردەشتی

تاوەکوو لێکدراوێک لەوان، لە کاتی سەرقاڵ بوون بە بابەتی ئەمشاسپەندان، دەبینین، کە ئەم بەرهەمە، لە ئاراستە کردنی بۆچوونی نوێدا کەمێکی نییە. «دینی ئێرانی» ئارتۆرکریستیەن سن، (١٩٣٣) تایبەتمەندییەکانی کتێبی «لومل» ـ ئامـاژە بە بۆچوونی پێشینیان ـ وگری ـ دەدات و هاوکات دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی نوێیش ـ بەڵام ئەم کتێبە کورتتر لەوەیە بێتە نێو باسی بەربڵاوەوە، بگەڕینەوە بۆ لای نیبرگ. لە وتارەکانی پاریسدا لەژێر ناوو «جیهانبینی و جیهانناسی مەزداپەرستان» کە سالی (١٩٢٩ و ١٩٣٢) لە گۆڤاری ئاسیاییدا چاپ کرا، ئەم لێکۆڵەرە سویدییە سەبارەت بە زەروانیزم، لە ڕێگەی جیاکردنەوەی دەقەکانی زەروانی لە بندهش، وتارێکی دیاریکراوی نووسی، ئەو لەم نووسینەدا، جەخت دەکاتەوە لەسەر کۆن بوونی زەروانییەکان و زاڵبوونیان لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ئەم لێکۆڵەرەش لە راستای گەڵاڵەکەی کریستیەن سن، بەم دەرەنجامە گەیشت، کە ساسانییەکان زەروانی مەزەب بوون و تەنیا دوای هێرشی عەرەبەکان، کە مەزدییەکان بە لابردنی بەشە زەروانییەکان لە نووسراوە دینییەکاندا، هەڵوێست دەگرن.

نیبرگ، چەندین ساڵ لەسەر کتێبە گەورەکەی، ئایینە کۆنەکانی ئێران، کاری کرد، تایبەتمەندیی ئەم کارە لە رادەبەدەر شەخسی و تارادەیەکیش ئاڵۆز کەڵکوەرگرتنە لە بەراوردکاریی

ئیتنیکی، ئەمەش دامەزراوە لەسەر دوو خاڵی گرنگ، نیبرگ بە جەختکردنەوە لەسەر «ڕێبازی ئاندرۆلانگ» و «فادراشمیت» لەسەر ئەم باوەڕە جەختی کردەوە، کە ئێران و زۆربەی هۆزە کۆنەکان بە خوای گەورە باوەڕیان هەبووە، خودایەک کە دوای دروست کردنی دنیا، بۆ ئاوڕدانەوە کشایە دواوەوە، زەروان لە کۆنترین سەردەمەکانەوە، بەتایبەت لە ڕۆژئاوای ئێراندا وەها خودایەک بووە، ئەهوورامەزداش ـ تەنانەت پێش لەدایکبوونی زەردەشت ـ لە ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا خودایەکیتر بووە، نیبرگ دەربارەی زەردەشت شتانێکی نوێی بۆ وتن هەبوو، ئەمەش دووەمین باسێک بوو کە ئەو سەبارەت پێی لە زانیاریی ئیتنیکیی کەڵکی وەرگرت، وا دێتە بەرچاو دوو بەرهەم، کە هاوکات لە ساڵی (١٩٣٥) چاپکرا، نیبرگی هەڵنا تاکوو زەردەشت لەژێر تیشکی شمنیسدا بخوێنێتەوە، یەکەمین بەرهەمی توێژەری، «دی.استرمبک» لەژێر ناوی «مێژووی دینەکان بە گوێرەی دەقەکانی نوردیک» کە تێیدا شمنیزم پێوەندیی بە لێکدانەوەی شایر «فاڵگیریی و پێشگۆیی» لە وتەی زانایانی نۆردیکی کۆنەوە هەیە. بەرهەمێکیتر وتارێکە لەژێر ناوی «سکا»کان، کە لەلایەن لێکۆڵەری سۆئیدی «مولی» لە هرمسدا چاپ بوو، کەسێک کە سوننەتی سکاکان کە هەمان دانیشتنە لەنێو دووکەڵی حەشیشدا ـ ئەو جۆرەی کە هیرۆدت لە بڕگەیەکی باودا ـ لەژێر تیشکی ڕاپۆرتی نوێ لە شمنیزم ڕاڤەی دەکات، نیبرگ

لـەم بەرهەمـدا سـەرداوێکی بـۆ گاتـاکان بینییـەوە، ئێسـتا ئیـدی ئـەوە ماوەتـەوە کـە ئـەو لـەم سـرووتانەدا بـە دوای بەڵگەیەکـەوە بـوو دەلالـەت بـکات لەسـەر «شـمن» (پێشـگیریی و فاڵگیریـی) بوونـی زەردەشـت.

جگـە لەمـە، نیبـرگ بـە هیـوای دروسـت کردنـەوەی هـەزارەی مێژوویـی زەردەشـت و هەروەهـا هەلومـەرج و قۆناغـی چالاکییەکانـی ئـەو، ئـەم روانگـە ئێتنیکییـەی بـە میتـۆدی شـیکارییانەی کریسـتیەن سـن تێکـەڵ کـرد، لـەم لێکدانـەوە و توێژینـەوەدا زەردەشـتێک دەرکـەوت نـە تەنیـا کەسـێکی ریفۆرمخـواز، بەڵکـوو پارێزەرێـک بـوو کەلـە سـوننەتی گومەڵگـەی «گاهانـی» خـۆی لـە بەرانبـەر هێرشـی هـۆزی دراوسـێدا ـ کـە کۆمەڵگـەی شۆڕشـگێڕی میهـری بـوو ـ پارێـزگاری و پاسـەوانی دەکـرد، جێـی باسـە ئـەوەی کـە زۆر زوو هەنگاوێکیتـر هەڵگیـردرا، هەنگاوێـک کـە تاڕادەیـەک دژ بـە نیبـرگ و مەبەسـت لێـی جێگیرکردنـی زەردەشـت بـوو لـە بەسـتێنێکی بەرچـاو واقعیـدا. ئەمجـار زەردەشـت کەوتـە ژێـر سـێبەری کۆشـکی شـایی هەخامەنشـییەوە، بـە دوای بـە یـەک زانینـی ویشتاسـب ـ پشـتیوانی زەردەشـت ـ لەگـەڵ هاوناوەکەیـدا ـ باوکـی داریـووش ـ لەلایـەن هرتلـەوە ـ بابەتێـک کـە ئیمیانـوس مارسـیلینوس ئامـاژەی پێکـردووە ـ «ای هرتسـفلدیش»، وەکـوو کۆنینەناسـی هەمووشـتزان و دۆزەرەوەی دەسـتنووسـەکان بـە دژوارییەکـی سەرسـوڕهێنەر، لـەم

یەکسان شومارییە بەرهەمێکی پێشکەش کرد. (زەردەشت و دنیای ئەو، پرینستۆن، ١٩٤٧) ـ ئەم بەرهەمە زیاتر لە ڕۆمانێکی زانستیانە دەچوو. هینگ لە وتارەکەیدا لە «رتنبی کترک» ڕەخنەی لە هەردوو هەوڵەکە گرت، لەگەڵ ئەوەشدا لانیکەم تا ئەو شوێنەی بە نیبرگەوە پێوەندیی هەیە، پێویستە لە بۆچوونی نێگەتیڤ خۆمان بەدوور بگرین، لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە نوێکەی «ویدن گرن» زیاتر جەخت کردن و سەلماندنی ڕوانگەی مامۆستاکەی بوو، خەبات بەدژی بۆچوونێک کە زەردەشتی بە بیرمەندێک لە چەشنی یۆنانییەکەی یان ریفۆرمخوازە کۆمەڵایەتی و نوێخوازەکەی دەخوێندەوە، تاڕادەیەک سوودمەند بوو، بەڵام بزووتنێکی چارەنووسساز، ئەویش لەلایەکیترەوە، لە ئارادا بوو، ئەم هەوڵەش دوایەمین بۆچوونێک بوو، کەلە لێکدانەوەماندا، لێی ورد بووینەوە، ئەم بۆچوونەش دەکرێ بە ئووستوورەناسی بەراوردکارییانە ناوی ببەین، ئەم لقە لە ئوستوورەناسی بەهۆی رادیکاڵ بوونییەوە لە هەشتاد ساڵی رابردوودا بێ بڕوا بووە و لەڕاستیدا بەهۆی چالاکییەکانی «ئاندرۆلانگ» لە بەرانبەر توێژینەوەی هۆزناسیدا کاڵ ببوەوە، ئوستوورەناسی بەراوردکاریانە لە سەدەی بیستەمدا جگەلە بەرهەمی دوو توێژەردا نەبێ دەوامی نەهێنا، یەکەم جیزهوسینگ کەلە بەرهەمەکەیدا «مانگ» و «چەند ئاژەڵ»ی لەڕاستیدا بەتەواوی ئوستوورەکان زانی، دووەم جی. هرتل بوو، کەلە زەنجیرەیەک لە لێکدانەوەکانیدا»ئاور»ی

بە تـەواوی ئوسـتوورەکان پێناسـە کـرد، کار بـە توێژەرانێـک وەکـوو «لومـل یـان گونتـرت» سـپێردراواتە ئـەو کەسانەی کـە بـە تێکـەڵ کردنـی ئوستوورەناسـی بەراوردکارییانـە بـە هەندێـک دەسـکەوت لـە میتـۆدی هۆزناسـی و سۆسـیۆلۆژی، گیانێکـی نوێتریان بەخشـیە ئەم زانسـتە، ئوستوورەناسـی بەراوردکارییانـە ئیـدی نـەک وشـە، بەڵکوو بۆچوونـەکان و نەریتەکانـی دەخسـتە بـەر لێکدانـەوە، لەلایەکیتـرەوە هەوڵـی دەدا، واقیعـە گشـتی و جیهانییـەکان ـ کـە لێکدانەوکانـی هۆزناسـی بـە فەرمییـان دەناسـی ـ  لـەو واقیعانـەی کـە تایبـەت بـوون بـە ئیتنیکـە هینـد و ئورووپییەکانـەوە، کـە دروسـتکردنەوەی ئوسـتوورەکان لـە بەردەسـتا بـوو بناسـێتەوە، ئـەم میتـۆدە تـازە لــە کتێبــی «ویکنــدر» بــە روونــی نیشــان دراوە، کتێبێــک کــە تیایـدا نووسـەر بـۆ روونکردنـەوەی لایەنێـک لـە دینـی ئێرانـی ـ کـە زەردەشـت بـە رێکـەوت وەلای نابـوو ـ لـە دوو میتـۆدی سۆسـیۆلۆی و هۆزناسـی کەڵکـی وەرگرتـووە. جیالەمـەش، راڤـەکاری سـەرەکیی ئـەم میتـۆدە «جـی. دومزیـل» بـوو، لێکدانـەوە سـەرەتاییەکانی ئەو تێکەڵەیـەک لـە زمانناسـیی بەراوردکارییانـەی هینـد و ئەورووپایـی لەگـەڵ هۆزناسـیی کۆمەڵایەتیـدا دەخاتـە بەرچـاو، ئـەوەی کـە ئـەو بـە دەسـکەوتگەلێکی مەترسـیدار گەیشـتبوو بـە جۆرێـک کـە دواتـر ناچـار بـوو بـە نکۆڵـی کردنیـان نـەک بەهـۆی میتۆدێکـی نادروسـتەوە، بەڵکـوو بەهـۆی زاڵبوونـی ناتـەواوی بـوو بەسـەر ئـەم میتـۆدەدا، بـەڵام هەرچۆنێـک بێـت، یەکەمیـن بەرهەمەکانـی دومزیل،

هەڵوێستێکی رادیکاڵی لەلایەن «بنۆنیست»ەوە بەدواوە بوو، کەسێک کە بە هاوکاریی «ال. رنۆ» بە نووسینی بەرهەمێک لەژێر ناوی «ورترە و ورترغنە» لە لێکدانەوەی ئوستوورەناسیی هیند و ئەورووپایی (١٩٣٤) تێکۆشا. ئەویش لەژێر ناوی ئەم درووشمەدا، ئوستوورەناسی بەراوردکارییانەیەک کە بینیمان، ئوستوورەناسییەکی تایبەت و جیاواز نییە ئەم لێکۆڵینەوە کە لە سەر لێکدانەوەیەکی لۆژیکی و ورد لە زانستی زمانناسی دامەزرابوو، مەبەستی ئەوە بوو تاکوو تیۆرییەکی کۆن زیندوو بکاتەوە، کە بە گوێرەی ئەو بەشێکی یەکەم لە وشە یان نموونەیەکی ئەبستراکت، وەکوو گۆڕانێکی تایبەتی وەدایی، نەوەک ناوی ئەژدهایەک بێ و نە پێوەندیی ئەم خودایەش یان پاڵەوانێ لەگەڵ مانای «ئەژدهاکس» لە هیند یان لە ئێران، هەرچەند نە لە ئاڤێستا پاساو دەدات هەرچۆنێک بێ، دومزیل لە کاری تازەی خۆیدا بە دوای لێکدانەوەکاندا رۆیشت، تاکوو ئەوەی زۆر زوو بە دەسکەوتێکی تەلایی گەیشت، لە ساڵی (١٩٣٤)دا ئورانۆس ـ ورونا، لێکدانەوەی ئوستوورەناسیی هیند و ئەورووپایی، و لە ساڵی (١٩٣٥)دا فلامن ـ برهمن بڵاو بووەوە، بەراوردەکانی زمانناسی هەروەها باسهەڵگرە ئەگەرچی بەڵگەی واقیعی و زۆر لەسەر ئەوان جەخت دەکاتەوە، لەم رووەوە ئەم بەرهەمە نووسراوە دەکرێ لە یەکەمین سەردەمی توێژینەوەی دومزیلدا بوو، ئەم بەرهەمە «دومزیل»ی بەرەو دۆزینەوەی ـ

ئەسڵێکی سێ بەشی لە کۆمەڵگە و لە دینی هیند و ئەورووپایی برد، لەوێوە کە کەسێک بەدوای ئەم دۆزینەوەدا نەڕۆشتبوو، لە ئاکامدا بایەخێکی ئەوەندەی نەبوو، دومزیل لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا باس لە دوو وشە دەکات، ئەگەرچی لە بواری فۆنەتیکەوە وەکوو یەک نەبوون، بەڵام جیاوازیشیان ڕێگەچارەی نەبوو، بەڵام ئەگەر وابوایەت، بە ئاسانی بەم کارەوە سەرقاڵ دەبوین دەبێ لە بەرابەریی مانایی ئەم دوو وشە بەڵگەیەکی باشمان هەبێت و بەرلەوە ڕێژەگەراکان لە مانای ڕواڵەتی ـ واتە لە مانای بەرچاو کە وشەی یۆنانیی ئاسمان (ئورانوس) دەرخەریەتی ـ دەستیان پێکرد و بەدوایەوە بوون تاکوو ئەو مانا و و چەمکە بۆ «وروونا» لەبەرچاو بگرن، ئەم شێوە مەحکووم بە شکەست بوونەی دومزیل ڕێگەیەکیتری گرتە بەر، ئەو لە سەرەتای کارەکەیەوە و وەکوو (خاڵی دەسپێک) کەسایەتیی وروونا بە کەسایەتیی خودایەکی فەرمانڕەوا یەک «شا ـ خودا» ئەو جۆرەی کە برگین و گونترت روونی کردووەتەوە، لەبەرچاوی گرتووە، ئەم خەیاڵە ئەوی بەتوانا کرد، تاکوو ئوستوورەکان و ئایینەکانی «ورونا» و پاشایەتیی هیند بە یارمەتیی لێکدانەوەیەک لە داستانی یۆنانی تایبەت بە ئورانۆس تەیار بکات.

دەکرێ جیاوازیی نێوان ئوستوورەی یۆنانی و ئوستوورەی هیندی بەم شێوە پاساو بدەین، ئوستوورەی هیندی لە ڕووداوێکی

دڵتەزین، بەڵام پێش نەهاتوو قسە دەکات و ئەمەش سەرەتا و دەسپێکی دەسەڵاتە، بەڵام ئەفسانەی یۆنانی لەبارەی رووداوی دڵتەزینی راستەقینەوە دەدوێ، ئەمەش کۆتایی دەسەڵاتە، دومزیل لە لاپەڕەی ٨٦ی کتێبەکەیدا وەها دەگێڕێتەوە «ئەو جیاوازییەی کە هەیە بەزۆری لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەفسانەی ئورانوس داستانێکە یۆنانییەکان گوتویانە، ئەو کەسانەی کە هەر لە سەرەتاوە تەنانەت وشەی «شا» یان لە دەستدا بوو، لە کاتێکدا کە ئوستوورەی ورونا لە بەستێنێکی (کومەڵایەتی ـ کولتووریدا) ئەو شوێنەی کە «شا» بۆ ماوەیەک بە هەمان چییەتیی کۆنی خۆیەوە زیندوو مابوەوە ـ وەکوو ئوستوورەیەکی زیندوو بەردەوام و پایەدار مایەوە، ئوستوورەیەک کە خۆی بەشێکی زارەکی بوو لە نەریت و ئایینی پیرۆز.

جیالەمە، دومزیل دوای سەرقاڵبوونێکی سەرکەوتوانە بە مەسەلەی «دینی هیند و ئەورووپایی» لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە، دەستی کرد بە لێکدانەوە و پەرەپێدانی وێناکردنەکانی خۆی، ئەو لە دوایەمین کتێبەکەیدا، لەژێر ناوی «فلامن ـ برهمەن» بەراوردێکی کۆنی زیندوو کردەوە کەلە روانگەی فۆنەتیکەوە لەگەڵ هەندێ گوماندا رووبەڕوو بوو، دەبێ شێوەیەکی کورت لەبەرچاو بگرین، بەڵام زۆر لێکچوونی مانایی لە دوو وشەدا وەکوو رێکەوت بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە دومزیل پێڕستێکی

بەرچاوی لــە تابــۆکان ئامــادە کــرد، کــە «فلامــن دیالیــس» و «برهمــەن» وەکــوو پێویســت چاودێریــان دەکــرد، وەکــوو ئــەوەی کــە نــە دەبــێ ســواری ئەســپ ببــن و نــە ئــەوەی کــە بــە لووتکــەی داری تایبــەت بــە ڕێوڕەســمی مــردوو ناشــتن، نزیــک ببنــەوە، لەگــەڵ ئــەوەدا، ســێ ســاڵ دوای بــڵاو بوونــەوەی فلامــن ـ برهمــەن، دومزیــل گەیشــت بــە گرنگتریــن دۆزینــەوەی خــۆی، واتــە ئەوکاتــەی کــە بــە ڕێکــەوت بــە مێشــکیدا هــات، کــە فلامــن دیالیســتەکان، مارتیالیســتەکان، کرینالیســتەکان، ـ کــە بــە شــوێن یەکــدا ســێ توێــژ لــە خوداکانــن کــە تایبــەت بــوون بــە ژوپیتــر و مــارس و کرینۆســەوە ـ بــە ســێ پۆلێــن بەنــدی برهمــەن (دەســەڵاتدارەکان) کشــترییە (جەنــگاوەران) و وئیســە (وەرزێــڕەکان) هەروەهــا بــە پۆلێــن بەندیــی ئوســتوورەیی لــە ڕۆمــی کۆنــەوە، واتــە رامنــەکان لوســرەکان و تیتییــەکان، وێکبخــات، ئــەم وێکخســتنە بــاس لــە کۆمەڵگــەی ســێ بەشــی هینــد و ئەورووپــی دەکات، کەلــە دینیشــدا ڕەنگدانــەوەی هەبــوو، دوای ئەمــە دومزیــل لــە بەرهەمێکیتــردا، «ئوســتوورەکان و خــودای ژرمنــەکان» (١٩٣٨) پێکهاتەیەکــی خســتەڕوو کــە نەتەنیــا لــە ئیتاڵیــا و هینــد، ـ ئــەو دوو مەڵبەنــدەی کــە ئەمئەوێتیــان لــە بــواری کولتــووری ئایینیــدا بــە فەرمــی ناســرابوو ـ بەڵکــوو لــە نێــوان توتونەکانیشــدا نیشــانە و شــوێنەوارگەلێکی بەجێهێشــتبوو، واتــە « ئودیــن (خــودای خــاوەن دەســەڵات) ســەور (خــودای شــەڕ) و فرییــا (خاتوونــی بەرهەمهێــن و بــە پیــت)، دومزیــل لــە کتێبێکــی

تریدا بەناوی « ژوپیتر» مارس، کرینۆس (١٩٤١) لەسەر ئەم وێکچوون و ڕێکخستنە جەختی کردەوە، کتێبێک کە تیایدا برشگەیەک لە ئوستوورەناسی «توتونیک و یەکێک لە «شێوە مێژوویی» ڕۆمی لەبارەی یەکترەوە رەوشەنگەرییان کردووە.

ئوستوورەناسی «توتونیک» لەبارەی شەڕێک لە نێوان» ئاسەکان و وانەکان «ەوە دەدوێ، شەڕێک کە «وانەکان» تێیدا شکەست دەخۆن و خواکانیان دەبەن بۆ لای « ئاسەکان» لەو کاتەدا، خودای ئاسەکان «ئودین و سەور»، و خوای «وانەکان، نجورار، فرییر و خوای خاتون فرییا» بوون، بە چەشنێک وا دێتە بەرچاو، ئەم شەڕە جۆرێک پێکدادانی چینایەتیی نێوان دوو چینی یەکەم و چینی دووەم و چینی سێیەم بووە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی چینی سێیەم، ئەم شەڕە لە راستیدا رووداوێکی گەورە بووو کە ناونرایە شەڕی «سابین» ئەمە قوناغی یەکەمە لە مێژووی رۆمانییەکاندا. رامنەکان شەڕڤانانی رومولوس (توێژی یەکەم) و لوسرەکان لوکومو «توێژی دووەم) کاتێک زانیان بەوەی کە خۆیان بێبەرین لە توخمی زەرووری، کە بریتییە لە بەرهەمهێنان، لەگەڵ توێژی سێیەم دەکەونە شەڕەوە، شەڕڤانانی تیتوس، تاتیوس «کە سەرکردەیەکی «سابینی» بوو، بەو دەرەنجامە

دەگـەن، کـە ژنانـی سـابینی بـدەن بـە سـەرکردە و شـەڕڤانەکان، بـۆ ئـەوەی لـە پێدانـی بەشـی ئـەوان لـە بەرهەمهێنـان و بەختـەوەری، کۆمەڵگەیەکـی کامـڵ بێتـە ئـاراوە.

هەتـا ئێـرە بینیمـان کـە چـۆن دومزیـل بەڵگەیەکـی لـە ئوستوورەناسـی و ڕێوڕەسـمی ئایینـی (ئورانـوس ـ ورونـا)، یـان ئوستوورەناسـی و نیمچـە مێـژوو (شـەڕی ئاسـەکان و وانـەکان، دەسـتدرێژی بـۆ سـەر ژنانـی سـابینی، پێکـەوە گـرێ دا. دومزیـل لـە کتێبێکـی تـردا، میتـرا ـ ورونـا (١٩٤٠) بەڵگەیەکـی تـری لـە نەرمبوونـی میتۆدەکـەی خسـتە بەردەسـت، ئـەو شـتەی کـە ئـەوی بـەرەو دۆزینەوەیەکـی گرنـگ پـاڵ پێـوە نـا. ئـەو بـە شێوەیەکی سـەرەکی تایبەتمەندییگەلێکـی وەکـوو «لوپرسـییەکان» (لـە نەریتـی ئایینـی ئاخـری سـاڵ لـە ڕۆمـدا) کنتارووییـەکان (لـە ئەفسـانە کـەم تـا زۆر شـاعیرانەکانی یۆنـان) و گنـداروەکان (لـە ئەفسـانە هیندییـەکان کـە تاڕادەیـەک پێشـینەی ڕێوڕەسـمی سـاڵی نـوێ دەخنـەڕوو) دەرخسـت.

بـەم چەشـنە، لەگـەڵ ناسـینی چییەتـی هینـد و ئەورووپـی، چینێکـی ئینسـانی، کـە لـە خۆیـدا جۆرێـک بـوون لـە تاقمێـک گەنجـی ئـازا، و لادەر و هـاوکات ئوسـتوورەیی، ئایینـی و کۆمەڵایەتیشـە، ئـەوەی کـە دواتـر باسـی دەکەیـن، بـۆ زانسـتی

ئێمە لەم سیستەمدا گرنگی هەیە، لوپرسییەکان لە راستیدا هاوتای فلامنەکانن، بۆ نموونە «فلامن دیالیسەکان» هیچکات رووت نابنەوە، «لوپرسییە»کانیش دەبێ بەو شێوە بن، ئەوان زەنجیرێکیان بە دەستەوەیە، فلامن دیالیسەکان، تەنیا زنجیرێکیان بە دەستەوەیە، کە کراوە و بەتاڵە، لوپرسییەکان سەگەکان دەکەن بە قوربانی، لە کاتێکدا «فلامنەکان» نە ناوی سەگ دەبەن و نە دەستیشی لێ دەدەن، ئێستا دەوترێ کە کە «لوپرسییەکان» بە دەستی «روملۆس» جێگیر بوون، «دومزیل» پێکدادانی نێوان رومۆلوس و نوما لەگەڵ جەنگی نێوان «ورونا و میترا «دا بە یەکسان دەزانێ، «گونترت»یش بەرلەمە بە رووبەڕوو بوونەوەی نێوان میترا ـ ورونا ئاماژەی کردبوو، میترا لەڕووی ئاوەزەوە رۆحانی، بە پیت، یاسابەخش، ئارامشدەر و خودفەرمایە، ورونا لەڕووی شەڕ کردنەوە، شەڕخواز، بێبەزەیی، و بۆ خۆی خاوەنی دەسەڵاتە بەگشتی «ورونا» زیاتر جادووگەر و میتراییش زۆرتر «داوەر»ە، بەڵام نێوان ئەم دوو لایەنە نە پێکدادان، بەڵکوو هاوکاری و یارمەتی دەوری هەیە، ئەمانە دوو لایەنی تەواوکەرن لە دەسەڵاتدارێتی لە ئیزدستانی رۆمیدا، ئەم جیاوازییە لە نێوان «ژوپیتر سومانۆس و دیوس فدیوسدا» بوونی هەیە، شتێک وەکوو ئەم جیاوازییە لە ئوستوورەناسیی «توتونیک»دا بەرچاو دەکەوێ. جگەلە «اودین،

یان ووتان، تیر یان زیو» بوونی هەیە، یەکەم جادووگەرێکی بێبەزیی و دووەمیش داوەرێکی ئارام و نەرمونیانە، بەڵام ناتوانین تەواوی کردەوەکانی تایبەت بە ئەسڵی فەرمانڕوایی ئەم دوو لایەنە لە ئوستوورەکانی رۆمی، «توتونیک، یان سلتی»دا بە دوایدا بگەڕێین، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە ئەم ئەسڵە لە پەنای کۆمەڵگەی سێ بەشیدا کلیلێکی پێداین، کە گێژترین و لە هەمانکاتدا دەرکەوتەترین نهێنییەکانی ئاموزەی زەردەشت دەکاتەوە، واتە ئەو «مینوو»انەی کە ئەهوورامەزدایان گرتووە و ناویان « سوودمەندانی نەمر» یان «ئەمشاسپەندان»ە، لە بەشی دواتردا بەم باسەوە خەریک دەبین، هەروەها لەوانەیە بە پێچەوانەوە دەرخستن و روونکردنەوەی ئەم کێشە ئێرانییە بووبێت کە تاڕادەیەکی بەرچاو پەردەی لەسەر ئەم سیستەمە هیند و ئەورووپییە لادا و بۆچوونە بەربڵاو و گشتگیرەکەی «دومزیل» ی دەوڵەمەند کرد.

# بەشی سێیەم

# ئەمشاسپەندان

مەسـەلەی چییەتـی و ئەسـڵی ئەمشسـپەندان لـە چەنـد لایەنێکـەوە لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر کـراوە، هەندێـک لـە توێـژەران وەکـوو «لهمـن و گـری» هەوڵیـان دا تاکـوو ماناکـەی لـە چەمکێکـی دەرەکییـەوە راکێشـن، بەتایبـەت «دارمسسـتر و تییـل» لـە چەمکێکـی پەتـی و ئەبسـتراکت و نزیکـی نێـوان ئـەم بوونـەوەرە مانەوییانـە لەگـەڵ ئادیتاگەلـی هینـدی دەسـت پێبکـەن، نزیکایەتییـەک کـە «راس» پێشـتر باسـی کردبـوو، بـە تـەواوی ئەمانـەوە، کەسـانێکی وەکـوو «ئوڵدنبـرگ و پتازۆنـی» وایـان دەزانـی هـەردوو گرووپـی ئـەم مانەویانـە ئاخێزگەیەکی هاوبەشـیان لـە یاسـای ئەسـتێرکی بابلییەکانـدا هەیـە، بـەم چەشـنە بـوو کـە بۆچوونگەلێکـی دژبەیـەک کەلـە سـەردەمی لێکدانەوەکانـی «کیگـر» سـەبارەت بـە «ئەمشاسـپەندان» کەوتـە بەربـاس، لەگـەڵ ئـەوەدا چـواردە سـاڵ دواتـر «لومـل» تـەواوی ئـەم بۆچـوون و تیۆرانـەی رەت کـردەوە، لـە روانگـەی ئـەم لێکۆڵـەرەوە، نـە مانای ئەبسـتراکت و نـەش مانـای دەرەکـی و واقیعـی نەیاندەتوانـی پاسـاوی یەکتـر بن، نزیـک لەگـەڵ «ئادیتیاکانیشـدا» بۆچوونێکـی پـەرت و دوور لـە هـزر بـوون، چونکـە هیـچ ناوێکـی هاوبـەش لـەم دوو تاقمـە بوونـی نەبـوو و هـاوکات بیرۆکـەی ئەسـتێرەیی بابلییەکانیـش بـە تەواوەتـی بـێ بنەمـا بـوو، بـەڵام ئـەم بڕیـارە نێگەتیڤـە دەربـارەی هەندێـک لـە گومانـەکان بەتـەواوی نادادپەروەرانـە بـوو، ئـەو گومانانـەی کـە

دەکرا ناویان لێ ببەین، «گری» لە بنەمای دینە ئێرانییەکاندا لە تەواوی ئەم گومانانە و هاوکات لە هەندێک لە بیردۆزییەکانی خۆی قسەی کردووە، «موڵتون» بەرلەمە باسی کردبوو، کە وهومنە لە گاتاکاندا بە جۆرێک بۆتە جێنشینی میهری پاسەوان و سەروەری رەمە، ئەو هاوجووتیەی کە کریستیەن سنیش ئاماژەی پێکردبوو، گری لاپەڕە (٥٤) زیاتر رۆیشت و باسی لە بیردۆزییەک کرد، کە بە گوێرەی ئەمە «وهومنە»ی بەناو و ناتۆرەی پێشووی مێهر دەناساند، سەبارەت بە «ئەشە» گری، بە جێگیرکردنی ئەمشسپەند، وەکوو هاوتای ئاگتی ودایی ـ ئەویش بەهۆی حەزکردنی ئەو بە ئاگر ـ بە تەواوی پووکایەوە، سەبارەت بە «خششرە» ئەو بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشی باس کرد، ئەویش بە هاوتای «ایندیرای ودایی» زانی، سەبارەت بە خورداد و مورداد، گری، باس لە بۆچوونەکەی «موڵتون» دەکات، کە بە گوێرەی ئەمە ئەم دوو ئەشپاسەندە، دەبێ نوێنەری ئێرانی هاولفی ئاسمانی هیند و ئەورووپی بن، بەڵام سەبارەت بە ئارمیتی ـ کە بە ئاشکرا وەکوو خوای خاتوونی زەوی دەردەکەوێ (یسن ـ ٤٧ برگەی ـ ٣) ئەو شوێنەی کە سپنتەمینوو بۆ پێدانی لەوەڕگە دروستی دەکات، ـ گریو لە ریشەناسی موڵتون ـ کە ئەم وشەیەی بە دایکی زەوی ناساند ـ قسەی کرد، بەڵام وادیارە، ئەو دەربارەی وتارەکەی

«وسندونگ» سەبارەت بە ئارمیتی بێ ئاگا بووە، ئەو وتارەی کە سەبارەت پێی ئەمشاسپندان وەها بە دەرەنجام دەگات، جیالەمە ئارمیتی ـ کە زەردەشت لە سرووتی گاتاکاندا وەکوو هێزی پەتی باسی دەکات، دەبێ بە خوا ژنی رەسەنی زەوی بزانین، ئەگەرچی هیند

و ئێرانییەکان بەرلەوە، لەگەڵ پارێزکاریی و خۆبەکەم زانیدا تێکەڵیان کردبوو، بیرەوەریی «ئارمیتییەک» وەکوو خواژنی کۆن لە هیند ـ لانیکەم لە دیاردەکاندا ماوەتەوە، ئەمە لە کاتێک دایە وادیارە نەریتێکی بە هێزتر لەنێو ئێرانییەکاندا بوونی هەبووە، بۆ میتۆدی زەردەشتی، زانینی ئەوەی کە چۆن بنیاتنەری ئایینی رۆژهەڵاتی ئێران باوەڕی بە میرات گەیشتووەکانی دامەزران وتەوە. زۆر گرنگە لەڕاستیدا ئەم رستانە ئاماژە بە رەوتێکی دروست دەکەن، بەستێن بۆ «دومزیل» ئامادە بوو، بەڵام نیبرگ لە باسە سەرنجڕاکێشەکەی کتێبەکەیدا (دینە کۆنەکانی ئێران) لاپەڕە ٨٧ بۆ ماوەیەکیش بووە، بابەتەکی شاردەوە، ئەو لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەمشاسپەندان وەکوو کۆمەڵێک لەبەرچاو بگیردرێت و هاوکات وەهاش بخوێندرێتەوە، خوێندنەوە و لێکدانەوەیەک کە ئەگەر دروستکردنەوەی وشەگەلی زۆربەی ئەم ناوانە لەبەرچاو نەگرێت، رێگە نادۆزێتەوە، رۆشنگەری

کاتێـک دەسـتی پێکـرد، کـە دومزیـل لانیکـەم بـە هەبوونـی دوو ئەسـڵەکەی خـۆی کـردەوەی سـێ بەشـی و دەسـەڵاتی دوولایەنـە، بیـری کـردەوە تاکـوو لـەوان لـە شـرۆڤەی ئەمشاسـپەندان دواتریـش بەراوردکردنیـان نـەوک لەگـەڵ ئادیتیـاکان، کـە لەگـەڵ ناواخنـی خودایانـی میتانیـدا کەڵـک وەربگرێـت، ئـەم بەڵگـە (میتانـی) ـ کـە میتـرا، ورونـا، ایندیـرا، و ناستیاسـەکان، تییێـدا بـە روونـی دیـاری دەکرێـن ـ دەسـپێکی رەوشـەنگەرییەکی لـە بەرانبـەر کریسـتیەن سـن ـ کـە لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا ـ ئامـادە کـرد، ئـەم لێکۆڵـەرە بـە پێکدادانـی نێـوان دوو خـودای یەکـەم ـ کـە «اسـورەکان» بـوون و ایندیـرا ـ کـە دێوێـک بـوو ئامـاژە دەکات لـە ئەسـتۆی «دومزیـل» بـوو تاکـوو بـە مەبەسـتی دەسـت پێڕاگەیشـتن بـە پاسـاوێکی تـەواو لـەم ناواخنـە، (خـوداکان) و لـە هەمانکاتـدا بـۆ دۆزینـەوەی کلیدێـک بـۆ شـرۆڤە و لێکدانـەوەی ئەمشاسـپەندان، گشـتییەتی بەخشـی بـەم دەربڕینـە، دەکـرێ ئـەم خودایانـە بـە شـێوەی خـوارەوە پۆلێنبەندیـی بکەیـن:

کردەوەی یەکەم: «ورونا، میترا، ئەشە، وهومنە»

کردەوەی دووەم: «ایندیرا خششرە»

کردەوەی سێیەم: «٢ ناستیاس، خورداد، مورداد»

«ریتـا» رێـک بەرانبـەری «ئەشـە» لـە وداو بـە شـێوازێکی

ئاشـكرا لەگـەڵ ورونـا پێوەنديـی هەيـە، دووبـارە ناسـينەوەی «وهومنـە لـە ئەشـە»ش ئەوكاتـەی بـە شـێوەی جياواز قسـەيان لێدەكرێـت ـ زۆر دژوارە، بـەڵام لـە زۆر رووەوە ـ كـە لەوانـدا لـەم دوو ئەمشاسـپەندە لەگـەڵ يەكدا نـاو دەبرێـت ـ بـاس لـەوە دەكـرێ، كـە «وهومنـە» لەگـەڵ « ئەشـە»دا هەمـان ئـەو پێوەندييـەی هەيـە، كـە ميتـرا لەگـەڵ ورونـادا هەيەتـی، هەروەهـا «ديـوس فديـوس لەگـەڵ ژوپيترسـومانوس.... ئێسـتا هـەوڵ دەدەم تاكـوو ئـەم بابەتـە بـە درێـژی بـاس بكـەم، جگەلەمـە دەبينيـن نزيكايەتيـی وهومنـە لەگـەڵ ميتـرادا ـ ئـەو جـۆرەی كـە موڵتـون، كريسـتيەن سـن و گـری ئامـاژەيـان پێكـردووە، دەپارێزرێـت.

خشـترە ـ كـە بەرلەوەتـر «گـری» پێـی وابـوو، لەگـەڵ ويندیرادا پێوەنديـی هەبـوو ـ خـۆی لـە ئيرانـدا، لـە پێوەنديـی لەگـەڵ توێـژی جەنگاوەرانـدا دەردەكـەوێ، لەنێـو «ئاسـی زمانەكانـدا» تايبەتمەندييـەک هەيـە كـە دەرخـەری كسـتراكە كـە بـۆ ناونانـی ئـەم توێـژە بـە كتـری دەبـن و خۆيشـی لەگـەڵ سانسـكريتدا موتابەقەتـی هەيـە.

زەجـی خـورداد ـ مـورداد ـ ئـەو جـۆرەی كـە موڵتـۆن پێـی زانيبـوو، نەتەنيـا وەكـوو پشـتيوانی سـڵامەتی و درێژيـی تەمـەن، بەڵكـوو لـە ئوسـتوورەكانياندا، لەگـەڵ ناسـتياكان و ئەشـوينەكاندا

ڕێک دەکەوێ و لێکچوونیان هەیە، فریشتەکانی ـ هاروت و ماروت ـ کەلە قورئاندا دەرکەوتوون و لە ئەدەبیاتی یەهوودا، بە شێوەی هاروتات و امیرتاتو هاتووە، هەروەها کە بە ئاشکرا لە ناوەکانیاندا ئاشکرایە، ئەکتەرانی هاروهاجن ـ یانی گومڕاکردنی ژنێک ـ کە لێکچوونی نزیکی لەگەڵ یەکێک لە ئوستوورەکانی پەیوەست بە ناستیاکان لە هیند دایە، جەوهەری کتێبەکەی دومزیل ئەمە بوو، یانی لەدایک بوونی فریشتە نزیکەکان، کتێبێک کەلە یەکەمین داڕشتنیدا لە سەردەمێکدا لە مانگی فیڤریەی (١٩٤٥)دا لە هزری نووسەردا چەکەرەی کرد و چەند مانگ دواتر وەکوو بەرهەمێک دەرکەوت، بڕیار بوو ئەو لە سیستەمی خۆی ـ تاکوو ئەو شوێنەی کە بە خودایانی وەداییەوە پێوەندیی هەیە، وێنەیەکیان بەسەر کتێبکی دۆزراوە لە لوڕستاندا دەستکەوت، بەڵام لە نێوان ئەمشاسپەندان، دوو بابەت ـ سپنتە مینۆ و ئارمیتی ـ بێ لێکدانەوە مایەوە، ڕۆشنگەری سەبارەت بەم دوو ئەمشاسپەندە، بابەتی کتێبێکی تر بوو لەژێر ناوی «تارپیا» کە ساڵی (١٩٤٧) چاپکرا، دومزیل لەم بەرهەمەدا خستیەڕوو ئارمیتی لە هەندی شوێندا بەرانبەری خواژنی ئێرانی «ئاناهیتایە» خودایەک کە بە نۆرەی خۆی هاوتای خواژنی ڕووبارەکان لە هیند «سەرسەوتی، یە، لومل» وتارێکی بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە پیشان دا کە ناوی «اردویسوراناهیتا»

لەوانەیە لە سێ ناو و ناتۆرەی «هەرەوەتی»یە لەلایەکیترەوە، هەرکام لەم سێ ناوە، پێوەندیی ئەم خواژنە لەگەڵ یەکێک لەو سێ کردارە، دەخاتە بەرچاو، «اردوی» بە سەرما، (کردەوەی سێیەم) سورا قوی، (کردەوەی دووەم) ئاناهیتای پاک، بێ کەموکورتی (کردەوەی یەکەم).

سەبارەت بە سپنتەمینوو و هاوتای ئەهریمەنی ئەو کە مینیو یان ئەهرمینیو، دومزیل ئەوانی لەگەڵ دوو «وای»

هات و لە کتێبی پاڵەوییدا ـ واتە وای چاک و وای خراپ کە لە هەر شتێکدا دەردەکەوێ، دەبێ بەراوردی بکات، بەڵام وایو ـ کە دەوترێ خاوەنی دوو لایەنی چاک و بە ئاماژەش خراپەیە ـ یەکەمین رووداوی «وەرسەرغنە» بووە و رێگەی هاتن بۆ جیهانی دوارۆژ دەگرێتەبەر، بە شێوەیەکی لێکچوو، دوو مینووی چاک و خراپیش لە سەرووی شتەکانەوە.

بە شێوەیەکی نزیک، ئاور (ئاتر) وەکوو «ئاگنی» لە هیند لە کوتاییدا جێگیر دەکات، ئەم تایبەتمەنییانە کۆنترە لە سەردەمی هیند و ئێرانی، چونکە هاوتاکانیان لە رۆم دایە ـ واتە جانووس وەکوو دەسپێکەری دوو سیما لە سەروودا و وێستا لە کۆتاییدا.

| | | |
|---|---|---|
| جانوس دوو سیما | وایو دوانەیی | سپنته — اکه مینیو |
| ژوپیتر<br>دیوس فدیوس<br>مارسایندیرا | ورونا<br>میترا | ئەشه<br>وهومنه<br>خشثره |
| کرینوس | ۲ ناستیا | هاوروتات / امرتات |
| وستا | سرسوتی | ارمئیتی |
| | اگنی | ئاور |

دومزیل دیسانەوە لە میتۆدەکانی خۆی کەڵکی زۆرتری وەرگرت، لەوانە یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەو لەژێر ناوی ئاریامن، کەلە ساڵی ۱۹٤۹ چاپکرا، ائریامن لە هیند زۆرتر لەگەڵ میترا ـ و نە لەگەڵ ورونا ـ پێوەندیی هەیە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین: بە نیوەی دەسەڵاتدارێتی میتراوە پێوەندیی هەیە، لەڕاستیدا لەسەر بوونی وەها پێوەندییەک لە ئێراندا دەتوانین مۆرکی پەسەندی لێ بدەین، وەکوو دیارە و هومنە هاوتای گاهانی میترایە، لە یەکەمین بەیتەکان لە یەسنا بەناوبانگ ـ ٥٤ وەها دەخوێنینەوە، بهێڵە ئاریامنی ئازیز، بۆ پشتیوانی لە ژنان و پیاوان پەیڕەوی زەردەشت بگات، بۆ پشتیوانی لە وهومنە، جگەلەمە ئاریامن لە ودا، پشتیوانی هاوسەرگیریی و لە

ئاڤێستادا پشتیوانی شفای نەخۆشەکانە، ئەهوورامەزدا بۆ بەرگری لە تەواوی نەخۆشینەکان داوای یارمەتی لێدەکات، ئاریامن لە گوێڕایەڵیی ئەهوورامۆزدا، ڕێوڕەسمی گمیزی بە جێگە هێنا، ڕێوڕەسمێک کە خۆی کەندنی کونەکان و چاڵەکان بە گوێرەی پلانی ڕێکخراو و دواتریش ڕشتنی میزی گا و شۆردنی کەسەکان لەناویدا، دەگرێتەوە، لە وەداکاندا، ئەنگیراسەکان ـ کە توێژێک بوون لە برهمنانی ئوستوورەکان ـ گایەکی سەرسوڕهێنەریان لەلایەن خوداوە پێگەیشت، بەڵام «ڕێگە» چۆن دۆشینیان نەدەزانی، ئەمەی «ئاریامەن» بوو کە ڕێگەی شیر دۆشینی پێ نیشان دان، جیالەمە، «ئاریامەن» وەکوو ڕزقدەر و باوکی نیعمەت ناسرا، ئەم تایبەتمەندییە دواهەمینە پیوەندیی بەناوی واقیعی ئەوەوە هەیە ـ کە زۆریش ڕوونە ـ ئاریامەن پشتیوانی ئارییی و تەواوی ئارییییەکانە، توێژینەوە دەربارەی ئاریامەن، بە نۆرەی خۆی، سەبارەت بە چییەتی ئادیتاکان ـ کە خۆی یەکێک لەوانەیە، ئەپستمۆلۆژییەکی نوێی هێنایە ئاراوە.

چونکە هێدی هێدی بە مێشکی دومزیلدا ـ لەم قۆناغەی توێژینەوەکەیدا ـ کە لەوانە تەواوی ئادیتاکان ـ وەکوو ورروونا، میترا و ئاریامن، بە جۆرێک لەگەڵ کردەوەی دەسەڵاتدارەکاندا پێوەندیی هەبوو، بەپێی ئەمە ئەو لە کتێبی، خودایانی

هیند و ئەورووپایی (١٩٥٢، لاپەڕە، ٥٤ بەدوا) سەبارەت بە پێوەندیی هەرکام لەم ئادیتایانە لەگەڵ هەرکام لەم دوو لایەنەدا بە ڕۆشنگەرییەوە سەرقاڵ بوو، دەرکەوت کە هەردوو ئاریا و بوغ لە نزیکانی میتران، یەکەم تایبەتە بە پاراستن و هێشتنەوەی خەڵک و دووەمیش تایبەتە بە پیت و بەخشینی سەرمایەوە، کە هەرکامیشیان خاوەنی هاوتاییەکی ورونایی ـ واتە دەکشە و امشە ـ یە، ئێستا ماوەتەوە، کە بۆ ئادیتاکان، لێکچوونگەلێک لە ئێراندا پەیدا بێت، ئەگەرچی نە ئاریامەن و نەش بوغ لە گاتاکاندا نەناسراون، بەڵام دوو یەزدانی «سروش و اشی» ـ لە ئاکامی گۆڕانی چییەتی لە سیستەمی ئەخلاقی زەردەشتدا ـ جێگەی ئەوانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە و وا دێتە بەرچاو کە تەنیا «دکشە و امشە، ئاریامەن و بوغ ـ لە ئێراندا دژبەریان نەبێت، بەڵام ئەم بابەتە زۆر گرنگ نییە، چونکە وابزانم، ئەم دوانە داهێنانی دەسکردن، لەڕاستیدا، ورونا بەهۆی دووریی و جیابوونەوەی زۆرتر لە جیهان ـ لە بەراورد لەگەڵ میترادا پێویستی بە بەندیوارانی لەم چەشنە نەبێت، لەلایەکیترەوە، دومزیل لە وتارێکدا لەژێر ناوی «ویشنو و ماروتەکان» گۆڤاری ئاسیایی (١٩٥٣) سەلماندی کە ئیدیی خودای هندیش لە یاسای زەردەشتیدا پێگەیەکی بەرزی هەیە وادیارە ناوی ویشنۆ بە هەر ریشەناسییەکەوە ـ بە هەبوونی

پێشگری ـ وی ـ لەڕووی ماناوە تووشی هەڵوەشاندنەوە بووە، ناوێک کە جێگەی خۆی بە «رشن» بە شێوەیەکی ئەخلاقیتر و باوتر دەدات، بۆ سەلماندنی ئەم چەشنە پاساوە، دەتوانین لە دوو بابەتییتری لێکچوو، بە دەرەنجام بگەین، یەکەم داهێنانی باوی دوای «وەدایییەکان» خودایە، کە بە ئاشکرا دامەزراوە لەسەر لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی «ئاسورا» بە شێوەی «سورا» ئەو داهێنانە کاتێک رووی دا، کە «ئاسورا» مانایەکی بە ئاشکرا نەگونجاوی بەخۆوە گرت، جیالەمە ئەم داهێنانە لەڕاستیدا وەکوو گۆڕینی شێوازی «ویشنۆ»یە، ئەو خودایەی کە ئێرانییەکان ئەویان بە جیاوازتر و لێزانتر دەبینی، کە بەدڵنیاییەوە لە سیستەمی زەردەشتیدا قبووڵ دەکرێت، بابەتیتری لێکچوو دەبێ لە لێکدانەوەی «بار» لە «درایوو» و «دراگو»ی ئاڤێستایی وەربگرین، بە گوێرەی پاساوی ئەم لێکۆڵەرە، دەبێ «دراگۆ» وەکوو هاوتای پۆزەتیڤ، بۆ «دراگۆی» میراتبەریی، پیکبهێنرێت، ئەڵبەت ئەمە بیرۆکەیەکە و بەپێچەوانەی بابەتی «ئاسورا» ناکرێ بە شتێکی راستەقینەی بزانین، ئەگەرچی «بار» لەم بابەتە دواییینە (واتە ئاسورا) بۆ سەلماندنی بیرۆکەکەی خۆی بە دوای داڵدەدا دەگەڕێ، ئێمە ئەم سێ بابەتەی سەرەوە دەتوانین، لە دەرەنجامگرتنی خۆماندا و بە شێوەی پێڕستێک بخەینە بەرچاو:

| | | |
|---|---|---|
| ئێران | هند | |
| ڤایشنو/ راشنۆ | ئاسورا/ سورا | |
| | ئادریگو/ دریگو | |

بنەمای سێ بەشی بۆ دوایەمین جارلە شرۆڤە و لێکدانەوەی فەرەوەشییەکاندا کەڵکی لێوەرگیراوە ـ پێوەندیی فەرەوەشییەکان ـ ئەو ئەسڵە گرنگەی کە پێشتر نەناسرابوو، بە دووەمین کردەوە واتە (جەنگاوەران) هاوکات سەرنجی دومزیلی ـ لەو وتارەی کەلە سەرەوە باس کرا ـ هەروەها «کجبار» راکێشا، دەکرێ بۆچوونەکانی دومزیل بەم شێوە کورت بکەینەوە، لە بەشێک لە دینکرددا دەخوێنینەوە، کە بۆ پێکهاتنی زەردەشت، پیاوی کامڵ ـ کەسێک کە بە گوێرەی وتەی ئەو لە شوێنێکیتردا، سێ توێژی «ارتشتار و برزیگر» لە کەسایەتیی ئەودا دەرکەوتبوو ـ گرێدانەوەی سێ رەگەز واتە «خوڕڕە، فروهر، و تەنگەوهەر» پێویست بوو مانای تەنگەوهەر ـ زۆر روونە واتە جەوهەرەی مادیی، «کەجبار» لە لێکدانەوەی خۆیدا لە دوو وشەی فروهەر و تنگەوهەر لەسەر قسەکانی بیلی، لە کتێبی «کێشەکانی زەردەشتی» لە کتێبەکانی سەدەی نۆیەمدا، پشتی پێ دەبەستێ، بەڵام لە وتەکانیدا سەبارەت بە «خوڕڕە» هەر لەو کتێبەدا هەندێ گۆڕانی دروست کرد، لە کاتێکدا کە بیلی

ئـەم وشـە بـە «سـەروەت و داواكاری» تەرجەمـە دەكات، كەجبـار لەسـەر ئـەم راسـتییە ـ كـە «سـەروەت و پێگـە» لەلایـەن خـوداوە دەگەیـەت، جەخـت دەكاتـەوە جیالەمـە ئـەم وشـە بـە پاڕانـەوەی خـودا تەرجەمـە دەكاتـەوە، بـەڵام مـن بـۆ وەرگێڕانـی ئـەم وشـە «لوتفـی خوایـی» پێشـنیار دەكـەم، هـەر جۆرێـك بێـت، خـوڕڕە» پێدانـی خـودای خـاوەن دەسـەڵات و فەرمانـڕەواكان و درەوشـانەوەی دەسـەڵاتدارێتییە جیالەمـە «خـوڕڕە» لـە پێكهێنانـی كەسـایەتیی زەردەشـتدا، واتـە نیـوەی كاركـردی یەكـەم دەردەكـەوێ، لەوێـوە كە بابەتـی سـێیەم، «تنگەوهـەر» — لەگەڵ خـواردن و ژیاندا پێوەندیی هەیـە و بـە مانـای جەسـتەی «زوهـەرە» ـ لـە ئاكامـدا بـەو شـێوەیە دەمێنێتـەوە، بابەتـی دووەم، واتـە «فروهـەر» كـە بـە كـرداری دووەم، (وتتـە ارتشـتاران) پێوەندیـی هەیـە، بـۆ ماوەیەكـی درێـژ، لێكۆڵـەران لێكدانەوەیەكـی نادروسـتیان لـە فروهـەر دەكـرد، تاكـوو ئـەوەی «بیلـی» نیشـانی دا، كـە سـوننەتی خۆجێـی لـە رێگـەی ریشەناسـییەوە و بـە لەبەرچـاو گرتنـی لێكدانەوەگەلێكـی وەكـوو «ئەسـڵی هەڵبـژاردن»، یـان «خـۆراك»، یـان «گەشـە» كـردن، مانـای ئـەم وشـەیەیان گۆڕیـوە، لەڕاسـتیدا وا بەرچـاو دەكـەوێ، كـە ئـەم وشـەیە لـە ریشـەی «ڤـارورا» بـە مانـای بەرگریكـردن، نزیكایەتیـی لەگـەڵ وشـەی پالـەوی «گـورد «پاڵـەوان»دا هەیـە، راسـتییەك كـە سـەبارەت بـە وشـەگەلێكی وەكـوو «فرورتیـش ـ بـە مانـای «گـورد نامـی» ـ رۆشـنگەریی دەكات، ئـەم چەمـك و

تێگەیشــتنە، کــە ئــەم وشــەیەی بــە «ئاگابــوون و پاڵەوانــی» ( هینــدی) دەبەســتێتەوە، لــەو هێــزە پارێــزکار و هەڵقوڵیــو لــە خــاوەن دەســەڵاتێک، تەنانــەت دوای مەرگــی ئەویشــە، وا بەرچــاو دەکــەوێ کــە ئــەم بــاوەڕە لەڕاســتیدا ئەریســتۆکراتیکە، لــە یۆنانــی کەونــارادا، ـ ئــەو شــوێنەی کــە هــەر کەســێک دوای مــەرگ دەبێتــە قارەمان، یان لــە میســردا ـ ئــەو شــوێنەی کــە هەمــوو کەســێک بــە «اوزیریــس» دەژمێردرێــت، شــێوەیەکی عــەوام پەســەندی هەبێــت، هــەر مرۆڤێــک، لانیکــەم هــەر مرۆڤێکــی دادوەر، فەرەوەشــی خــۆی هەبــوو، واتــە دوای مــردن، خاوەنــی هێزێکــی پارێــزگار بــوو، جێــی باســە ئــەوەی کــە ئــەم هێــزە ـ ئــەو جــۆرەی کەلــە فریشــتەیەکی پارێــزکار چاوەڕێ دەکــرێ نــە لــە پشــتیوانی کردنــی تــاک، بەڵکــوو بــە قازانجــی ئەوانــەی کــە داوای یارمەتــی لێدەکــەن، دێتــە کایــەوە لەلایەکیتــرەوە ئــەم هێــزەی کــە دوای مردنــی تاکیــش دەمێنێتــەوە، دەبــێ لــە کاتــی ژیانــی ئەویشــدا بوونــی هەبووبێــ پێگــەی ٧ لــە یەســنا ـ ٢٦، دا ئــەم هێــزە هەنــدێ جــار دەبێتــە بەرانبــەری «ڕۆح» (بــە زۆری جیاوازییــەک لــە نێــوان ئــەم دوو چەمکــەدا هەیــە) لــە ئەنجامــدا فرەوەشــی وەکــوو هێزێکــی «هەمیشــەیی» بــاس دەکــرێ، بڕگــەی ٥ لــە یسنس ـ ٢٤، لــە فرەوەشــی مــردووەکان و لەدایــک نەبــوون قســە دەکــرێ، لــە دەقــی «دینکــرد» کــە «کجبــار» توێژینــەوەی لەســەر کــردووە، ئەفســانەیەکی تایبــەت لەســەر پێوەندیــی فروهــەر لەگــەڵ کــرداری دووەم، دەســەلمێنێ، لــەم ئەفســانەدا، دایکــی زەردەشــت،

فروهـەر، منداڵێـک کـە بڕیـارە بێتـە دنیـاوە، لـە شـێوەی»گیایەکی مەوهـووم»دا بـۆ لای خـۆی رادەکێشـێ پێوەندیـی هـووم لەگـەڵ ئاییـنی مێهـردا ـ ئاڵتەرناتیڤی ئێرانییەکانـە بـۆ «ایندیـرا» ـ و بـە جۆرێکیتـر لەگـەڵ ئایینێکـی شـەڕخوازدا، شـتێکی سـەلمێندراوە، لەگـەڵ کارەکانـی دومزیلـدا و هـاوکات پشـتیوانی «کجبـار» لـە وەها لێکۆڵەرێکـی دۆر ئەندێشـدا، هەروەهـا لـە زۆربـەی کۆبوونەوکانـدا سـەبارەت بـە توانـای لێکدانـەوەی «ئەمشاسـپەندان» گومـان هەیـە، «اچ. اچ. شـدر» لـە سـاڵی ١٩٤٠ توانـی بـە جۆرێکییتـر بنووسـێت، کـە ئەمشاسـپەندان بـە زۆری هێزگەلێکـی ناچالاکـن و ئـەوەی کـە هـەوڵ دەدەن لـە راکێشـانی بڕگەگەلێـک لـە دەقێکـی شـپرز ـ کـە تیایـدا لـە دیاریکردنـی دەسـەڵاتێکی خـودا نـاو دەبـرێ ـ بە تەواوەتـی پێچەوانـەی شـێواز و رەوتـی گاتاکانـە، بـەڵام ولنتـز، لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٥٤دا لـە لێکدانـەوەی خـۆی لـە یسـن ـ ٢٨، هەروەهـا لـەو بـاوەڕە دایـە، ئەگـەر لێکۆڵەرێـک بیـەوێ بـاس لـە هـەرکام لـەم مانەوییانـە بـکات، لەڕاسـتیدا بـە دەرەنجامێکـی دژبەرانـە دەگات بـۆ نموونـە ئـەو بـە گێڕانـەوەی لێکدانەوەکانـی «کجبـار و بنونیسـت» لـە بەشی»ئەشـە»دا لـە دەسـەڵاتی پێویسـت بـۆ لێدانـی ئـەوان کـە تەسـلیمی رێککاری نوێـی جیهانـی نابـن، کەڵکـی لـێ وەربگرێـت، جیالەمـە بـەو دەرەنجامـە دەگەیـن، کـە «ئەشـە» دەسـەڵات و توانـای راسـتەقینەی خـۆی، هەبووبێـت، ئێسـتا بـێ هیـچ گومانێـک روونـە، کـە ئەمـە «ئەشـە»یە کـە لـە

زاڵبوون بەسەر دوژمناندا بە جیدیی پشتیوانی دەکات، (یسن ـ ٢٨ برگە ـ ٦) لە لایەکیترەوە، بنونیست لە بەرهەمەکەیدا لەژێر ناوی سەرچاوەکانی ئاڤێستایی، (لاپەڕە ٧٨) وەهای نووسی، ئێمە دەبینین کە ئەشە بەتەواوەتی لە دۆخێکی پاسیف دایە، ئەم ئەمشاسپەندە بەبێ توانایی لە گەیاندنی یارمەتی بە مرۆڤ، پێویستی بە یارمەتیی خەڵک هەیە، بەڵام ناکرێ یەکێک لەم دەربڕینانە دامەزرابێ لەسەر شرۆڤەیەکی ورد لە دەقەکان. لەگەڵ ئەمەدا «لنتز» بە گێڕانەوە لە لێکدانەوەکەی «دومزیل» دەربارەی یسن ـ ٢٨ وەها دەنووسێت: رێکەوەندی ئوژداهاڤات رافونە دەتوانێ بە شێوەی یەکسان بە وهومنە یان ئەشە وە پێوەندیی هەیە.

گرشویج، دەستی کرد بە رەخنەگرتن لە دومزیل، کەسێک کەلە وتارێکدا لەژێر ناوی رۆڵی ئەشە لە برگەی ـ ٣ لە یەسنا ٢٩دا وتی، رۆڵی ئەشە لە برگە ـ ٣ لە یەسنا ـ ٢٩ نادیارتر لەوەیە، کە وەکوو بەڵگەیەکی سەرەکی سەبارەت بە کرداری ئەمشاسپەندان بۆ کارەکەی دومزیل بیدوزێتەوە و دوای ئەوەش لەڕووی دەرهێنان، وەرگێڕانی خۆی لەم برگە ئاراستە دەکات، تەنانەت بە قبووڵ کردنی ئەوە برگە ـ ٣ لە یەسنا ٢٩) واتە برگەیەک کە ئەشە بە پێداویستییەکانی مرۆڤ گرنگی نادات ـ تەنیا ئەو برگە نییە، برگەی ـ ٦یش بوونی هەیە، کە خشتەی

دووەمـی لەگـەڵ بڕگـەی ـ ٣ تەبایـی هەیـە بەراستـی نـە سـەروەری و نـە داوەرێـک پەیدا نەبووە، تەبا لەگەڵ ئەشـەدا (باشـترین راسـتیی) لـە وەرگێڕانـی ماریـا اسـمیت. لـەم رووەوە ئـەم بابەتـە پێویسـتی بە لێکدانـەوەی دووبـارە هەیـە سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە پێـش ئـەوەی باسـی ئـەم بابەتـە بکەیـن، پێویسـتە بـە خاڵێـک ئامـاژە بکـەم و ئـەوەی کـە بـە ئازایەتییـەوە بڵێـم بۆچوونەکـەی «لنتـز» ـ دەربـارەی گاتـاکان، بـەوەی کـە خاوەنـی پەیوەستگییەکی هێڵـی و دوپاتکـراوی دڵخـوازی چەنـد چەمکـی، وەکـوو غەزەلـە کانـی حافـز یـا وتارەکانـی موسـەدیق دەناسـێنێت ـ ئەمـەش بابەتێکـی شـپرزە و ناسـەنتراڵە، ئێمـە چاوەڕێ دەکەیـن لنتـز ـ کـە تاکـوو ئێسـتا لـە یەسـنا ـ ٤٧ و ٢٨ی کۆڵیتـەوە، دەبـێ لـەو پانـزە یەسنەکەیتریش هـەر بـەو شـێوە بکۆڵێتـەوە لەگـەڵ ئەمـەدا هـەر جارێـک ئێمـە وسـتانێکی لۆژیکیـی نێـوان دوو یـان چەنـد بڕگـەی بـە شـوێن یەکدا هاتـوو بەرچـاو دەخەیـن، رێگرێکـی بەدەرلـە قیـن دەخەیتـە سـەر رێگـەی بەڵگـەی هاوکاریـی بیرمەنـدم و بـەم چەشـنە لـە بڕگەکانـی خـوارەوەدا، ئەمشاسـپەندان خـۆی لـە پێکهاتەیەکـی زنجیرئاسـادا دەردەخـات، یەسـنا ـ ٤٥، کـە راهێنەرتریـن یەسـنەکانە لـە سـێ بڕگـەی دواییـدا، کورتەیـەک بـاس دەکات، بڕگـەی ـ ٨ مینیـو و ئەشـە ٩ ئەشـە و وهومنـە خششـرە ١٠: هەمـان سـێ ئەمشاسـپەند لەگـەڵ ئارمئیتـی، هاوروتـات و ئومرتـات. لـە سـەرەتای هەمـان یسـندا (وەکـوو لـە بسواسیشـدا ئامـاژەم پێـداوە، ئـەم بڕگانەمـان

هەیە برگەی ـ ٢ دومینۆ، ٤ ئەشە، وهومنە، ئارمئیتی، ٥: وهومنە، هاوروتات، امرتات. یسن ـ ٤٤ لە کۆتایی خۆیدا تەوالیەکی سادەتر ئاراستە دەکات،برگەی ١٤ و ١٥ ئەشە، ١٦، وهومنە، ١٧: هاروتات و ئومرتات، و لە سەرەتای یسندا : برگەی ـ ٣ ئەشە، ٤: وهومنە.

لە دواییدا پێش ئەوەی لە هەوڵی ئەوەدا بین کە باس لە جیاوازیی نێوان «ئەشە و وهومنە، بکەین، ئەوەی کە دومزیل بە دروستی لەسەر دۆخێک جەخت دەکاتەوە، کە سەلماندنی بابەتەکە زۆر هەستیار دەکاتەوە تەنانەت ئەگەر دەمانزانی کە زەردەشت بە ئاگاییەوە، زەنجیرەییەک لە ئەمشاسپەندان وەکوو رەنگدانەوەیەک لە زنجیرەی خوداکانی قبووڵ کردووە، دیسانەوە نەماندەتوانی باوەڕ بکەین کە ئەو ئەم یاسایەی بە بۆنەوە باس کرد، تاکوو بە حەزەوە تەواوی ئەمان وەکوو گوێڕایەڵی ئەهوورامەزدا نیشان بدات.

جیالەمە، ئەم حەزانە دەبێ بسڕێنەوە، بۆ نموونە، لە کاتێکدا کەلە برگەی ١٢ لە یەسنا ـ ٢٣ ئەشەدا (هێزی هێرشبەر و ترسناک) دەبەخشێ و وهومنەش تازەیی و داهێنان هەردوو دەربڕینەکە لە برگەی ـ ٤ لە یەسنا ـ ٤٣ لەگەڵ یەکدا کۆ دەبنەوە، ئەویش لە رێگەی ئاورەوە کە هەم بە ئەشە زۆر

دەبەخشێ و هەمیش پێدەری دەسەڵاتی هێرشبەرانەیە بۆ سەر وهومنە، لە برگەی ٧ لە یەسنا ـ ٤٩، ئەشە و وهومنە وەک یەک و دەکرێجێگایان بگۆڕدرێت (رەوان) بە ریز لە رێگەی وهومنە و ئەشە ئاگادار دەبێتەوە، برگەی ـ ٣٠ لە یەسنا ـ ٥٣، لە پێوەندیی سێ ئەندامی سییانەیەک قسە دەکات، واتە لە ئەهوورامەزدا ئەشە و وهومنە، هەمان پێوەندی لەگەڵ ئەشە و وهومنە دایە، کە ئەو توانایییە دەدات بە ئەهوورامەزدا کە دەست پێبکات، لەم بارەوە لە برگەی ١٩ لە یەسنا ـ ٤٥ وەها دەخوێنینەوە بکرێ ئەهوورامەزدا لە رێگەی پێوەندیی لەگەڵ ئەشە و وهومنە دا، گەلە و خەڵکی ئێمە زۆر بکات ئەم سیانە جارێکیتر لە برگەی ـ ٧ لە یەسنا ـ ٣٣ دەردەکەون، لە برگەی ـ ١١ لە یەسنا ٤٨ ئارمئیتی، وهومنە و خششرە لە برگەی ٣ لە یەسنا ـ ٣٣، برگە ـ ٧ و ١٢ لە یەسنا ـ ٤٩ برگەی ـ ١ لە یەسنا ـ ٥٠ برگەی لە یەسنا ـ ٤٨ لە وهومنە و ئەشە هاوکات لەگەڵا دیکەی مانەوییەکاندا ناو دەبرێت.

ئێستا ئەمەیە بەڵگەی تایبەت بە جیاوازیی « ئەشە و وهومنە» کە لە شەش بابەتدا پۆلینبەندیی دەکرێت.

١ ـ برگەی ـ ٨ لە یسنە ـ ٢٨: ٢٨ ئەهوورامەزدا (سەروەریی زانا) بەرامبەرە لەگەڵ باشترین راستییەکاندا، (ئەشە) و ئەوەی

کە مرۆڤ لە وهومنە داوای یارمەتی دەکات، بڕگەی ـ ٢ لە یسنە ـ ٤٣، پەرجووکانی وهومنە کە ئێوە (ئەهوورامەزدا) لە ڕێگەی ئەشەوە ئاشکرای دەکەن، بڕگەی ١٢ لە یەسنا ـ ٤٦، خەڵکی لە ڕێگەی «ئەشە»وە دێنە دنیا ئەو کەسانەی کە بە حەزی ئارمئیتی ئارەشتەکانی ژیان زۆر دەکەن، سەروەریی زانا، ئەوان لەگەڵ وهومنەدا یەک دەخات، بڕگەی ـ ٥ لە یەسنا ـ ٥٣، خەڵک دەبێ لە ڕێگەی ئەشەوە بۆ بەدەستهێنانی وهومنە کێبڕکێ بکەن.

ئەشە و وهومنە وەکوو یەک نین، ڕاستە مرۆڤ دەتوانێ ببێتە خاوەنی ئەشە، بڕگەی ـ ١٥ لە یەسنا ـ ی ٤٦ ئێوە ئەشەتان بۆ خۆتان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەمکارە لە ڕێگەی وهومنەوە نایەتە ئەنجام.

٢ ـ لە یسنەدا ـ ٢٩، ڕوونە تاکوو ئەوکاتەی کە پێی «ئەشە» لەنێودا بێ، (بڕگەکانی: ٢، ٣، ٦) چارەیەک بۆ دەرد و ڕەنجی «گا» بوونی نییە، دوای ئەوە یارمەتی خواستن لە وهومنە، لە بڕگەی ٨ خاڵی گرنگی ئەم ڕووداوەیە کە بکرێ ئێوە لەگەڵ وهومنەدا بۆ ئێمە خەڵکی پارێزکار بن، ئەوکات ڕێگەچارە پەیدا دەبێت، وەکوو « کجبار» ئاماژە دەکات هەڵسوکەوتی پاسیڤی «ئەشە» دەتوانێ ئاماژەیەکی تایبەت بێ بە نیسبەت رابردووەوە، چونکە

لەگەڵ باسکردنی ناوی زەردەشتدا «ئەشە» ئەکتیڤ دەبێت، لە برگەی ١٠ لە هەمان یەسنادا هاتووە، کە ئێوە بە ئەهوورامەزدا هێز ببەخشن لە رێگەی ئەشەوە و شەهریوەریش لە رێگەی وهومنەوە، تەنانەت لە وشەی «بار»یشدا وەها هاتووە، بێگومان روونە کە داوا دەکرێ لە مەزدا تا لە رێگەی ئەشەوە، هێز و لە رێگەی وهومەن، شەهریوەر ببەخشێت، برگەی ـ ٨ لە یەسنا ـ٣٠ و وهومنە بە کەسانێک خششرە دەبەخشێ، کە خراپەیان سپاردبێت بە ئەشە، ئەشە جارێکیتر لە برگەی ـ ١٤ لە یەسنا ـ ٤٤ دەردەکەوێت. برگەی ٩ یەسنا ـ ٣٢، (رەوان) گا شکایەتی بۆ لای ئەشە دەبرد، وەکوو ( یەسنا ـ ٢٩) چونکە دەسەڵاتدارە خراپەکان لەگەڵ وهومەندا دەجەنگن، برگەی ـ ٥ لە یەسنا ـ ٣٣، لە کاتێکدا رێگە راستەکان لە رێگەی «ئەشە»وەیە، رێگەی خششرە لە رێگەی وهومەنەوەیە، بە جۆرێکیتر لە برگەی ـ ١٠ لە یەسنا ـ ٣١، سەروەر یان خاوەن دەسەڵات، شوێنکەوتەی ئەشەیە، ئەوەش کە برزیگر، لە وهومەنە برگەی ٧ لە یەسنا ـ ٤٦ لە کرداری وهومەن، ئاور، بە «ئەشە» دەناسرێ برگەی ٩ لە یەسنا ـ ٥٠ لە رێگەی کردەوەی وهومەن، ستایش دەکرێت، «ئەشە» بەتەنیایی بەرپرسی دادپەروەرییە مرۆڤ ئارەزوو دەکات کە ئەشە لە کاتی پاداشدا بە دەسەڵات بێ، (برگەی ـ ١٢ لە یەسنا ـ ٤٣) برگەی ـ ١٤ لە یەسنا ـ ٤٤ و بکرێ خراپە بدەم بەدەستی ئەشەوە؟ برگەی ـ ١٠ لە یەسنا ـ ٥١، بکرێ

ئەشە پاداشی چاکەم پێ ببەخشێت، بەڵام بۆ ئەوەی مرۆڤ شایستەی وەرگرتنی پاداش بێت دەبێ کردەوەکانی وهومەن بە ئەنجام بگەیەنێت، (بڕگەی ١٣ و ١٤، لە یەسنا ـ ٣٤) کە بۆ خۆی لە ڕێگەی هاوروتات و ئومرتات، پاداش دەبەخشێ (بڕگەی ـ ٥ لە یەسنا ـ ٤٥).

٣ ـ لە باسی ئەو بابەتانەی کە پێوەندییان هەیە بە خیلقەتەوە، بڕگەکانی ٣ و٤ لە یەسنا ـ ٤٤: لە بڕگەی ـ ٣ تەنیا لە ئەشە ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ خۆر و مانگ و ئەستێرەکاندا، ناو دەبرێ، دواتر لە بڕگەی ـ ٤ شەو شوێنەی کە تەنیا لە وهومون داوای یارمەتی دەکرێ، ئێمە بە ئاشکرا دادەبەزین بۆ ئاستێکی نزمتر.

دروستە هاوکات ئاماژە بە ئاسمان دەکرێ، بەڵام باس لە زەویش دەکرێ، چ کەسێک زەوی پتەوی لە خوارەوە جێگیر کرد،؟ بەو جۆرەی کە دانەکەوێت، بەڵام ئەم ئاسمانە زیاتر پێوەندیی هەیە بە با و هەورەکانەوە ـ کە پێشتر ئاماژەی پێکرا ـ تاکوو بە ئەستێرەکان ئاسمان بە زەوی نزیکترە، ئەوەندە نزیک تا ئەو شوێنەی لەوانەیە بکەوێتە سەرزەوی، (ئەمەش فەزایە لە فەرهەنگی بارتولۆمە)دا، بەم شێوە مەڵبەندیی «وهومەن» بە ئاشکرا لە مەڵبەندی دووردەستی ئەشە لە خوارترە.

٤ ـ بڕگـەی ١٨ لـە یەسنا ـ ٤٦ زەردەشـت لـە ڕێگـەی وهومەنەوە بەڵێـن دەدا بـە خەڵـک، بـەڵام هـەوڵ دەدا تاکوو لە ڕێگەی ئەشـەوە و سـەروەریی زانـا خوشـحاڵ و رازیـی بکات.

٥ ـ بڕگــەی ٢ لــە یەســنا ـ ٤٦ بەتەواوەتــی روون و ئاشــکرایە، لــە ڕێگــەی «ئەشــە»وە بـۆ گەیشــتن بــە «وهومــەن» فێــر ببــە بڕگــەی ٧ و ٨ لــە یەســنا ـ ٣٤ پێویســتی بــە باســکردن هەیــە، لـە بڕگـەی ٧دا دەخوێنینـەوە، لـە کوێـدا ئەوانـەی باوەڕیـان پێتـە، دەگـەن بـە وهومـەن؟ درێـژەی هەمـان بڕگـەی ـ ٧ ـ لـە روانینـی یەکەمـدا لێـڵ بەرچـاو دەکـەوێ مـن کەسـێک جگەلـە ئێـوە ناناسـم، کەوابـوو رزگارمـان بکـە ئەمـە پێوەندیـی بـە کوێـوە هەیـە؟ بڕگـەی ـ ٨ سـەرداومان پێـدەدا، ئەوانـەی کـە ئەشـەیان نەناسیوە، وهومـەن لـەوان دوورە، جیالەمـە بڕگـە پێشـووەکە وەهـا وەردەگێـڕم، «مـن کەسـێک لـە ئێـوە لـە ڕێگـەی ئەشـەوە ناناسـم، کەوابـوو رزگارمـان بکــە، هەمــان دژایەتیــی نێــوان ئاگایــی و دەســت پێڕاگەیشــتن، پێشـتر لـە بڕگـەی ـ ١٢دا نیشـان دەدرێـت، لـە ڕێگـەی ئەشـەوە ڕێگـە ئاسـانەکانی وهومنەمـان پـێ فێـر بکـە»، لـە بڕگـەی ١٣دا وەهــا درێــژە دەدەیــن، ئــەوە وهومــەن لەلایــەن خــودی ئەشــەوە بـاش دروسـت کـراوە، بڕگـەی ـ ٣ لـە یەسـنا ٤٨ گێژمـان دەکات، «باشــترین فێرکاریــی کــە ســەروەری چاکەخــواز فێرمــان دەکات، لــە ڕێگــەی ئەشــە، بــە ئاگایــی لــە فێرکارییــە شــاردراوەکان لــە

ڕێگـەی دەسـەڵاتی وهومـەن»ەوە. بڕگـەی ٥ ـ لـە یەسـنا ـ٣٣، ڕێگـە ڕاسـتەکان بەرامبـەرن لەگـەڵ ئەشـەدا، پێویسـتە مـرۆڤ فێـری ئەشـە ببێـت، بڕگـەی ـ ١٢ لـە یەسـنا ـ ٤٣، لـە هەمانکاتـدا ئەمـە وهومەنـە کـە زۆرتـر دەسـت ئەکـەوێ و ئـەوەی مرۆڤەکانـن بیـر دەکەنـەوە، چ شـتێک دروسـتە بـۆ زانینـی بەرامبـەر لەگـەڵ ئەشـەدا، بڕگـەی ٨ ـ لـە یەسـنا ٤٤ «ئـەوەی کـە مـن دەپرسـم، لـە ڕێگـەی وهومەنـەوە، ئـەوەی کـە گونجـاوە بـۆ زانینـی بەرامبـەر لەگـەڵ ئەشـەدا» کەمـێ پێشـترلە بڕگـەی ـ ١٣، خەڵکـی لۆمـە دەکرێـن بەهـۆی شـوێن نەکەوتنـی «ئەشـە»و ڕاوێژنەکـردن لەگـەڵ وهومەنـدا، کاتێـک تەنیـا نـاوی یەکێـک لـەو دوو ئەمشاسـپەندە دێتـە گـۆڕێ، دەوتـرێ مرۆڤـەکان شـوێنی ئەشـە دەکـەون، (بڕگـەی ـ ٢ لـە یەسنا ـ ٣٤) بـۆ ئەشـە هـەوڵ دەدا، ( بڕگەی ـ ٤ یەسنا ـ ٢٨) ئەشـە دەهێڵتـەوە، (بڕگـەی ـ ٧ لـە یەسـنا ـ ٣١، بڕگـەی ٧ لـە یەسـنا ٣١ بڕگـەی ـ ١ لـە یەسـنا ـ ٤٣ بڕگـەی ٢ لـە یەسـنا ـ ٤٦) خراپـە دەسـپێرێ بـە ئەشـە (بڕگـەی ـ ١١ لـە یەسـنا ـ ٤٨) بـەڵام ئەمـە وهومەنـە کـە زوو دەگات، بڕگـەی ـ ٦ لـە یەسـنا ـ ٢٨، بڕگـەی ـ ٧ لـە یەسـنا ـ ٤٣ و بڕگـەی ١١ لـە یەسـنا ـ ٨ برشـگەی ـ ٤٤ لـە یەسـنا ـ ١٥ بڕگـەی ـ ٣ لـە یەسـنا ـ ٤٦، بڕگەی ـ ١ لـە یەسنا ـ ٤٩ لـە بڕگەی ـ ١٦ لـە یەسنا ـ ١٥، هـەر دوو ئەمشاسـپەند وەکـوو یـەک دەگیـرن وهومـەن وەکـوو شـێوازی بـاو بـەرەو لای ئەشـە دەردەکـەوێ، ویشتاسـەب لـە ڕێگەکانـی

وهومەنـدا بـە هەنـدێ فێرکاریـی گەیشـت کـە ئەهوورامـەزدا لـە ڕێگـەی ئەشـەوە باسـی کردبـوو. بڕگـەی ـ ٦ لـە یەسـنا ـ ٥٠ «بـە مـن زەردەشـت، پەیغەمبـەر و دۆسـتی سـوێند خـواردووی ئەشـە بێـت، کـە خواوەنـدگار نیشـان بـدات، لـە ڕێگـەی وهومەنـەوە، فێرکارییەکانـی، تاکـوو لـە زمانـی منـەوە بێـت.

٦ ـ بڕگـەی ـ ٦ لـە یەسـنا ٤٨ «ئەهوورامـەزدا لـە ڕێگـەی ئەشـەوە گژوگیـا دەڕوێنـێ، بـۆ ئارمئیتـی و ئارمئیتیـش لەگـەڵ وهومەنـدا، بـە خەڵـک هێـز و توانـا دەبەخشـێ، بـە جۆرێـک وەکـووو ئەشـە، لـە بڕگـەی ـ ١١ لـە یەسـنا ـ ٣٣، و بڕگـەی ـ ١٦لـە یەسـنا ـ ٤٣، پیـت و فراوانـی دەبەخشـێ، لەلایەکیتـرەوە، لـە ڕێگـەی «وهومەن»ەوەیـە کـە ئەهوورامـەزدا دارایـی تاکـەکان زۆر دەکات، بڕگـەی ـ ١٣ لـە یەسـنا ـ ٤٦، بـە جۆرێکـە کـە لـە نێـوان ئەشـە و وهومەنـدا لـەڕووی گەیاندنـی قازانجـەوە، جیاوازییـەک نییـە و وهومەنـەی مـرۆڤ گۆنجـاوە لەگـەڵ کـردار و گوتـاری ئـەودا، بڕگـەی ـ ١٤ لـە یەسـنا ٣٣، بـەڵام هیـچ باسـێک لـە ئەشـەی مـرۆڤ بـاس نەکـراوە.

هـاوکات لەگـەڵ وشـەی کـرداردا (یـا هـاوڕێ لەگـەڵ گوتـاردا) وهومەنـە و هەروەهـا ئارمئیتـی) لـە حاڵەتـی سـەرفی زیـادەدا دەردەکـەوێ، لـە کاتێکـدا ئەشـە لـە حاڵەتـی سـەرفی «بایـی»دا

دێت. سەبارەت بە خششرە و هاوسەری «هاوروتات و ئەمرتات»، ئێمە ئیدی بەڵگەکانی دومزیل کە دامەزراوە لەسەر پێوەندیی ئەوان بە کردەوەی دووەم و سێیەم دوپات ناکەینەوە، سەبارەت بە ئارمئیتیش، کە ئەمشاسەپەندی چەند کارەیە لەسەر ئەم نوکتە دەوەستین، لە تەواوی بڕگەکانداکە لەگەڵ چەند مینوویەکدا پێوەندیی هەیە بڕگەیەک بوونی هەیە، کە دەکرێ بە هەڵبژاردنی ئارمئیتی (لەلایەن ئەهوورامەزداوە،) بخوێنینەوە ئەهوورامەزدا ـ کە تا ئێستا لەگەڵ وهومەنە خششرە و ئەشەدا بووە ـ بەتەواوی ئەو مینوویانەی کە داوای نیعمەت و خوانیان لێ کردووە، دەڵێ: بکرێ ئێمە ئارمئیتی چاک و چاکەکاریی ئێوە هەڵبژێرین، ئەو لە ئێمە دەبێت، ئاخۆ لەوانە نییە کە ئارمئیتی هاتبێتە نێو جەرگەی ئەمشاسپەندانەوە، لانیکەم سێ بڕگە بوونی هەیە، کە گومبوونی ئارمئیتی تیایاندا زۆر بەرچاوە، لەوانە یەسنا ـ ٢٩، ئەو شوێنەی کە ئەشە، وەهومەن و خششرە داوای یارمەتیان لێ دەکرێ، لێکچوونی زۆری خودا پەرەستی لەم یسنەدا بە بڕگەی ـ ٤ لە یەسنا ـ ٥١، بۆ خۆی جیاوازییەک دەخاتە بەردەستمان ونبوونی ئارمئیتی تایبەتی ئەم بڕگە لە یەسنا ـ ٢٩ نییە، ئەو لە تەواوی ئەم یەسنادا بوونی نییە ئاخۆ زوو نییە ئەگەر بڵێین: ئەگەر بەو دەرەنجامە بگەین کاتێک کە زەردەشت بەم یەسنەی دەگوت هێشتا ئارمئیتی نەهێنابووە نێو سیستەمی خۆیەوە، بوونی ئەو ئەوەندە پێویست نەبوو، چونکە تەواوی

کـردەوەکان بەرلــەوە پێشــبینی کرابــوو، تەنانــەت دوای ئــەوەش کـە ئـەم ئەمشاسـپەندە هاتـە نێـو یاسـای زەردەشـتەوە، وەکـوو یەسـنا ـ ٣١ (بڕگـەی ـ ١٢) هەرەهـا نـازەرووری بـوون) بەرچـاو دەکـەوێ، بەڵگـەی ئەمـەش، کاتێـک کەلـە بڕگەکانـی ٦ و ٢١ لـە هەمـان «یسـن» لـە هاوروتـات و ئەمرتـات وەکـوو ئەمشاسـپەندانی دەهەنـدە نـاو دەبـرێ، نـاوی ئـەو دەسڕێتەوە. تەنیـا «یسـن»ێکیتر بوونـی هەیـە، واتـە یەسـنا ـ ٥٠ کـە ئارمئیتـی تیایـدا ونـە، هیـچ شـتێک بەرگریمـان لێنـاکات لـەوەی کـە بیـر بکەینـەوە، یەسـنا ـ ٢٩ و یەسـنا ٥٠ زۆر کۆنتـرە لـە سـەرجەم ئـەوەی کـە باسـمان کـرد.

ئەگـەر ئایینـی زەردەشـت تەواوی خـوا کۆنەکانی هەڵوەشـاندەوە، بـەڵام ئـەو پێگانـەی کـە ئـەو لـەم جیهانـەدا یـان لـە بیـری خەڵکدا بـۆ خـۆی تەرخـان کردبـوو بەتـاڵ هێشـتەوە، کـردەوە تایبەتییەکانی ئــەم خودایانــە ـ کــە نیــوە کەیهانــی و نیــوە ئینســانی بــوون ـ ئێسـتا بـە شـێوەیەکی راسـت دبـن بـە شـوێنکەوتەی خـودای نـوێ، زەردەشــت بەرلــەوەی نوێگەرایــی بــکات، لەلایەکــەوە زەنجیــرە پلەیەکـی سـوننەتی زینـدوو کـردەوە، کـە شـێوەیەکی تایبەتـی ئایینـی ـ سـەبارەت بـە پشـتیوانیی هەندێـک لـە دەسـەڵاتدارانی تایبـەت ـ شـپرزەیان کردبـوو، ئـەم خـاوەن دەسـەڵاتە شـەڕخوازانە، کـە وەکـوو جەمـی ئەفسـانەیی بـۆ رەزایەتـی خەڵـک گایـان دەکـرد بـە قوربانـی و گوشـتەکەیان دەدایـە خەڵـک، دەبـوو بڕۆشـتنایە،

ئـەم زنجیـرە پلیکانـە زینـدوو کـراوە، پشـتیوانی لـە شـوانەکان و بەگشـتی تـەواوی مرۆڤـە خێرخـوازەکان ـ کـە لەژێـر دەسـەڵاتی پاشـایەکی خێرخـوازدا بـوو گەرەنتـی دەکرد. خـوای تاقانـە ـ ئەگـەر بمهـەوێ لێـرەدا پێشـوازی لـە وتـاری دواییمـان بکـەم ـ سەرچەشـنی دەسـەڵاتدارێتیی ئـەم جیهانـە یـان پێگـە و دەسـەڵاتی ئـەو ـ لـە دەرکـی قووڵـی ـ لەسـەر ئـەوەی کـە خـودای تاقانـە و راسـتی و دادپەروەریـی هاوڕێیـە لەگـەڵ خـودای پارێـزەردا هاتـە مەیـدان، خـودای گـەورە، سـودگەیەنەر و چاکەخـواز (سـپنتە) بـوو، لەوێـوە کـە ئـەو لەگـەڵ سـپنتەمینیو ـ مینـووی داهێنـەر ـ هاوسـان بـوو، وەک بڵێـی کـە سێ خـودا لـە خودایەکدا کۆ ببـووەوە، ئـەو خودایـەی کـە بەتەنیایـی هاوتـای سێ خـوای ورونـا، میتـرا، و وایـو، یـە، مینوو‌ییەکانیتریـش ـ ئەگەرچـی نـە ئەوەنـدەش پتـەو و بەهێـز ـ بـەوەوە پێوەندییـان هەبـوو، چونکـە ئـەم خوایـە هـەم ئەشـە بـوو، هـەم وهومنـە و هەمیـش سـپنتەمینوو (تپلیـپ) ئەمشسـپەندان، دیکەشـی لەبەردەسـتدا بـوو، ئارمئیتـی لـەوەوە بـوون خششـرە لـەوەوە بـوو، هاوروتـات و امرتـات لـەوەوە بـوو، ئەمانـە بـوون، کردەوەکانـی خودایانـی کـۆن، چ ئەوانـەی کـە لـە بەرانبـەری سـەروەریی زانـادا سـەریان دانەوانـدوە و چ ئەوانـەش کـە لەگەڵیـان تێکـەڵ بـوون، ئەڵبـەت تەنیـا نیـوەی هـەرکام لـەم

خوایانـە دەپارێزرێـت، لەوێـوە کـە ئەهوورامـەزدا خـوای راسـتی

و چاکە و داهێنەر بوو، لە ئاکامدا ناکرێ بەوەی کە نادروست بوو، شەڕ، یان هێزی وێرانگەر بێتە ئەژمار، پێوەندیی هەبێ.

رکابەرەکانی ئەهوورامەزدا لە راستیدا نیگەتیڤ و بێهوودە دێنە ئەژمار، ئەمەش خاڵی گرنگ بوو لە ئایینی زەردەشتدا، لە بەرانبەری بووندا نەبوون هەیە، هەقیقەت یان راستیی دژبەری خۆی واتە درۆ لە بەرانبەریدا هەیە، سپنتە مینۆ لەگەڵ ئەنگرەمینۆدا، یان مینۆی ویرانگەر، دەجەنگێ لە بەرانبەری ئەندێشەی چاکەدا، کرداری خراپ و لە بەرانبەری ئارمئیتیدا، ترومئیتی بوو، جیالەمە لەم هێزە ویرانگەرانە نە چاوەڕێ دەکرێ و نە دەکرێ داوای شتێکیان لێ بکەی، هەڵەی سەرەکی و تاوانی گەورە ئەوە بوو کە مرۆڤ لە رێگەی ئایین و بۆ رەزایبوون و ئارامکردنەوەی هێزە وێرانگەرەکان ئەوانی ستایش دەکرد، ئەمە بە دوور لەو کەسانە بوو کە بۆ هێزی خراپە نیایش و قوربانیان دەکرد. لەمەش زیاتر، هەموو کەسێ پێویستە لەگەڵ ئەهریمەن پەرەستان بجەنگێ، ئەویش تا ئەوکاتەی کە هەمویان دەڕووخێن و ئەهوورامەزدا بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

# بەشی چوارەم

# خوای مەزن، یاسا و ڕێسای زەردەشت

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی «هنینگ» ـ کە دینی زەردەشت بە بەرهەڵستی یەکتاپەرەستی دەزانێ ـ لانیکەم دەبێ بیسەلمێنین، ئەو دینەی کە ئەو تیایدا چاوی بە دنیا هەڵێنا، دینێکی یەکتاپەرەستی بوو، لەوەها حاڵەتێکدا ئەم تەنیا خوا یان خوای سەرتر کێیە؟ ئاخۆ ئەم خودا ئەهوورامەزدا بووە؟ یان زەروان؟ یان خودایەکیتر؟ ڕێگەچارەی ئێمە لە باسکردنی ئەهوورامەزدا پێوەندیی هەیە بە سەلماندنی بوونی سەربەخۆی ئەو بە سوننەتی زەردەشتەوە، ئێستا لەوێوە کە تەنیا بەڵگەی ئێمە دەربارەی بوونی ئەو لە دەرەوەی ئاڤێستا لە دەستنووسەکانی هەخامەنشیدا دەست دەکەوێ، لە ئەنجامدا دەبێ سەبارەت بە زەردەشتی بوونی هەخامەنشییەکان زۆرتر بکۆڵینەوە، لێرەدا دەبێ ـ لە قسەکانی موڵتون (زەردەشتیگەریی یەکەمین، ل ٥٦) تەنیا باس لە چەند سووڕانەوەی پاندۆڵی لەلایەک بەرەو لایەکیتر دەکەم، من هەشت ساڵ پێش لە کتێبەکەمدا «زەردەشت» ئەویش دوای بیرکردنەوەی زۆر و تێڕامانی ورد بەو ئەنجامە گەیشتم لەوانەیە لە ئێراندا دینی گەورەی ئەهوورامەزدا پێش لە زەردەشتیش هەبووبێت، ئەم بابەتەم لە چوار ساڵی دواییدا ـ لە کتێبی ئەهوورامەزد و ئەهریمەندا ـ سەرلەنوێ باسم نەکرد، بەڵام لەو کاتەوە تاکوو ئێستا کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی باسگەلێکی نوێ، ئەم باسانەش لەلایەن، «کەجبار و تاوادیا»

پێشکەش کراوە، کە بریتییە لەوەی کە ئەهوورامەزدا داهێنان یان دۆزینەوەی خودی زەردەشت بووە، جی. ویدگرن، لەم دواییانەدا بەهۆی بەڵگە و دێکیۆمێنتەوە، بێ ئاماژە کردن بەو دوو لێکۆڵەرەی کە باس کرا، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی باس کردووە بە جۆرێک کە ئێمە خۆمان بە پێویستی دەزانین تاکوو ئەم بابەتە لە پیشانگای لێکدانەوەی دووبارە و لە هەمانکاتدا دژوار جێگیر بکەین. چەند خاڵێک هەیە کە بە رواڵەت باس لە جیاوازیی دینی هەخامەنشی لەگەڵ زەردەشتیگەریدا دەکات، هەم لەڕووی وەلانان و هەم لەڕووی جیاوازییەکانەوە یەکەم وەلانانەکان.

١ ـ ئەو ئیماژەی کە هیرۆدت سەبارەت بە دینی ئێرانی دەیخاتە بەرچاو، هیچ شتێکی زەردەشتی تیایدا نییە، باسی گەڵاڵە کراو لەلایەن ویدگرنەوە، دەربارەی رووبەڕوو بوونەوەی نوێگەراییە فەرمییەکان بە شرۆڤەی بابەتی جەماوەر پەسەند و کۆنە لە کارەکان لەلایەن هیرۆدتەوە ـ ئەوەندە راست نین.

٢ ـ لە دەستنووسەکاندا لە پەیغەمبەر ناوێک نەبراوە، بەڵام ئێمە دەتوانین، (لەم بارەوە) لەگەڵ موڵتون (ل ٤٨) هاودەنگ بین، کە گوتی: ئەم مەسەلە بە وەلانانی ناوی «پل» لە فتوایەکی مێژووییدا ـ کە لەلایەن یەکێک لە پاشاکانەوە سەبارەت

بە ئایینی سەردەمی ناوەڕاست دەرکرا، سەرسوڕهێنەرتر نییە، پاشاییەک کە سەرکەوتنەکانی خۆی بە لوتفی خوا و بانومان سەبارەت بە حەوارییەکان ـ ئەڵبەتە ئەو باوەڕە دینییەکانی نیسبەت دەدا بە نووسینەکانییەوە ـ جیالەمەش ئەم بابەتە لێکچووە کاسرتلی رازی نەکرد.

٣ ـ دەستنووسەکان وشەی سپنتە ـ کە دەستەواژەیەکی زۆر گرنگن لە چاکسازییەکانی زەردەشت ـ ئەگەرچی بە شایەتی وشەی ئارامی و وشەی «کاپادوکیایی» لەم دەستەواژە لە فارسی کۆنیشدا بوونی هەبووە، ئەڵبەت بەو جۆرەش دەکرێ وەڵام بدەینەوە، کە نابێ چاوەڕێ بکەین، تێکستەکان لەڕاستیدا لەگەڵ چییەتیی سیاسیدا تەنانەت بە شێوەی هەندەکیش کە پێوەندیی بە چەمکەکان و ناوی دینییەوە هەیە.

٤ ـ ناوێک لە ئەهریمەن نەهاتووە، ئەم کارەش دەکرێ بەو راستییە بزانین، کە مینووی شەڕ لە گاتاکاندا و لەوانەیە تاکوو ماوەیەکی زۆریش خاوەنی ناسیارێک نەبووبێت، جگەلەمە، پاشاش توانیویەتی ناوی ئەهریمەن نەهێنێت و لە دواییشدا ئاماژەگەلێکی دووپاتەکراوەی بە وشەی درۆ لە ئارادا بوو وشەیەک بە لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی بن زارەکی لانیکەم بەرانبەرێکی باش بۆ وشەی «دروج» لە گاتاکاندا دێتە ئەژمار،

ئـەم وشـە بوونـی جۆرێـک دوانەپەرەسـتی ـ لانیکـەم بـە بـەراورد لەگـەڵ گاتاکانـدا و بـە روونکردنەوەیەکـی کەمتریـش لـە هەمبـەر ئاڤێسـتای دوائاخـەر ـ دەسـلمێنێت.

٥ ـ لـە دەستنووسـەکاندا لـە هیچکام لـە مینـووەکان ـ تایبـەت بـە ئاموژیارییەکانـی گاهانـی ـ جگلـە «ئارتـە» کـە خەشایارشـا نـاوی هێنـاوە، باسـێک نەکـراوە «خشـپا» خاوەنـی چەمکێکـی ئاخرەتناسـی نییـە و شـادیش ـ کـە مولّـتون وەکوو بەرانبەرگەلێک بـۆ وهومـەن و هاوردتـات باسـی دەکات ـ خوەنـی تێبینییەکـی ورد نییـە جیالەمـە، رێسـای گاهانـی لـە چوارچێـوە و شـێوەیەکی گشـتیدا، بـە دیـار دەکـەوێ.

٦ ـ لـە یاسـا جۆراوجۆرەکانـی ئایینـی «فەزەوەرانـە» باسـێک نەکـراوە، جگەلـە دەستنووسـەکانی خشایارشـا، کەلـە جەنـگ لەگـەڵ دێـو و دێوپەرەسـتەکان قسـە دەکات، شـاکانی هەخامەنشـیی لـە پێبەنـد بـوون بـە ئایینـی زەردەشـتی دەبێ رێورەسـمی تایبـەت بـە خۆیـان ببـێ و جیاوازییەکانیـش بریتیـن لـە:

١ ـ داریـووش بـۆ وشـەگەلی «مـردن» و کەوتنـە خـوارەوە، لـە شـێوازگەلی «پاتمـار» لـە چەمکـی نادیۆییەکـەی کەڵـک وەردەگرێ، بـەڵام ئەمـە نـە لـە گاتاکانـدا، لـە ئاڤێسـتای دواهەمیـن دایـە، ئـەم

کردارانە دەبنە خاوەنی چەمکێکی دێوی.

٢ ـ ئەم ئەسڵە سەبارەت بە وەلانانی وشەی «یەزاتا» راستە، بەڵام دەستنووسەکان لە وشەی «باگا» ـ لە مانای گشتیی خودا ـ کەڵک وەردەگرن، ئەم چەمکە لە تەواوی ئاڤێستادا وشەیەکی نامۆیە، بەڵام دەتوانێ جیاوازییەکی دیالێکتی دیار بخات.

٣ ـ تەنیا وشە بۆ مۆبد لە دەستنووسەکاندا «ماگو»یە، کە تەنیا یەکجار لە ئاڤێستای دواهەمیندا دەردەکەوێ، بەڵام بە شێوازێک بەرچاو دەکەوێ کە ئەم وشە لەگەڵ شێوەی خاوەندارێتی یان ئیزافەدا پێوەندیی هەیە. دوورەپەرێزی تەواو لە بەکارهێنانی وشەی «ماگو» لە ئاڤێستادا، لەوانەیە لە نەبوونی ئەم وشە لە نێوان «پارسیان و مادەکاندا» بووبێت.

٤ ـ وشەی «برازمانیا» لە دەستنووسی خەشایارشا و هیچ بەرانبەر و بەڵگەیەکی لە ئاڤێستادا نییە، ئەو جۆرەی کە وشەی سانسکرێت «برهمەن» نیشان دەدات، (بێ ئەوەی شتێک لە «فلامەن» لاتین بڵێین) ئەم وشە بەرماوەی سەردەمی هیند و ئێرانییە، بێگومان ئەم وشە باس لە خەسڵەتێکی کۆن دەکات، کە لە ریفۆرمی زەردەشتی لە ئەماندا بوو.

٥ ـ دابونەریتـەکان، وەکـوو ناشـتن و شـاردنەوەی «شـا»کان لـە دڵـی ئەشـکەوتەکان یـان شـوێنە مێژووییەکانـدا و ئەنجامدانـی قوربانیکـردن بۆ ڕێزلێنانیـان دەڕواتـە ئـەم کەیسـەوە، ئـەم بابەتـە بۆ ئێمـە «قوربانـی» بەتایبـەت قوربانیـی خوێنڕشـتنی بەدواوەیـە، زەردەشـت ئـەم نەریتـە کـە هەخامەنشـییەکان شـایەتییان بـۆ داوە رەتـی کـردەوە، بـەڵام بـە رواڵـەت ریشـەکێش کردنـی دژوارە، چونکـە نەتەنیـا ئاڤێسـتا ئەمـەی بـە لاوە بـاش نییـە، بەڵکـوو پاشـا بـە دینێـک وەکـوو شـاپووری یەکـەم بـە شـێوەیەکی نەرمتـر فەرمانـی دا جیالەمـە، ئەمـە تەنیـا فێرکاریـی گاهانـی بـوو کـە هەخامەنشییەکان لەژێـر پێیـان نـا، ئەمـەش کـە هەخامەنشـییەکان ئەهوورامەزدایـان نەتەنیـا بـە خـودا کـە بـە گەورتریـان دەزانـی، خـۆی قسـەیەکی راسـتە وەهـا باوەڕێـک بـە ئاڤێسـتا ـ لـە یەسـنا حـەوت هـات بـەدواوە ـ شـوێنێک کـە تاقانەپەرستی ئاشـکرا بەرچـاو دەکـەوێ ـ لەگـەڵ ئەمـەدا جیاوازییەکـی نییـە، ئاسـانتر ئـەوە بـوو کـە وابیـر بکەینـەوە، کـە هەخامەنشـییەکان هیچـکات لـە زەردەشـت و ریفۆرمەکـەی ئـاگادار نەبـوون، بـەڵام ئێمـە تەنیـا لایەنێـک لـە مەسـەلەکەمان لەبەرچـاو گرتـووە، بهێڵـن ئـاوڕ لـە لایەنەکانـی تریـش بدەینـەوە.

١ ـ ئەگـەر داریـووش و خەشایارشا زەردەشـتی نەبـوون، کەوابـوو دەبـێ کاتێـک بووبـێ کـە زەردەشـتیگەری لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە قبـووڵ بکرێـت، ئـەم رێککەوتنـە ناکـرێ لـە سـاڵی ٤٤١ی پێـش زاییـن بووبێـت، واتـە ئـەو سـەردەمەی کـە بـە گوێـرەی لێکدانـەوە و حـەزی «سـەیید حەسـن تقـی زادە» و هیڵدیگاردلـۆی، رۆژژمێـری زەردەشـتی لـە ئێرانـدا بـە فەرمـی ناسـرا، ئێسـتا ئەگـەر ئـەم دوو دینـە ئەوەنـدە لـە یەکتـر جیـا بـن، کـە ببێتـە لەمپەرێـک لـەوەی کـە دینـی زەردەشـت بـە سـەرچاوەی دینـی هەخامەنشـی بزانیـن، کەوابـوو قبووڵکردنـی زەردەشـتیگەریی وەکـوو نموونـە، لەلایـەن ئەردەشـیری یەکەمـەوە دەبـێ دیاردەیـەک وەکـوو شـۆڕش بووبێـت کەوابـوو چۆنـە لـەم ئایینـە تـازە، بچووکتریـن بەڵگەیـەک نەماوەتـەوە؟ تەنیـا هەقیقەتـی نوێـی ئایینـی ـ کـە ئێمـە ئاگاداریـن ـ ئایینـی مێهـر و ئاناهیتایـە، کـە دوورکەوتنـەوەی ئەردەشـیری دووەم لـە ئامۆژیارییەکانـی پەیغەمبـەر، دەسـەلمێنێت، یـان ئـەوەی کـە دوترێ قبووڵکردنی زەردەشـتیگەریی لەلایەن هەخامەنشـییەکانەوە، پرۆسـەیەکی ئـارام بـووە؟ لـەم حاڵەتـەدا، ئەگـەر ئیمکانـی قبـووڵ کردنـی ئارامـی زەردەشتیگەریی بوونـی هەبووبێت، بۆچـی قەبووڵـی نەکەیـن کـە داریووشـیش، بەرلەمـە بـە شـێوەیەکی تۆکمـە بـەم دینـە بـاوەڕی هەبـووە؟

٢ ـ کێشـەیەکیتر لـە نـاوی ئەهوورامـەزداوە سـەرچاوە دەگرێـت، بەڵگـەی ئەمـەش ئەوەیـە، کـە فارسـیی کـۆن لێکدراوێکی بـەدەر لەم دەسـتەواژە بـە دەسـتەوە دەدات ـ لێکدراوێـک کـە بـە رواڵـەت لـە بەڵگەهێنانەوەیەکی نوێتـرە ـ ئەمـەش لـەو روەوەیە کـە گۆڕانکاریی زمانناسـیی لەوانەویـە لـە دیالکتـە جیاوازەکانـدا بـە خێراییەکـی جیـاوازەوە بێتـە ئەنجام، بەڵکـوو وادێتـە بەرچـاو هەمـان کەسـی بیرمەنـد، کـە بناغـەی سیسـتەمی مینووییەکانـی داڕشـت و کردنی بە گوێراڵـی خـودا، هەمـان ئـەو کەسـە بـە جۆرێکیتـر خودی زەردەشـت بووبێـت، کـە ئـەم نـاوە ( ئەهـوورا)ی لەگـەڵ بەشـی دووەمـدا (مـەزدا) دانـا، یـان لانیکـەم هەڵیبـژارد، «ک.بـار» لـە دوایەمیـن کتێبیـدا «ئاڤێسـتا» دوو بەڵگەیتـر بـۆ پشـتیوانی کردنـی ئـەم بۆچوونـە دەخاتـە بەرباس. یەکـەم ئـەوەی کـە دەڵـی: زەردەشـت تـەواوی خودایانـی کۆنـی ئارییایـی رەت کـردەوە، سەرسـوڕهێنەر بـوو، ئەگـەر ئـەو بـە جێگای «ربووبیەتێـک» کـە لـە گاتاکانـدا بـە گوێـرەی گەلاڵـەکـەی خـۆی نـاوی هێنابـوو، ناوێکـی لەنێـو پانتئیونی کافـرەکان هەڵدەبـژارد، کـە بـۆ خـۆی رەتـی کردبـوەوە، دواتـر «ک. بـار» لـە یادداشـتە تەکنیکییەکانـی کۆتایـی کتێبەکەیـدا، لێکدانـەوە و شـرۆڤەی ئـەم نـاوە دەکات.

ـ لـه گاتاکانـدا ئەهووراومـەزدا، بـەردەوام بـێ ئاوڕدانـەوە بـەکار ناهێنرێت، لـە شـایەتی بـە دینـدا یسـن ۲۷، بڕگـەی ـ ۱۳ زەردەشـت بـە کـرداری وهومــەن بـۆ مــەزدا و دەســەڵاتدارێتی بـۆ ئەهــوورا دەزانــێ مــەزدا، خودایەکــە وەکــوو، «پــەروەردگار» چاوەدێــرە بەسـەر خۆشـبەختیی خەڵکـی دێ و شـوانەکاندا لـە کاتێکدا ئەهوورا سـەروەرێکە کـە ئـەم خۆشـبەختییە لـە دەسـتی خـۆی دایـە. مـەزدا دەبـێ دیـاری بـکات ئـەو کەسـەی کـە بـە کارەکان گرنگـی دەدات، پەسـنێک کـە ئەهـوورای جڵەوکێـش ـ وەکـوو کەسـێک کـە شـتێکی لەبەرچـاو گرتـووەو پارێزگاریـی لـێ دەکات ـ باسـی دەکات، هەمـان تایبەتمەندیـی لـە بڕگـەی ـ ٤ لـە یەسـنا ـ ٤٥یـش بـاس دەکـرێ، «گەورەیـەک کـە هەمـوان دەبینێـت» بـەڵام ئەویـش هـەر ئەوەیـە کـە «میتـرا و وروونـا بـوون، گورەیـەک کـە هیچـکات فریـو ناخـوات، وەکوو سـەرۆک ـ ئەهوورا ـ و وەکوو پەروەردگاریش ـ مەزدا ـ خوای زەردەشـت ـ هەمـان بـەرزی و بڵنـدی خودایانـی خـاوەن دەسـەڵات، واتـە وروونـا و میتـرا، دەکـرێ بـە دژی ئـەم بەڵگاندنـە، پەنـا ببینـە بــەر راڤــە و لێکدانەوەیەکــی گونجــاو ـ کــە «اس ویکنــدر» لــە «پلۆتـارخ»دا باسـی دەکات، چونکـە ئەگـەر میتـرا پێـش ئەمـە لـە ئەهوورامـەزدا گونجێنرابـوو ـ ئەڵبـەت ئەگـەر بتوانیـن شـتێکی وەهـا بڵێیـن، چـۆن دەتوانـێ جارێکیتـر لگـەڵ ئـەودا پێوەندیـی هەبێـت؟ دەکـرێ وەڵام بدەینـەوە بـەوەی کـە کاتێـک ئەهوورامـەزدا چـووە نـاو

ئێرانـەوە، ئاخێزگـەی دوانەیـی ئـەو فەرامـۆش ببـوو، بـە جۆرێـک دەیتوانـی بـێ زیـادەی ناشـیرین، لەگـەڵ میتـرا، یـان وردتـر لەگـەڵ شـێوەی خۆجێـی ئـەودا بێتـە نـاو یـەک بـەرەوە.

٣ ـ یەکێـک لـەو ناوانـەی کـە ئـەو ـ لەوانەیـە باوترینیـان ـ زەردەشـتییەکان خۆیانـی پـێ بانـگ دەکـەن، مزدیەسـنایە، زۆرێـک لـە لێکۆڵـەران ـ لەوانـە لومـل ـ دەڵێـن: ئەگـەر ئـەم نـاوە تایبـەت بـە دینەکەیـان نەبوایـەت، هەڵیـان نەدەبژارد. راسـتە کـە «نیبرگ» بـە وتنـی ئـەوەی کـە جـۆری مـادی ئـەم وشـە بوونـی ئایینێکـی سـەربەخۆی مەزدایـی لـە ڕۆژاوادا دەسـەلمێنێ، مەبەسـتی بـوو باسـەکە بگـۆڕێ، بـەڵام دەکـرێ وەڵامـی پـێ بدینـەوە، کـە ئـەم وشـە شـێوەی سروشـتی، و جێبەجێکـراوی ئاڤێسـتایی بـە مادییـە. جیالەمـە باسـەکە هەڵدەگەڕێتـەوە.

٤ ـ دواهەمیـن بـاس، کـە پەسـەندکردنی زەردەشـتیگەریی هەخامەنشـییەکان بـوو، «تاوادیـا» باسـیکرد، ئەویـش بـێ ئـەوەی ئاماژەیەکـی روون بـە پێشـینیان بـکات، ئەگـەر ئەهوورامـەزدا بەرلـەوە لـە ئێرانـی کافرەکانـدا جێـگای پەرسـتن بـووە، کەوابـوو چـاوەڕێ دەکـرێ کـە بـە شـێوەی «یشـتە» کـۆن و رەسـەنەکان، وەکـوو (میتـرا، ئاناهیتـا، تیشـتر) و «یشـتی»یش لـە ستایشـی ئـەودا هۆنرابێتـەوە.

ئـەم راسـتییە ـ کـە «یشـتی» لـەم بابەتـەدا بوونـی نییـە ـ دەبێ بەڵگەیەکـی بـە بڕشـت لەسـەر نەبوونـی خـودای ئێرانیـی ناوبـراو بـە ئەهـوورا یـان مـەزدا، یـان هەردووکیـان وەکـوو سەرچەشـنێک بۆ زەردەشـت، هەبێـت، ئەڵبـەت باسـێکیتر سـەبارەت بـە فەوتانـی بـە ئەنقەسـتی وەهـا «یەشـت»ێک بوونـی هەبـێ، کـە ناکـرێ ئەوەنـدەش بـە هەنـد وەریبگریـن، لەڕاسـتیدا، بۆچـی سرووتخوێنانی «یەشت»ـەکان دەبێ یەشتی لەنێـو بـەرن کـە دواتـر ناچـار بـن بـۆ پڕکردنـەوەی وەهـا کەلێنێکـی ئاشـکرا، ئەهوورامەزدیشـتی، بێڕەنـگ و لاواز بدەنـە سـەریەک کورتـی بکەمـەوە، ئێمـە ناچاریـن قبووڵـی بکەیـن کـە هەخامەنشـییەکان ـ ئەویـش بـە دەسـت پێکردنـی حکومەتـی «داریـووش» ـ بە شـێوەی خـودی زەردەشـت بـوون، ئـەو جیاوازییـە گرنگـەی کـە ئامـاژەمـان پێکـرد، تاڕادەیـەک وەکـوو ئەنجامـی گـۆڕانـی وانەکانـی گاهانـی دوای مردنـی زەردەشـت و تارادەیەکیـش وەکـوو دەسـتکاری و پێداچوونەوەیـان، لەلایـەن داریووشـەوە، گونجـاو لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی ئیمپراتۆریەتـی تێکـەڵاوی داریووشـداو هەڵگـری پاسـاوە.

ئـەوەی کـە ئایینـی زەردەشـت لـە درێـژەی سـەدەکاندا دەستخۆشـی گـۆڕان و ریفـۆرم بـووە، لـە ئاڤێسـتای دواییـدا، بەتەواوەتـی ئاشـکرایە، ئـەو شـێوازە لـە وانـەکان کـە لەوانەیـە

موغانی مادی بۆ ئێرانیان هێنابێت، تاکوو ئەو جێگایەی کە پێوەندیی بە قبوڵکردنی چەند خوداپەرەستی و ڕێوڕەسمی قوربانیکردنەوە هەیە، لەگەڵ سیمای ئاڤێستای دواییدا گونجاوە، بەڵام لەلایەکیترەوە لەگەڵیدا جیاوازیی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا و بە وتەیەکیتر ئەوە داریووش بوو کە بە ئاگاداربوون و ئاشنایەتی لەگەڵ وانە و فێرکارییەکاندا، شێوازێکی ریفۆرمیستی پێدا، ئەو وەکوو دەسەڵاتداریی هەرێمەکان و مەملەکەتە جیاوازەکان، هاوکات بە سیستەمی دەمارگرژیی ڕۆحانییەکان (موغ) ئەوەندە مەیل و حەزی نەبوو، هێشتا کات بۆ جێگیرکردنی دینی مەزدایی بە شێواز و ڕەوتی ساسانییەکان نەگەیشتبوو، لەڕاستیدا وەها ئایینێک لەگەڵ تێڕوانینی داریووشداو بە نیسبەت ئیمپراتۆریەتی تازە دامەزراوەوە دژایەتی هەبوو.

شۆڕشی گئوماتا ـ کە لەڕاستیدا یەکەمین بزووتنەوەی گرنگی سیاسی بوو ـ بەگشتی ڕەنگێکی دینی بوو، شۆڕشێک کە چینی ڕۆحانییەت هەوڵی دا، تاکوو لەو چوارچێوانەی ـ کە دەسەڵاتداریی ئاگا بۆ کونترۆڵی پاوانخوازییەکانی دایینابوو ـ زیاتر بڕوات، ئەو داریووشەی کە «ئایدنە» ـ کە لەوانەیە لە شوێنی ستایشی خوداکاندا بێ ـ دروستی کردەوە، داریووش ئەو پیاوە بوو کە بە ڕواڵەت ئەو شتانەی لە مەزداپەرەستی وەلانا، کە زۆرتر «داوای چاک»ی خەڵکی خراپ دەکرد، «یۆ»

ئـەوەی پایـەی ئیمپراتۆریەتـی خـۆی پتەوتـر بـكات، بـۆ نموونـە ئـەو لـە مانـای دوارۆژناسـیی خششـرە یـان خشـپە هیـچ كەڵكێكـی نەبـرد، وشـەی «گاپانـی» كـە هەواڵـی لـە خـاوەن شـارێكی بـاش لـە داهاتـوودا دەدا، بۆچـی ئەوەنـدە گرنگـی هەبـوو، بڵاوبوونـەوەی حكوومەتێكـی خودایـی وەكـوو حاكمییەتـی خـودا بـوو، كـە ئێسـتا جێبەجـێ دەكـرێ، ئیـدی مینووییـەكان لەوانەیـە وەكـوو زیـادە بكەونـە بەرچـاو، چونكـە ئەهوورامـەزدا هەموویـان دەگرێتەبـەر. ئەگـەر ئێمـە ئـەم لێكدانـەوە و پاسـاودانە، قبـووڵ بكەیـن، دەتوانیـن باسـكردنی «ئەرتـە»، هەروەهـا دەسـتووری شـەڕ بـە جەنـگ لەگەڵ دێـوەكان لـە دەستنووسـی خەشایارشـا، هەروەها بە فەرمی ناسـینی رۆژژمێـری زەردەشـتی لـە سـەردەمی ئەردەشـیری یەكەمـدا، وەكـوو نیشـانەیەكی بـەردەوام لـە رەخنـە و پێشـكەوتنی رۆحانییـەكان لـە كۆشـكی پاشـایەتیی هەخامەنشـییەكاندا بزانیـن، خودایەكیتـری مـەزن ـ كـە دەكـرێ بڵێیـن لـە دینـی پێـش زەردەشـتدا هەبـووە ـ زەروان ـ ە.

كۆنتریـن ئامـاژەكان بـەم خـودا دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی چوارەمی پێـش زاییـن، ئەگـەر لەڕاسـتیدا وتـەی «داماسـیوس» خەڵكـی روودس لەسـەر «تئوپومپـوس» بێـت، ئامـاژەكانی بروسـوس لـە خـاوەن شـارێكی ئوسـتوورەییەوە ـ زەروانـوس ـ یش بـە جۆرێـك پەسـەندی دەكات، جی. ویدگـرن. یش لـە «تەختـە كانـی نـوزی»

ناوێکی بە شێوەی «ئازاروان» لە ناوێکی لێکدراوی» ئاز ـ ئار ـ وا» دەرکێشا، ئەگەرچی «بیلی» وەها باسی کردووە، کە پێش کەڵک وەرگرتن لەم دۆزینەوە، سەبارەت بە زەروان بە بەڵگە و دیکیۆمێنتی زۆرتر پێویستی هەیە، ئێستا دەتوانین ئەم دیکیۆمێنتە تۆمار بکەین، بەڵام «ئەچز شدر» نکۆڵی لە کۆنبوونی ئوستوورەی زەروان ـ ئەو جۆرەی کە بێژەرانی مەسیحی وتوویانە ـ دەکات، ویدنگرنیش لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا بەشێکی نوێی باس کرد، زەروانی ئێرانی بۆ هێنانی منداڵ قوربانیی کرد منداڵێک کە ناوی ئەهوورامەزدا بێ و ئاسمان و زەوی بخولقێنێ. ئوستوورەی هیندی «پرجاپتی»یش لەگەڵ ئەم ئەفسانەدا رێک دەکەوێ ئەو خودا مەزنەی کە یەکەم جار رێورەسمی قوربانی بە جێهێنا، بەو مەبەستەی ببێتە خاوەنی منداڵێک، بە گوێرەی بۆچوونەکەی، ویدنگرن، ئەمە ئەمئەوێتی دەسەلمێنێ، کە ئێمە لە هەردوو بابەتەکەدا لە خودای مەزندا سەروکارمان هەیە، ئەمەش کۆنبوونی ئوستووره ئێرانییەکان سەبارەت بە زەروان پەسەند دەکات، ئەم بەڵگاندنە بەتەواوەتی لۆژیکییە، بەڵام «شیدر» بە پێشکەش کردنی بیرۆکەکەی خۆی کە باسی ئەم ئوستوورانەی وەکوو کاریکاتۆری مەسیحی دەکرد، مەبەستی ئەوە بوو گاڵتە بە دینی ئێرانی بکات، بیرۆکەیەک کە دەبێ بە جدیی وەلای بنێین، بەڵام دەبێ بزانین ئەمە چ

دەرەنجامێکی دەبێت، دەرەنجامی ئێمە لەم باسە ئەوەیە، کە لە ئێران و هیندا و لەوانەیە بەرلەوەش لە سەردەمی هیند و ئێرانییەکاندا، ئوستوورەیەک هەبووە کە تیایدا خوایەکی گەورە ـ بەرلەوەی دنیا دروست ببێ ـ رێوڕسمی قوربانی بەجێ دێنێت، بۆ ئەوەی ببێ بە خاوەنی منداڵێک، ئەوەی کە خودا لە کۆنترین شێوەی ئەم ئوستوورەدا دووقلویەک بە دنیا دەهێنێت، ئەوەندە راست نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم شتە لە هینددا بوونی نییە، جارێکیتر باس لەم بابەتە دەکەین بەتەواوی ئەمانەوە، بەڵگەیەکی باش هەیە ئەمانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە زەمەن پشتر دۆخی خودایی هەبووە، بەڵگە بۆ ئەمەش مانەوەی ئەم ئەسڵەیە لە ئەفسانەی خەڵکی سڤیلدا.

ئەم بەڵگە لە وتلرەکەی «ویکندر»ەوە سەرچاوە دەگرێت، لێکۆڵەرێک کە لەم نووسراوەدا نیشان دەدات ئەفسانەکانی تایبەت بە پاڵەوانێتی نەتەوەیی «روستەم و باوکی» زاڵ زەڕ ـ واتە راوێژکاری منووچەهر ـ لە شانامەی فیردوسیدا لەسەر رواڵەتی مێژوویی ئوستوورەگەلی کۆن و جەماوەری «وایو و زەروان» دامەزراوە، دەتوانین زەروان بە باشترین شێوە لە پێوەندی لەگەڵ وایو بناسین ـ و بە پێچەوانەوە، ئەوەی لە وایو دەزانرێ، کۆنبوونی زەروان دەسەلمێنێ وایو خوداییەک

بە ئاخێزگەی هیند و ئێرانی، دەبێ بۆ زەردەشت ناسراو بێت لێکۆڵنەوەی ویکندر و دومزیل سەبارەت بە چییەتیی وایو بە جوانی رۆشنگەریی کردووە، لە هەمانکاتدا تێکەڵەیەکی روون لەم خودایە دەتوانین لە راپۆرتی دواهەمی ک.بار سەبارەت بە دینی ئێرانی بخوێنینەوە، «وایو بەسەر مەرگ و ژیاندا زاڵ بوو، ئاوڕی لە خەم و شادیی خەڵک نە ئەدایەوە» ئەم زاتە دوو لایەنە، ریشەدارتر لەوە بوو کە تەنانەت لەژێر سانسۆری زەردەشتیگەریدا، وێران ببێت وایو لە یەشتی تایبەت بە خۆیدا وەکوو خودایەک بە «کاری فێرکاریی» ستایش دەکرێ، بەڵام تەنیا ئەو بەشە، یان لایەنێک کەلە وهومەن (باشترین ئەندێشە) سەرچاوە دەگرێت باوەڕدارەکان بە ئاشکرا دەیانزانی کە وایو دوولایەنی هەیە و ناکرێ فریوی بدەین، هەردوو ئافرێنەر چ سپەندە مینوو و چ ئە نگرە مینووش وەدوایان دەکەون، بەوان دەگات و زاڵ دەبێ بەسەریاندا تەواوی دنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو دایە، وەکوو دەسەڵاتێک کە مرۆڤ راستەوخۆ هەستی پێدەکات، وایو زوو دەگوازرێتەوە، بێگومان دەگات بە ئامانجی خۆی لە هەمانکاتدا بوێر و نەترسە، جیالەمە ئەو یەکەمین دیاردەی «ورسرغنە، خوای سەرکەوتن و شەڕە، ئارییاییەکان لە وایودا بای راستەقینە دەبینن. بە شێوەی تۆفان هێرش دەهێنێ، ئەوەندە بە توندوتیژیی و خێرایی، کەسێک لە

بەرانبەریدا توانای رووبەڕوو بوونەوەی نییە، ئەمەش بۆ خۆی ئەسڵی ژیانی کەیهانییە، وایو لە تەواوی بوونەوەرە زیندوەکاندا، هەمان خودی ژیانە و لە دنیادا، مەزەی ژیان لە هەمانکاتدا، وایو ئەو هەوایەیە کە تەواوی بوونەوەر لە سەرەتای مەرگدا دەچنە دەرەوە، لەبەر ئەمە ئەو هەم خودای ژیانە و هەمیش خودای مەرگ هیندی سەردەمی وەدایی بە جوانی لەسەر بوونی وایو (ڤاتا) شایەتی دەدات، بەڵام لەوێوە کە چییەتیی دوانەیی ئەو لەم وڵاتەدا دەرناکەوێ، لە ئاکامدا لە گەڕانەوەی ئەم خودایەدا بۆ سەردەمی هیند و ئێرانی دەکرێ بە گومان بین، لێرەدا بەرانبەری لاتینیی «وایو» یارمەتیمان دەدات «جانووس بیفرونس» بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە خودای دوو لایەنە چەمکێکی هیند و رۆژئاواییە.

چە پێوەندییەک لە نێوان ئەم خودای مژدەبەخش و شوومە و خوای دیکەی چارەنووسساز ـ زەروان یان زەمەن ـ بووە؟ بەر لە وتارەکەی ویکندەر، نیبرگ بۆ رۆشنکردنەوەی چییەتیی ئەم خودا، رێگەیەکی زۆری بڕیوە، بەڵام ئەم دوو خودایە ئەوەندە لێکچوو، لە بەرانبەر ئەودا دەردەکەوێ، کە بوونی هاوزەمەنی ئەو لە سیستەمێکی کەیهانناسیدا. هەڵدەوەشێنێتەوە، ویکندەر زانیبوی، یەکێک لەم دوانە بەسەر ئەویتردا پێشکەوتووە، لە کورتەکەی «ک. بار»دا وەها دەخوێنینەوە:

رۆستەم شەڕڤانی گەورە نوسخەی جێگری حیماسی گرشاسەب ـ « وایو ـ پاڵەوان»ە، پاڵەوانێک وەختێک گورزەکەی دەسووڕاند، ئەژدیهای دەکوشت لە ئاڤێستاشدا دەرکەوتەیەکی «ئینسانی ـ حیماسی» لە خودای ترسناکی «با» (وایو) دەبێ، باوکی ئەو بە مووی سپییەوە لەدایک بوو، لەناکاو ناوی «زاڵ»، یان «پیر» یان بۆی دانا. ئەو لەبارەی خۆیەوە دەڵێ: ساڵەکانی من بێ شومارە «ئەو زۆرتر لە کوڕەکەی ـ کە بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ پارێزگاری هەرێمەکەی خۆی بوو ـ زیندوو دەمایەوە و هیچ باسێک لە مەرگی ئەو نەکراوە، ناوی «زاڵ» بە مانای پەککەوتە ـ هەروەها سیفەتی زار بە مانای پیر ـ لەوانەیە لە سیفەتەکانی خودای زەمەن بووبێت، ئێستا لە ویکندەرەوە دەگێڕینەوە: لە دەرکەوتەکانی زەروان و وایوە کە زاڵ و رۆستەم بە چەشنێکی نابەراورد زیاتر لە سیما حیماسییەکانیتر ژیاون، ئەم دوانە ئەوەی دەرکەوتەی زەروانە، لە تەمەنی درێژتر بەهرەمەندە. «ک. بار» پێوەندیی دوو لایەنەیان بە چەشنێکی جوان لێکدەداتەوە، «زاڵ» لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ رۆستەمێک کە هیچکات شکست ناخوات و چالاکە رووبەڕوو دەبێتەوە، پاسیڤ، بەڵام راوێژکارێکی زانا، کە حیکمەتی بێ زەمانە، ئێستا ئێمە بۆ لێکدانەوەی نوێگەراییەکانی زەردەشت، تەواوی ئەو پێشەکییانەی کە لەبەردەست دان، کۆمان کردۆتەوە، زەردەشت لە خودای

چارەنـووس ـ کـە بـۆ منداڵێـک قوربانـی کـرد ـ  یـان لـە وایـو ـ منداڵـی ئـەو ـ پشـتیوانی دووپاڵـوی کات و شـوێن، سـەروەری ژیـان و مـەرگ، نەیدەتوانـی بـێ ئـاگا بێـت، ئـەو پێویسـتی بـە زەروان نەبـوو چونکـە، خـوای خـۆی ئەهوورامـەزدای وەکـوو تێکەڵەیـەک لـە لایەنەگەلـی دەسـەڵاتدارێتی وروونـا و میتـرا، لەبەرچـاو گرتبـوو، لـە پرۆژەیەکـدا، کـە لەڕاسـتیدا دەکـرێ هەڵوێسـتێک بـێ دژی «جەبرگەرایـی» ئیـدی جێگایـەک بـۆ خـوای چارەنـوووس نەبـوو، بـەڵام وا دیاری کرابـوو کـە دوو نیمـەی دوژمنانـەی وایـو ـ ئەویش لـە شـکڵێکی جێبەجـێ کـراودا، لـە ئیلاهیاتـی نوێـدا ڕۆڵـی گێـڕاوە و وەکـوو دیـاردەی سـەرەکیی دوانەپەرەسـتی دەرهاتـووە، دەبـوو پێـش ئەمـەش بوونـی هەبووبێـت، بـۆ نموونـە ئـەو چیرۆکانـەی کـە باسـی هاولفـی یەکەمیـن دەکات ـ وەکـوو لـە نێـوان ئەمریکییەکانـی ئەمـرۆدا ـ دەبـێ دیاردەیەکـی بـاو بووبێـت، نموونەیەکـی نزیکتـر لـە (یمـە» لـە هینـد، خوشـکێکی هاولفـی بەنـاوی «یمـی» هەبـوو، لـە ئێرانـی کۆنـدا وەکـوو زۆربـەی شـوێنەکانیتر، لەنێـو سـەڵتییەکان، ئێسـلاڤکان و ئەینوەکانـدا..... هێـزی خێـر و شـەڕ، خـواکان و دێـوەکان، کاهینـان و جادوگـەران هەبـوون، بـاوە کـە جەنـگ لـە نێـوان هێـزی خێـر، یـان ڕێککاری و هێـزی شـەڕ یـان ئانارشیسـتی، لـە گەردووونناسـیی بابلییەکانـدا (مـەردۆخ ـ تیامـت) یۆنانییـەکان (زئـوس ـ تیتانـەکان) و بەگشـتی دینـی میسـری ـ شـوێنێک کـە

دیـن پێگـەی سیاسـی و نزامـی، هـاوکات گەردوونیـی هەبـووە ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینـێ، «ڕە ـ خـۆر ـ» کـە لەگـەڵ ئاپۆفیـس لـە جەنـگ دایـە ـ و ئۆزیریـس ـ کـە لەگـەڵ «ست»دا لـە شـەڕ دایـە ـ خـۆی سەرچەشـنەکانی یەکەمـی فیرعەونـەکان ـ لـە جەنـگ لەگـەڵ ئانارشیسـت، شـەڕ و شـۆڕش دایـە.

«وەدا» بـەدژی «ڕتـە و «درو» بـۆ خـۆی ئەوە نیشـان دەدات، کـە پـڕۆژەی دوژمنایەتیـی نێـوان خێـر و شـەڕ، زۆر لـە پێشـتر لـە دەرکەوتنیـان هەبـووە، زەردەشـت ئـەم دوژمنایەتییـە، تـاڕادەی کەلێـن و پێکدادانـی گەردوونـی بـەرز کـردەوە، لـە ئاکامـدا ئـەو دوو نیـوەی دژبـەری وایـوی بـەکار هێنـا و لەوێـوە کـە «وایـو» دەبـوا وەکـوو خـودا کۆنەکانـی دیکـە لەنێـو ببرایـەت، لـە ئەنجامـدا لـە مانەوییەکانـی بەرانبەریـان کەڵکـی وەرگـرت، ئـەم ئاڵتەرناتیڤانـە لـە خۆیـدا بـاش بـوو، ئەڵبـەت ئەگـەر بـە دەسـتەواژەی وەدایـی داوەریی بکەیـن، وشـەیەک کـە وەکـوو خـودی وایـو چەمکێکـی پایـەدار و دینامیـک و لـە هەمانکاتـدا دوو لایەنـەی هەیـە جگـە لەمـەش، لـە وەرگێڕانـە ئەڵمانییەکەیـدا وەکـوو خودایـەک دەرکەوتـووە.

بەشـێک لـە دژایەتیـی نێـوان « وایو»وەکـوو خـوای ژیـان و «وایـو» وەکـوو خـوای مـەرگ، بـە قازانجـی مینووییـەک کـە نەبوونیـی هەڵبـژاردووە، قـۆرخ دەبێـت، ئەگەرچـی ڕۆڵـی سـەرەکییان

دەرخستنی هەڵبژاردنە لە نێوان چاکە و خراپەدا، بەڵام گونجاندنی ئەم دوو مینووە، لە یاسای زەردەشتیدا کێشەی تایبەتیی رەچەڵەکناسیی هێنا ئاراوە، ئەم دوو یەزدانە منداڵی چ خوایەک بوون زەرون پووچەڵ بوو، ئەگەرچی زەروانییەکان لەو باوەڕە دان، کە زەروان باوکی ئەم دوو یەزدانە بووە، لە مانای ئوستوورەناسیی کۆنیشدا، لەوانەی قسەکانیان راست بێ، ئاخۆ ئەم باوکە دەیتوانی ئەهوورامەزدا بێ، وەکوو داهێنەری شتەکان، داهێنەری نوور و تاریکی، ( بڕگەی ـ ٥ لە یەسنا ـ ٢٤) وا بەرچاو دەکەوت دەتوانێ وەها بێت، بەڵام ئەم داگرتنە باس لەوە دەکات، کە «خوای خێر» نەتەنیا مینووی چاک، بەڵکوو مینووی شەڕیشی دروست کردووە، بۆچوونێک کە لای مەزدییەکان، لانیکەم لە سەردەمی ساسانییەکاندا، زۆر جێگای نیگەرانی بوو، ئەوەی لێرەدا دەمێنێتەوە کەموکورتییەک لەم سیستەمدا بوو، من ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم ئاخۆ ئەم سیستەمە ناتوانێ ناکۆکییەکان لە پێوەندیی سپنتەمینۆ لەگەڵ ئەهوورامەزدا پاساو بدات؟ هەندێ جار دەگوترێ کە سپنتەمینۆ منداڵی ئەهوورامەزدایە، هەندێجاریش سپەنتەمینۆ بە خودی ئەهوورامەزدا دێتە ئەژمار، هەندێ ئەو خودی ئەهوورامەزدایە. (بۆچوونێک کە بڕیار بوو لە کاتی داگیرکردنی پێگەی سپنتەمینۆ لەلایەن ئەهوورامەزداوە، هاوئاستی لەگەڵ ئەهریمەندا زاڵی و حاکمیەت پەیدا بکات).

هەندێک لە هاوچەرخان هەوڵیان داوە لە دەرەوەی ئەو کێشانەی کە باسکرا، یارمەتیی زەردەشت بدەن، وەکوو «گوئیزوت» کە لە یادداشتێکیدا، بۆ وەرگێڕانەکەی لە «گیبون» وەها دەنووسێ: ئەهریمەن بەهۆی سروشتی نەگۆڕی خۆیەوە، ناچار بە خراپ کاریی نییە، ئەو جۆرەی کە «گیبون» گوتوویەتی، زەندی ئاڤێستا ئاشکرا باسی ئەوە دەکات، کە ئەهریمەن بە چاکە لەدایک بووە و ئەوەی کە ئەو لە واقیعدا نوور بووە، بەڵام ئێرەیی زەردەشت ئەهریمەنی گۆڕا بە شەڕ، ئەو ئێرەیی دەبرد، بە دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ئەهوورامەزدا نووری ئەهریمەن بەم شێوە بەرەو تاریکی رۆیشت دەبێ بڵێم من هیچکات وەها نوسراوەیەکم لە ئاڤێستای «ئانکتیل» یان نوسخەکانیتری زەندی ئاڤێستا، دەست نەکەوت. سەیر لەوە دایە لومل سەبارەت بەم بابەتە زۆر ناهاوساز دەنوێنێ، سەبارەت بە بڕگەی ـ ٥ لە یەسنا وەها دەڵێ: لەم دوو مینووە، مینووی شەڕ خراپترین شت یان کارەکانی هەڵبژارد، بەڵام مینووی پیرۆز ـ کە لە جێگیرترین ئاسمانەکاندا ـ خۆی پێوەنددا لەگەڵ ئەشەدا لومل دەڵێ: لێرەدا زەردەشت چۆنییەتیی هاتنی خێر و شەڕ ـ لە رێگەی هەڵبژاردن و هەڵاواردن، (مینووی) ـ بە دنیا دەڵێ: وابزانین، ئەم بڕگە لە یەسنا ـ ٣٠ ئامۆژیاری خودی زەردەشت بێ، بەڵام ئەم لێکۆڵەرە لە درێژەدا دەڵێ: بە پێچەوانەوەی داوێنەی پێکدادانی

دینــی و (کەلامــی) بــۆ خــۆی مەســـەلەی دوو مینووەکــە وەکــوو، خێــر و شــەڕ و وەکــوو دیارکەوتنــی دوو بیــری ئەخلاقــی دژ بەیــەک دەگرێتـــەوە، دوو بۆچـــوون کـــە تـــا رادەی کەڵـــک وەرگرتـــن لـــە دوانەپــەرەســتی دژبــەر وەکــوو ئەســڵی یەکــەم و نەوتــراوە چــووە پێشــەوە، یــان وەکــوو روانگــە زەروانییــەکان، لــە ئەهوورامــەزدا و ئەهریمــەن وەکــوو منداڵانــی باوکێکــی هاوبــەش، ئــەم دژایەتییــەی خســتە ئەســتۆی خودایەکــی ســەرترەوە، جیالەمــە لومــل دەیــەوێ پێمــان بڵــێ: کــە شــەڕ ـ لــە پــڕۆژەی پەیغەمبــەردا ـ لــە رێگــەی هەڵبــژاردن و هەڵاواردنــی دومینــوو ـ کــە بەرلەوەتــر پــاک بــووە و توانیویەتــی، ئەهوورامەزدایــان بــە بــاوک خۆیــان زانیــوە، هاتۆتــە ئــەم دنیــاوە، ئــەو بەڵگەیــەی کــە ئــەو تــا ئــەو شــوێنەی بــە مینــووی شــەڕەوە پێوەندیــی هەیــە، بــە نەشــیاو دەزانــێ، فــن وســندونگ، بــە جۆرێکــی بەرچاوتــر بــە کێشــەی چارەســەر نەکــراوی ســەرچاوەی شــەڕ لەگاتاکانــدا دەڵــێ: مەســەلەی چاوە یــان ئەســڵی شــەڕ ـ کــە تاکــوو ئێســتا بابەتــی باســگەلی زۆری کەلامــی و فەلســەفی بــووە ـ لــە گاتاکانــدا بــە دەرەنجامێکــی بــاش نەگەیشــتوە، لەم ســرووتانەدا ـ وەکــوو ئوســتوورەی «لوســیفر» وەکــوو فریشــتەی داکەوتــوو ـ دێتە بــەر چــاو، مینــووی پیــس ـ کــە لای زەردەشــت لــە ســیمایەکی روون بەهرەمەنــد نییــە ـ بــە شــێوەیەکی ســەربەخۆ خراپــە هەڵدەبژێرێــت و بــە هەمــوی ئەمانــەوە ئــەم کێشــە چ لــە پێوەندیــی لەگــەڵ خراپــە

لـه مینـووی پیسـدا و چ لـه پێوەنـدی لەگـەڵ حـەز بـە خراپـە لـە مرۆڤەکانـدا، هەروەهـا باسـهەڵگر دەمێنێتـەوە، وەکـوو دەرەنجـام و لـە پاسـاوی ئـەم شـێوازانەدا دەتوانیـن ئـەوان بـەوە بزانیـن کـە لـە وێکخسـتنی ئوسـتوورە کۆنەکانـی مینـووی خێـر و مینـۆی شـەڕە و لـە سیسـتەمێکەوە سـەرچاوە دەگـرن کـە تیایـدا ئـەم دوو مینـووە نەیاندەتوانـی لەگـەڵ یەکـدا بگونجێـن، لـەم رووەوە ئـەم ناکۆکییـە زارەکـی و نابیرمەندانـە زەردەشـتیان لـە سـەرکەوتن بەسـەر کارێکـی نەگونجـاو ـ کـە هەمـان جێگیـر کردنـی ئاشـتیی نێـوان دەسـەڵاتی خـوای مەزنـە لەگـەڵ خـوای خۆیـدا ـ بەرچـاو دەخـات. بـە رواڵـەت هیـچ مەزداپەرەسـتێک لـەم پێوەندییانـەدا کێشـەی نەدۆزیوتـەوە و ئـەوان هیچـکات بـە شـێوەی حەتمـی بوونەوەریـان بـە تەواویەتێکـی ئەوەنـدە بەربـڵاو ـ کـە ئەسـڵی شـەڕیش دەگرێتـەوە، نەزانیـوە، لای ئـەوان ـ ئەڵبـەت زاناکانیـان ـ ئەهریمـەن بـە تـەواوی توانـاوە، بەتەنیـا جۆرێکـە لـە سـنوورێکی نیگەتیـڤ، لـە بەرانبـەر هەبـوون و چالاکیـی ئەهـوورادا، ئێمـە نابـێ ئـەوان لەگـەڵ رۆحانیانـی کڵێسـە، یـان نـوێ پلوتۆنییـەکان، بـەراورد بکەیـن، بەڵکـوو ئـەوان لـە ئاسـتێکی بەرانبـەر لەگـەڵ یۆنانییـە کۆنـەکان، یـان ئەفلاتـوون ـ کـە بـە بۆچوونـی ئـەو مـادە سـنوورێکە کەلـە بەرانبـەر دەسـەڵاتی خـوا دانـراوە، زەردەشـت نەیتوانـی شـێوازی ئایینـی کـۆن لـە بنەمـاوە بگـۆڕێ و ئـەوەی کـە لـە پاڕانەوەی دێـوەکان ـ هەرچەنـد ـ شـەڕخواز

شتێک وەدەست ناهێنین و هیچکات ئێرانییەکانی نەگەیاند بە قەناعەت، زۆر پێشتر لەمە، لە «یەسنای حەوت هاتا» ئاوەکان ستایش کراون، هوم و فەرەوەشییەکانیش، جێگای باوەڕ بوون، دوای ئەمە سرووتگەلی تایبەت بە خوا بیانییەکان، بە ئامۆژیارییەکانی گاهانی، لە دابونەریتی «گاهانیدا» گونجێندرا، سەبارەت بە ئایینی هوم دژایەتییەکی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ، زەردەشت ئەم ئایینەی مەحکووم کرد، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم ئایینە دەبێتە ناوەندی نیایشی زەردەشتییەکان، لەم دواییانەدا دوو ڕێکار، بۆ ئەم کێشە باس کراوە، نیبرگ، دەڵێ: وەها گۆڕانێکی گەورە، تەنیا بە جەخت کردنەوەی زەردەشت توانیویەتی بێتە ئاراوە، بەڵام ئەو بۆ ئەم گۆڕانە فکرییە بەڵگە و دیکۆمێنتێک بە دەستەوە نادات، بەمزوانە «زنر» لە کتێبە بچووکەکەیدا لەژێر ناوی «وانەی موغەکان» (ل ١٢٧) زۆر بە کورتی ئامارە دەکات بەوەی کە زەردەشت، لەوانەیە نە ئایینی «هوم» کە تەنیا شێوازێکی تایبەت لەو کە لەگەڵ خوێنڕێژیدا بوو - ڕەت دەکاتەوە ئەم بەڵگاندنە دامەزراوە لەسەر بڕگەی - ١٤ لە یەسنا ٣٢ کە بە هوم لەژێر ناوی، ناتۆرەیەکی سوننەتی، «بە دوورکرنەوەی مەرگ» ئامارە کراوە، زنر دەڵێ: ئەگەر زەردەشت هێرشی بکردایەتە سەر بنەماکانی ئایینی هوم، ئەوا لە ناتۆرەی واقیعی کە نیسبەت دراوە بە گیایەکی هەرمان،

کەڵکی وەرنەدەگرت، لەوانەیە وەڵام بدەینەوە بەوەی کە زەردەشت لەوانەیە ئایینێکی بە زمان و گوتار لێکداوەتەوە لە ئەنجامدا، ئەم پەسنە لە زمانی ئەودا، حاڵەتێکی تانەلێدانی هەیە لەڕاستیدا بڕگەیەکیتر تاوانبارکردنی ئاشکرای ئایینی هوم بەرچاو دەخات، بڕگەی ـ ١ لە یەسنا ٤٨، کە ئەم هەڵسوکەوتە ناشیرینە کە لەوم خواردنەوەوە، سەرچاوە دەگرێ، دەفەوتێنی کەلە رێگەی ئەوەوە قوربانی دەکەن لەوانەیە بتوانین نێوان بۆچوونەکانی زنر و نیبرگ بە شێوازێک سازگاری دروست بکەین بەم پێش گریمانەو کە یەسنا، ـ ٤٨ بە یەکەمین سەردەمی چالاکییەکانی زەردەشتەوە پێوەندی هەیە، واتە ئەوکاتەی کە لەگەڵ هومدا دژایەتی هەبوو لە کاتێکدا کە یەسنا ـ ٣٢ لە سازشێکی دواتر قسە دەکات، راستییەک هەیە کە باس لە سەلماندنی ئەم گومان کردنە دەکات، یەسنا ـ ٤٨ کە بێ پەردە هوم تاوانبار دەکات ـ دەکرێ نیسبەتی بدەین بە سەردەمێکی کۆنترەوە، چونکە نیشان دەدات زەردەشت بە دوای پەیداکردنی پشتیوانەوەیە، ئەو لە بڕگەی ٥دا بانگەواز دەکات با خاوەن دەسەڵاتە چاکەکان بە سەرماندا حکوومەت بکەن، نەوەک فەرمانڕەوا خراپەکان جیالەمە دەتوانین بڵێین کە ئایینی هوم لە سەردەمی زەردەشتدا بەشێک بووە لە دابونەریتی ئایینی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان کرد، وادیارە دواتر پێیان زیاد کردووە، وەکوو پێشتر باسکرا

زەردەشـت فەرەوەشـییەکانی لەوانەیـە بـە گوێـرەی پێوەندیـان بـە کـردەوەی دووەم ـ لەبەرچـاو نەگـرت، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا ـ بـە ئاوەڕدانـەوە لـە دەروونناسـی ـ دینـای ناسـیوە، سـەبارەت بـەم بۆچوونـە پێـم خۆشـە سـەرنجی خوێنـەران دەربارەی لێکدانـەوەی نـوێ و بـە بۆچوونـی مـن، شـیاوی»پالیارو» ـ کـە لـە وتارەکەیـدا لەژێـر نـاوی «ئارمانگەرایـی گاهانـی» باسـی کـردووە، رابکێشـم.

نووسـراوەیەک کـە ئـەم خاڵانـەم لـێ دەرکێشـاوە، دوای باسـێکی کـورت سـەبارەت بـەو وەرگێڕانـەی کـە لەلایـەن هەندێـک لـە توێژەرانـەوە ئاراسـتە کـراوە، بـۆ وشـەی «دیانـا» بارتولومـە (تاکگەرایـی) لومـل (دینـدار) میـە (کەسـایەتیی ئایینـی) پـاوەری و دوشـن گیمـن (ویـژدان) پالیـارۆ دەڵـێ: ئـەم وشـە بێگومـان لەگـەڵ ریشـەی ئێسـتای «بینیـن»دا پێوەندیـی هەیـە دوای ئـەوە، بەجێـی وەرگێـڕان و لێکدانـەوەی وەکـوو هێـزی «بینایـی» یـان روانگـەی (ئایینـی) وەکـوو مانـای وشـەی دیـن (دینـا) ئـەو لـە بەرانبـەری یۆنانـی ـ لاتیـن، واتـە «ئەنـواع «جـۆرەکان» نـاو دەبـات و بـەو دەرەنجامـە دەگات، کـە لـە پێوەنـدی لەگـەڵ (بوونـی زینـدوو) یـان بوونـی زینـدوو کـە لەسـەر جـۆرەکان و شـێوازەکانی دنیـای مـادی دەلالـەت دەکات، دینیـش بـە کەڵکـی دیـاری کردنـی چەشـنەکان دێـت، مانایەکیتریشـی ئەوەیـە، سەرچەشـن، جـۆر،

جنس و لە ئەنجامدا چییەتی و جەوهەرە لە پێوەندی لەگەڵ دەرووندا و لە لایەکیترەوە، سەبارەت بە دوو مانای «دینا» دەتوانین بۆ نموونە دەتوانین لە بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرە، نیسبەت بە زەردەشت و ئەفلاتوون، بەشێک لە وتارەکەی لێرەدا باس بکەین: روونکردنەوەی «گاتاکان» لە کەڵک وەرگرتنی مرۆڤ لە «دینا» رونکردنەوەیەکی روون نییە، بەڵام مەبەست لەمە ئازادیی هەڵبژاردنی نێوان خێر و شەڕە، کە بۆ خۆی بۆتە بنەمای بیری دوانەپەرەستی، هەرکەسێک (لەگەڵ ئەم جەوهەرە خوداییەدا) و بە گوێرەی یەکێک لەم دوو ئەسڵە دەست دەداتە هەڵبژاردن، تەنیا لە سێبەری وەها مانایەکدایە کە وانەکانی زەردەشت و پڕوپاگەندە جیدییەکەی پاساو دەدرێت، (جیالەمە جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەم چەمکە بە هەڵبژاردنی «بروس» لەلایەن رۆحەوە، ئەویش پێش دروست بوونی ئەم دنیایە، ئەو جۆرە کە ئەفلاتوون، لە کۆماردا، (بەرگی دەیەم) باسی دەکات، ئەم مانا لە «دینا» دواتر لە تێڕوانینی دینیدا جێگای خۆی کردەوە، چونکە تاڕادەیەک لە «فەرەوەشی» (رۆحی پارێزکار) کە بە بایەخێکی دینی زۆرتر و کەمتر لایەنی تیۆریک، لە گاتاکانیشدا باسی نەکرابوو، لەلایەکیترەوە، ئەهوورامەزدا بۆخۆیشی «دینا»ی خۆی هەیە وەکوو مرۆڤ ـ دینای خوا، جەوهەری ئەو ـ دیاردەیەکی رووت

لـه ئولووهیـەت ـ هەمـان دینـه، لـه بڕگەگەلێـک وەکـوو بڕگـەی ـ ١١ی یەسـنا ـ ٤٤ دەتوانیـن بـه جۆرێکـی مامناوەنـدی گۆڕانـی مانایی ئـەم دەسـتەواژە لـه جەوهـەرەی «دیاردەی رۆحانـی» (خـوا) بـه نیسـبەت دینـەوە بـه ئـاکام دەگەیـن، «ئاخـۆ ئارمیتـی بـه دانـان کە جەوهـەرەی (دیـن)ی تـۆ، پێیـان نیشـان دراوە ئـەی ئەهوورامـەزدا لـه سـەرەتاوە مـن هەڵبژێـردراوم بەهـۆی تـۆوە بۆ ئەم کارەوە شـدر، لـەو بـاوەڕە دایـه، کـه مانـای «قیامەتناسـی» گۆڕانێکـی دواییـه و لەگـەڵ بیروبـاوەڕی پەیغەمبـەردا نامۆیـه، بـه گوێـرەی بۆچوونـی شـدر پێداچوونەوەیەکـی گشـتی دوای مـەرگ هاتـه ئـاراوە، واتـه کاتـێ کـه نوێسـازیی دنیـا (فرشـکرد) ـ کـه پەیغەمبـەر هیـوادار بـوو لـه سـەردەمی خۆیـدا بیبینێتـەوە، (بڕگـەی ٩ لـه یەسـنا ـ ٣٠) نەدەهاتـه بـوون جیالەمـه جیهانـی یەکـەم و دووەم، بـه مانـای جیهانـی مادیـی و رۆحانـی مانـای «ژیانـی دنیایـی و ژیانـی ئـەو دنیـا» بەخـۆوە گـرت پـردی چینـۆت، ـ کـه پێـش لـەوە فـەزای نێـوان دوو ئاگـر، ئەویـش بـه شـێوەی تاقیکردنـەوە دێتـه ئەژمـار ـ ئەمـەش بـه شـێوەی پۆلێکـی هەڵبـژاردن دەرهـات گروتمـان، پێگـەی ئەهورمـەزدا، لـه نێـوان ئەنجامدانـی رێوڕەسـمی دینیـدا بـوو بـه چوارەمیـن ئەڵقـەی بەهەشـت لـەم دواییانـەدا، هومبـاخ، لـه وتارێکـدا هەوڵـی دا، تاکـوو تایبەتمەندییەکانـی قیامەتناسـی لـه گاتاکانـدا کەمتـر بـاس بـکات، بـەڵام ئەویـش وەکـوو «شـدر»

هەوڵێکـی زۆری دا، بـۆ ئـەوەی نیشـانی بـدات، زەردەشـت لـەم دنیایـەدا ژیـاوە و ئامـاژەکانی زەردەشـت بـە سـەرچاوەکانی دنیـای کـۆن و بـە پادداشـتەکانی دوارۆژ، بـە تەواوەتـی پێوەنـدی بـەم دنیـاوە هەیـە مـن دەڵێـم: دژایەتییـەک ـ کـە تـەواوی لێکۆڵەرانـی تووشـی سەرلێشـێوان کـردووە ـ زۆرتـر روکەشـیانە و رواڵەتییـە، تاکـوو واقیعـی زەردەشـت لەوانەیـە، دوارۆژناسـیی بـە مانـای بـاو ئەوەنـدە دژاور نەگرتبێ، چونکـە لای ئـەو کۆتایـی کار نزیـک بـوو، بـەڵام دەرکەوتنـی دەسـەڵاتی خواوەنـد لەگـەڵ سـەرکوت کردنـی دێوپەرسـتان، دەبـوو لـەم دنیایـەدا شـتێکی راسـت بـێ، تـا چ رادەیـەک زەردەشـت، ئـەم رووداوەی لـە ئەسـتۆ دەگـرت و هـاوکات هەسـتی بـە گـۆڕان و گێڕاندنـەوەی بـۆ هەلومەرجـی ژیانـی دوای مـەرگ، دەکـرد ئەمـە شـتێکە ئێمـە لێی ئـاگادار نین، لەگـەڵ ئەمەدا، باسـکردنی ئـەم خاڵـە کـە زەردەشـت، چـۆن ئوسـتوورەناسی کۆنـی لەگـەڵ پلانەکـەی خـۆی بـۆ نوێکردنـەوەی جیهـان بـە گونجـاو زانـی و هەوڵـی گۆڕانـی دا و لـەوان قازانجـی بـرد، جێـی خۆیەتـی هەروەک چـۆن لومـل» بـە دروسـتی ئامـاژەی پێکـردووە ئامۆژیاریـی گۆڕانـی کۆتایـی، ئەویـش لـە رێگـەی رێکخسـتنەوەی ئـاوری تـواوە لەڕاسـتیدا لەگـەڵ ئوسـتوورە کـۆن و بـاوەکان دەربـارەی کۆتایـی کاری دنیـا و بـە دوای ئەوەشـدا، نوێکردنـەوەی دنیـا پێوەندیـی هەیـە، بـە تـەواوی ئەمانـەوە لـە پەنـای ئـەم پێوەندییـە ئوسـتوورەناسـییەدا

تاقیکردنـەوەی دژوار بـە ئـاور بوونـی هەیـە نەریتێکـی بـاو لەنێـو ئێرانییەکانـدا کـە هـەم بـازدان بەسـەر ئـاوردا و هەمیـش رژاندنـی ئاسـنی بەتـاو بەسـەر بەشـێک لـە جەسـتەدا دەگرێتـەوە، وەهـا تاقیکارییـەک ئەوەنـدە گـەورە بەرچـاو خـراوە، کە لایەنێکـی کەیهانی پەیـدا دەکات و بـە کاری دوو لەشـکری راسـتکاران و درۆزنـان دیـت، ئوسـتوورە گەردووونناسـییەکانیش لای زەردەشـت پەسـند نەبـوون، مەگـەر ئـەوەی بـە تەواوەتـی لەناویانـدا ئاڵوگـۆڕ پێکبێـت، بـەو جـۆرەی کـە «لویـزی، لومـل، و پتازونـی، (بـە پێچەوانـەی کومـون) بیریـان کردۆتـەوە، کوشـتنی «گا»ی یەکـەم لەلایـەن ئەهریمەنـەوە ـ ئـەو جـۆرەی کەلـە بندهشـدا هاتـووە ـ کـەم و زۆر کردنـی، دوایـی لـە ئوسـتوورەی کـۆن و نهێـن ئامێـزی میتـرا دایـە، ئوسـتوورەیەک کـە تێیـدا میتـرا وەکـوو قارەمانێکـی داهێنـەر و بەرەکـەت بەخـش سـووڕێنەری شـانۆیە، زەردەشـت جگـە لـە مەحکـووم کردنـی ئـەم ئوسـتوورە و کاری قوربانیکـردن نەیدەتوانـی کارێکیتـر ئەنجـام بـدات، زەردەشـتییەکان ـ کـە دواتـر لـە سـەردەمی تێکـەڵ کردنـدا ئـەم داسـتانەیان جارێکیتـر خوێنـدەوە، ئیـدی نەیاندەتوانـی، سـەربڕینی گا بـە کاری خـودای سودڕەسـان و بەرەکـەت بەخـش بزانـن، لـە ئەنجامـدا، ئەویـان بـە کاری ئەهریمـەن دانا، زەردەشـتیش لـە سـەردەمی خۆیـدا بـە جێگـەی ئـەم ئوسـتوورە، باسـی رەوان «گا»ی کـرد، دەربـارەی ئەفسانەگەلی تایبـەت بـە یەکەمیـن مرۆڤـی

زەردەشت جەمی وەکوو بەرپرس لە پەرەپێدانی کاری قوربانی
کردن وەلا نا و مینووی لەبەرچاو نەگرت، (سیمایەک ـ کە
تائەو شوێنەی تایبەت بە ئێرانە، لە «مانۆشیچیرا» وارد بوو،
تەنیا لە سەردەمی دوایی دایە کیومەرس وەکوو شتێکی نوێ
لە مرۆڤی یەکەم پێشهات، وەکوو «هارتمان» لە بەرهەمەکەیدا
«کیومەرس»ی ساڵی ١٩٥٣ نیشانی داوە، ئەم سیما لە پلەی
یەکەمدا دەتوانێ لە داهێنانی زەروانییەکان بێت، کە ساتێک
بە یەسنا ـ ٣٠ و بڕگەیەک تایبەت بە «ئوستوورەی هەڵبژاردن»
ـ جێگەیەک کە هەردوو ناوەکە دەردەکەوێ ـ باسی دەکەن،
هەر چۆنێک بێت ئەم سیما نوێیە وەکوو لومل باسی دەکات،
لە گەڵاڵە کردنی سەردەمی جیهاندا تێکەڵ کراوە، ئەوەی کە
ئەو لە راستیدا پەیکەرێکی بێ گیانە، خۆی لەم راستییەوە
سەرچاوە دەگرێ و هیچ بڕگەیەک و رێکەوەندێک لە کیومەرس
و داهێنانی ئەو لەلایەن ئەهوورامەزداوە قسە ناکات، ئەو بۆ
سێ هەزار ساڵ ئەژی و سەردەمێک کە تیایدا نە کارێک دێتە
ئەنجام و نە هێمایە بۆ شتێکی تایبەتیش، تەنیا ئەو فەرمانەی
پێکراوە کە بە دەستی دوژمنی ئەهریمەن بکوژرێت، ئەویش
نەک لەم سەردەدەمەدا، بەڵکوو لە سەردەمی دواتردا تەنیا
بەهۆی کەڵک وەرگرتنی لێکدانەوەیەکی ژماریی یەوە کە بۆ سی
ساڵێکی تر لە سێ هەزارەی دووەمیشدا بژی، سەرنجڕاکێش

ئەوەیە «حەمزەی ئیسفەهانی» تەنیا ئەو ٣٠ ساڵە بۆ ئەو لەبەرچاو دەگرێ، حەمزەیی کە ١٢٠٠٠ ساڵ زەردەشتی قبووڵە، بە هاوردنە ئارای دەورەی سێ هەزار ساڵەی دووەم، بەتەواوەتی بە خاڵی دەیهێڵێتەوە، بەم شێوە بەو نووسەرانەی کەلەڕووی ناچارییەوە لە کەیومەرس وەکوو کەرەستەیەک بۆ پڕکردنەوەی ئەم سەردەمە کەڵکیان وەرگرتوە، مەلەق لێدەدەن و مەسەلەی سەرچاوە و ئاڵوگۆڕی «سێ هەزار ساڵەی لەو مەسەلانەیە کە تاکوو ئێستا بلیمەتی توێژەرانێکی وەکوو: «بنونیست، نیبرگ، لومل و زنر»ی تووشی کێشە کردووە زەردەشت پەرەستنی «زەمان» یان چارەنووسی هەڵوەشاندەوە لای ئەو دنیا پڕ بوو لە خەباتی «سپەندمینوو» لەگەڵ مینووی وێرانگەردا، خەباتێک کە تا رووخانی ئەهریمەن و سەرکەوتنی پایەداری مینووی پیرۆز درەێژەی هەبوو، دوای مەرگی پەیغەمبەر ئەم باوەڕە دەبوو، گەشە بسێنێ و پەیدابوونی ئەمەش بەستراوە بە قۆناغێکی نوێ لەم پێکدادانی جیهانە لەم رووەوە، لە برگەی - ١٥ لە یەسنا - ٩ دەخوێنینەوە لە کاتی لەدایک بوونیدا دێوەکان - ناچار بوون هەڵبێن بۆ ژێر زەوی و دواتر واگومان دەکرا ئەو لە کاری رزگارکردن و سوشیانتا دەستی هەیە و سێ جێگر کە هەرکامەیان بەپێی ریزبەندیی لە کۆتایی یەک هەزارە و سەرەتای هەزارەی نوێدا سەرهەڵدەدەن، ئەم سەردەمی ٣٠٠٠ ساڵە لە

دەرکەوتنـــی زەردەشـــتەوە تاکـــوو رزگاربوونـــی کۆتایـــی درێـــژەی هەبـوو، جەنگـی نێـوان ئەهوورامـەزدا و ئەهریمـەن بـە شـێوازێکی تێکـەڵ تێپەڕبوونـی سـەردەمێکی پێـش پەیدابوونـی زەردەشـت بۆخـۆی تەرخـان کـرد، ئـەم سـەردەمە دەورەیەکـی ٦٠٠٠ هـەزار سـاڵەیی پاسـاو دەداتـەوە، بـەڵام بـە گوێـرەی راپۆرتـی بندهـش (٣٤) بەرلـە دەسـت پێکردنـی جەنگـی (خێـر و شـەڕ) دوو سـێ هـەزار سـاڵیتر بـەم سـەردەمە زیـاد بـوو، تایبەتمەندیـی ئـەم دوو سـەردەمە، فەرمانڕەوایـی بـێ قەیـد و مەرجـی ئەهوورامـەزدا بـوو کـە سـەردەمی یەکـەم سـەردەمی داهێنانـی بـە تەواوەتـی مینوویـی بـوو ـ هـەروەک بینیمـان ـ دەرکەوتنـی کەیومـەرس لـە نیشـانەکانی سـەردەمی دووەمـە.

بەشـی یەکەمـی «بندهـش» بـاس لـە راپۆرتێکـی بـە تـەواوی جیـاواز دەکات، راپۆرتێـک کـە زنـر لـە زەروان و ئامۆژیارییەکانـی موغانـی لـە راسـتیدا باسـی کـردووە، ئـەم توێـژەرە هەوڵـی داوە تاکوو ئـەو شـپرزییەی لـە بەشـی ١٦ (بڕگـەی هـش) پاسـاو و لێـک بداتـەوە، لـەم بەشـدا دەگوتـرا بـەوەی کـە ئەهریمـەن گێـژ بـوو، بـەڵام وشـەی درۆ و مانـای

درۆی داهێنـا، زنـر دەپرسـێ ئەگـەر ئـەو بێهـۆش بـووە، کەوابـوو چۆن توانیویەتـی ئـەم کارە ئەنجام بـدات؟

من نامەوێ بەڵگاندنەکەی ئەو کە بە ئاسانیش فام دەکرێ دووپات بکەمەوە و بەڵگەی من بۆ باسی ئەم خاڵە ئەوەیە، کە ئەم بەشە لە بڕگەی هش) شوێنەوار و نیشانەیەک لە زەروانییەکان لە گەردوونناسی مەزدییەکاندا دەخاتە بەرچاو لێرەدا دەمەوێ تا ئەو شوێنەی کە بە بەشەکانی ١٢ و ١٣ (لەم بەرهەمە و وەرگێڕانەکەی) لەلایەن زنرەوە پێوەندیی هەیە، باس لە سەرسامبوونی خۆم بکەم.

١٢ ـ ئەهوورامەزدا بە ئەنگرەمینووی گوت: بەم بەڵێنەوە، کات بژمێرە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بۆ ٩ هەزار ساڵیتر خەبات بکەین، چونکە ئەو بەهۆی پێشگوی کردنەوە دەیزانی کە بە ژماردنی کات، ئەنگرەمینۆ ناکار دەبێت ـ کەوابوو ئەنگرەمینۆ ناکار دەبێ جیالەمە ئەنگرەمینوو بەهۆی نەزانین و نەبینینی کارەوە لەگەڵ ئەم رێکەوتنەدا یەک دەکەوێ، بەو جۆرەی کە دوو پیاو کاتێکی تایبەتیان بۆ جەنگ لەبەرچاو گرتووە وەکوو ئەوەی بهێڵە تاکوو لە وەها رۆژێکدا تاکوو شەو بجەنگین.

١٣ ـ ئەهوورامەزدا بە تەواوی ئاگاییەوە زانی، کە لەم نۆ هەزار ساڵە، سێ هەزار ساڵ لە خەوی غەفڵەت و بە ئارەزووی ئەهوورا و ئەهریمەن دەگوزەرێت و لە تەواوبوونی جەنگدا ئەنگرە مینوو ناکار دەبێ و ئەو خودای خۆی، لە کاول بوون رزگار

دەکات، با بزانین ئـەم گەلاڵـە چۆن دەیـەوێ کار بکات، زاڵبوونـی ئەهوورامـەزد ٣٠٠٠ هـەزار سـاڵ بـە دواکەوتنـی جەنـگ، لەوانەیـە لـە کۆتاییەکانـی دەورەی سـێ هـەزار ساڵەی دووەمـدا، ئەهریمـەن شکەسـتی خواربێـت و ئەهـوورا بـۆ هەمیشـە حاکمییـەت پەیـدا دەکات، ئێسـتا دەبینیـن ئـەم سـەردەمانە، دەبێنـە ٦٠٠٠ سـاڵ، ئێسـتا چ ئـەم سـەردەمە تەرخـان بکەیـن بـە زاڵبوونـی ئەهـوورا، یـان بـە سـەردەمی خـەوی غەفڵـەت لـە هەرحاڵـدا لەگـەڵ دەقـە ئەسڵییەکەدا ناکۆکـی هەیـە وابزانـم، تەنیـا ڕێگـە بـۆ پاساوی ئـەم ناکۆکییـە ئـەوە بێـت، وابزانیـن بێـژەران لـە ئامزرەیەک کـە دامەزراوە لەسـەر سـێ دەورە، یـان سـێ زەمـەن ـ کـە لـە مانویزمـدا پەسـەند کـراوە ـ دەسـتیان پێکـرد و بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە ئەسـڵێکی گرنـگ، (بندهـش، گومیزشـن، ویچـارش) و بـە شـێوازێکی کـورت و بـە بەکارهێنانـی چوارچێـوەی گەلاڵـەی هـەزارە) ئەویـان گێڕایـەوە بـۆ سـێ دەورەکـە، ئەویـش بـە چاوپۆشـی کـردن لـەو ڕاسـتییە کـە ئـەم سـێ سـەردەمە تەنیـا دوو دەورە نیشـان دەدات، زەمانـی سـێیەم لەگـەڵ هەرمانیـدا بەرامبـەرە.

# بەشی پێنجەم

# ئێران و یۆنان

ئـەوەی دەمێنێتــەوە، لێکدانــەوەی پێوەندیــی دینــی ئێرانییــە لەگـەڵ بـاوەڕی یۆنانــی و یەهوودییەتـدا، دوو مەسـەلەیە ئەویش لـە هەلومەرجـی جیـاوازدا دروسـت دەبـێ، لـە کاتێکـدا یەهوودییـەکان وەکـوو گەلـی هەڵبژێـردراو هیچـکات کاریگـەری و دەسـتێوەردانی بیانییـەکان لەسـەر دینەکەیـان قبـووڵ نەکـرد، بـەڵام یۆنانییـەکان بە پەلـە وەکـوو تەمـازرۆ خۆیـان دەرخسـت، کـە وەکـوو میراتبـەران و جێگرانـی بیرمەنانـی رۆژهـەڵات دەرکـەون، لـە راسـتیدا ئـەم دوانـە لـە رێگەگەلـی دژبـەک رێگـەی زیادەڕەوانەیـان گرتەبـەر.

سـەرەتا لـە یۆنانییەکانـەوە دەسـت پێدەکەیـن. «س. هوفنـر» نیشـانی دا هەرچـی مـەودای زەمەنـی نووسـینی نوسـەرانی کـۆن لەم قەرزگرتنانـە زۆرتـر بـێ ئەم نوسـراوانە شـێوازێکی وردتـر و بەربڵاوتر پەیـدا دەکات، بێگومـان نێـوان فێرکارییەکانـی ئێرانـی و یۆنانـی لێکچوونگەلێکـی شـیاو بوونـی هەیـە، تەنانـەت ئەگـەر بۆ سـاتێکیش بـووە ـ سـەردەمی هلنـی بەهـۆی دەرکەوتنـی «گنوسـیزم» بخەینـە لاوە دەتوانیـن لێکچوونگەلێـک وەکـوو دوانەپـەرەسـتی، ربوبیەتـی زەمـان دابەشـکردنی مێـژووی جیهـان بـە سـەردەمانێکی دیاریکـراو تێرامانـی بیـری جیهانـی، ئـاور وەکـوو سـیمبۆلێک لـە یاسـای گەردوونـی «ئەزەلیەتـی مپـل» بژمێریـن ئاخـۆ چـۆن دەکـرێ ئـەم لێکچوونانـە پاسـاو بدەیـن؟ توێـژەران لـە هەڵسوکەوت لەگـەڵ ئـەم

بابەتــەدا لەگــەڵ یەکدا بــە تەواوەتــی ناکۆکــن، کەســانێک هــەن وەکوو «ئایسلر» کـە لـە بەرهەمەکـەی خۆیدا باس لـە رەخنـە و ستایشـی ئێرانییـەکان دەکات و ئەویش بـە سـەرچاوەی فەلسـەفەی یۆنانـی و ئۆرفیسـم دەزانـێ رایـزن اشـتاین ـ کـە ئەفلاتـوون بـە قــەرزداری زەردەشــت دەزانــێ روانگەکانــی ئایســلر بــە ســەرچاوە دەزانـێ و بـە یارمەتیـی ئێراننـا سـێکیتر ـ «اچ. شـدر» ـ پـەرەی پــێ دەدا، جـی. بیدز.یـش بـە شـێوەی مامناوەنـدی لانگـری ئـەم بۆچوونـە بـوو «اسـرو. جیگـر» ـ لەژێـر نـاوی ئەرەسـتوودا (١٩٢٣) سـەرنجی «بیـدز»ی سـەبارەت بـە پێوەندییـە مێژووییەکانـی نێــوان موغــەکان و «ئــاکادی راکێشــا، دەکــرێ بڵێیــن: ئــەو لــە بەرهەمێکیتـردا ـ وەکوو ئـەو یـان ئەفلاتوونـی رۆژهـەڵات، (١٩٤٥) بیرمەندانـی یۆنانـی بـە قـەرزداری ئاموزەکانـی ئێرانـی دەناسـێنێ، لێکۆڵەرانیتریـش زۆر تامــەزرۆی ئــەوە بــوون کــە ئــەم بۆچوونانــە رەت بکەنـەوە سـەیر لـەوە دایـە دوو کـەس لـەوان ـ لـە خراپـی رۆژگار و بێئــەوەی یەکتــر بناســن ـ بــە شــێوەی ســەربەخۆ دوو بەرهەمیــان بــە چــاپ گەیانــد بــە جۆرێکیــش وەکــوو یــەک بــە دەرەنجامــی نێگەتیــڤ گەیشــتن، ئــەم دوو لێکۆڵــەرە یەکیــان، «جـی. کرشناشـتاینر» و ئەویتریـان «و. کاسـتر» بـوو پێویسـتە بڵێـم زۆرێـک لـە یۆنانییـەکان تامـەزرۆی ئـەوەن ئـەم بابەتـە بـە تەواوەتـی لەبەرچـاو نەگـرن، سـەرەنجام ئـەوەی کـە کەسـانێکیش

هـەن بـێ لێکدانـەوەی مێژوویی مەسـەلەکە، لـە بایەخـی مەسـەلەکە لــە رووی بۆچوونــی بەروردکارییانــەوە ئــاگادارن، ئەمانــە جەخــت لەسـەر بۆچوونەکـەی «اف. ام. کورنفـۆرد» دەکەنـەوە، چ ئـەوەی ئێمـە ئـەو بیردۆزییانـەی کـە دەلالـەت دەکـەن لەسـەر کاریگەریـی راسـتەوخۆی ئێرانییـەکان لەسـەر ئەیوانگەلـی سـەدەی شەشـەمی پێـش زاییــن قبــووڵ بکەیــن یــان نــا، لێکۆڵــەر «ئەرفیســم» و تێڕامانــی فیساغورســی لــە دۆزینــەوەی لێکچوونگەلــی وردی نێـوان دینـی ئێرانـی و ئـەم تێڕامانـە و چاو لێکردنـی ئـەم دوو یاسـا، وەکـوو لێکدانـەوەی گەلاڵەیەکـی یەکسـان لـە ژیـان و لـە کۆتاییـدا، کەڵـک وەرگرتـن لـە یەکیـان بـۆ لێکدانـەوەی ئەویتـر، بـەرەو جێگایەکیتـر نـاڕوات. لەوانەیـە بـەم مانـاوە بتوانیـن بڵێیـن: ئەرەسـتووش لـە نێـوان دوانەپەرەسـتیی موغـەکان و سیسـتەمی ئەفلاتوونیـدا پێوەندییەکـی دۆزیوەتـەوە، بـەڵام لەڕاسـتیدا مەبەسـتی ئـەو نـە پێوەندییەکـی مێژوویـی لەوانەیـە، بەڵکـوو لێکچوونـی ئـەم دوو یاسـا پێکـەوە بووبێـت.

کاریگەریی زەردەشتێتی لەسەر روانگە و بۆچوونی نوێ لە فەلسەفەدا - ئەگەرچی ناڕاستەوخۆ - زۆر بەرچاو بووە، وشەی «دوالیسموس» بۆ یەکەم جار «هاید» بەکاری هێنا و دواتر «بیلە و لایبنیتز» وەریان گرت، کریستیەن وۆلف مامۆستای دیکارت، کاربوردی ئەم وشەیەی گواستەوە بۆ ناو «میتافیزیک» و لەم وشە لە وانەکانی «کارتزی»دا - کە تێڕامان و مادەی بە دوو جەوهەری سەربەخۆ و دژبە یەک دەزانی - کەڵکی وەرگرت، کانت و پێش ئەویش «سپینۆزا» لە بەرانبەر دوانەپەرستیدا، هەڵویستیان گرت، دوای ئەویش «فیختە و هیگل» بە شەڕی «ئایدیالیزم» و پۆزیتیڤیستەکانیش، بە چەکی «مادیگەرێتی» دژ بە دوالیزم وەستانەوە، بۆچوونەکەی « کارتزی» کە بە نۆرەی خۆی دەکرێ بە درێژەی هەڵوێستەکەی ئەفلاتوونی بزانین، لە سەردەمی رینسانسدا جێگای «ئیسکولاستیزم»ی ئەرەستوویی گرتەوە. تەواوی مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا لە دەلاقەی نۆرەیی لە دوالیزم و مونیزمەوە دەردەکەوێ، بەم شێوە، کە ئەرەستوو لەگەڵ دوالیزمی ئەفلاتووندا هەڵوێستی گرت، مونیزمی ئەرەستوویی و رەواقیون، جێگەی خۆی دا بە نیۆئەفلاتونییە مەسیحییەکان و کافرەکان، تاسەدەی دوانزەیەمی زایینی کە تێڕامانی ئەرەستوویی جارێکیتر زیندوو بووەوە، ئەفلاتوون خۆی داهێنەری دوانەپەرەستی نەبوو، چونکە ئەوە

«ئمپدوکلس، ئاناگزتگوراس، ئورفیستەکان و فیساغورسییەکان» بوو کە باسی ئەم ڕێبازەیان کرد، لە دەرەوە ئەورووپا دوانەپەرەستی لە هیند و لە فەلسەفەی «سامکهیا»کاندا دەردەکەوێ، بەڵام جەزمیەتی نا دوانەپەرەستی «ادویتا» دووری لێ دەگرێ و لە زۆربەی شوێنەکاندا زاڵ دەبێ بەسەریدا، لە چینیشدا دوانەپەرەستی بە دەست پێکردنی وەکوو روبەڕوو بوونەوەی «یان ـ یانگ» شێوەگەلی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێت، بەگشتی، نێوان دوانەپەرەستیی گەردووناسی، مرۆڤناسیی، مورال و ئیسپتمۆلۆژیا، دەبێ جاوازیی قبووڵ بکەین، «سیمون پترمان» شێوازێکی لە رادەبەدەر گرنگ کە لەگەڵ خودا و بووندا هەڵوێست دەگرێ، وەکوو «دوانەپەرەستییەکی میانەڕەوانە «لێک دەداتەوە و بڵاوی دەکاتەوە، بە گوێرەی بۆچوونی ئەم بیرمەندە، ئەم جۆرە دوانەپەرەستییە نیشانە و تایبەتمەندیی بێداریی ویژدانی فەلسەفییەوە، کە بە زۆری بۆچوونی یەکتاپەرەستانە ـ بەو دەمارگرژییە متافیزیکییەوە ـ جێگای دەگرێتەوە بۆ ئەوەی دوالیزمی زیندوو جارێکیتر بێتەوە مەیدان، پێش ئەوەی باس لە پلانێکی گشتی لە مێژووی ئەندێشەی یۆنانی «لەپێناو وەها رئوسێکدا بکەین، داواکاریم دەربارەی پەیوەستەبوونی بەرانبەری ئێران و یۆنان، نووسینێکی کۆتا پێشکەش بکەم.

چەندین وتار لە پێوەندیی لەگەڵ لێکدانەوەی ئەم باسە وەکوو وتارەکەی «ئالبەرت گوتز» بە چاپ گەیشتووە، بندهش، و دینکرت، کە فێرکارییگەلێکی جۆراوجۆریان لەوانە، فێرکاریی ئەزەلیەتی مانەویی دنیا فێر دەکەن، مێژووی دەستنووسەکان بەتەنیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی زایینی، ئەم سەرچاوانە وێناکردنە کۆنەکان بەرچاو دەخات و لەڕاستیدا لێکدانەوە، یان پوختەیەک لە بەشگەلی لەناوچووی ئاڤێستا ئاراستە دەکات، بەڵام ئاڤێستا بۆ خۆی بەرهەمێکی تێکڵاوە، کە مێژووی بەشە جۆراوجۆرەکانی ـ لە گاتاکانی زەردەشت لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە و بگرە هەتا بەشە پێ زیادکراوەکانیش لە سەردەمی شاپوور و لە سەدەی چوارەمی زایینی ـ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان. لەوەها هەلومەرجێکدا بۆ فێرکارییە ئێرانییەکان ـ ئەویش بێ یارمەتیدانی دەرەکی ـ بە دژواری بتوانین باس لە مێژوویەکی دیاریکراو بکەین، لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بڕگەیەکی یۆنانیدا ـ بڕگەیەک کە سەرەنجی «فرانس باڵ»ی بۆ لای خۆی راکێشا، ئەوە بە رەوتی وەها یارمەتییەک دەزانین. (ئەم خاڵە، بۆ جۆرەی بینیمان گرنگیی خۆی هەیە) ئەم بەرهەمە یۆنانییە جگەلە شتەکانیتر، لە چۆنییەتی وێکخستنی هەر بەشێک لە جەستەی مرۆڤ یا بەشێک لە دنیا قسە دەکات لەڕاستیدا هەڵوێستی کەسێکی یۆنانی، لە

رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وەها لێکچوونێکی ئێرانی ـ یۆنانیدا ئەوەیە، کە بەو دەرەنجامە بگات، دەبێ ئێران ئەوی بە قەرز لە یۆنان ئەستاندبێ، هەڵوێستی «وسندونگ»یش ئەوە بوو کە «گوتز» تاوانبار بکات، ئەڵبەت شتێکی گاڵتەیە، کە گوتز بە ئاگاداربوون لە وەها شیمانەیەک، لە یەکەمین دێڕی وتارەکەیدا، بە وردی باسی دەکات، لەڕاستیدا مەبەست لە باسەکەی «گوتز» ـ ئەویش دوای سەلماندنی لێکچوونی زۆری نێوان ئەم دوو بەڵگە ـ بەرچاو خستنی رەسەنایەتیی بەڵگە ئێرانییە کە نامیلکەکەی ئەو ـ کە باس لە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی دەکەین ـ یان بە حەز و هۆگرییەوە قبووڵیان کردووە، یان بە گومانەوە سەیریان کردووە بە کورتی کەسێک لەم بارەوە بێلایەن نامێنێتەوە «رایزن اشتاین» بەرهەمەکەی گوتز وەکوو پەسەندکەری بۆچوونەکەی خۆی سەبارەت بە ریشە ئێرانییەکانی عیرفانی یۆنانی ناو دەبات و ئەو بە پاڵنەرێک نوێ لە رێگەی پەرەپێدانی وەها بۆچوونگەلێک دەزانێ، ئێستا بەهۆی ئەو قەرزداری بە وتەی یۆنانییەکان دەکرێ کاتی «دامداد نسوک» بەشی ونبووی ئاڤێستا و لێکدراو و ئەوەی کە ماوەتەوە لە بندهشدا لانیکەم تا سەدەی پێنجەمی بەرلە زایین دیاری بکەین جیالەمە ئەفلاتوونیش دەبێ لەم «نسووکە» ئاگادار بووبێ و مشتێکی لێ هەڵگرتبێت، ئەمە بوو کە رایزن اشتاین لەم

لێکدانـەوەدا ئاماژەی پێکـردووە، هەروەهـا هاوکارەکەی «شـدر»یش جارێکیتـر بـە وردی پێیـدا چـووەوە، ئەمانـە لـە وتەکانیانـدا لـە «بندهـش» فێرکاریـی ئێرانییـە گەردووناسـییەکەیان بـە هەڵقوڵاوی ئایدیالیـزم ودوالیزمـی ئەفلاتوونـی دەزانـی، بەربـڵاوی ئـەم بەرچاوگە نوێیـە، بـووە هـۆی ئـەوەی تاکـوو بیرمەنـدە پارێـزکارەکان، بـە کەونـە گومانـەوە، بـەڵام زۆربەیـان بەجێـی پێداچونـەوەی بەتـەواوی مەسـەلەدا رازیبـوون چاوپۆشـی لێبکـەن، ئەویـش بـە باسـکردنی ئـەم بابەتـە بـۆ نموونـە رایـزن اشـتاین لـە برێـک حاڵەتـدا لـە بەڵگـە و دیکۆمێنتـە ئێرانییـەکان کەڵکـی نابەجێـی گـرت، یـان وەکـوو «وسـندونگ» چاوخۆیانیـان بەسـت، تەنیـا دوو لێکۆڵـەر بـە ناوەکانـی «م. ولْمـان و و. کرانـز» ـ وەکـوو دوو هیلینیسـتی بەرجەسـتە ـ وازیـان لـە رواڵەتـی مەسـەلەکە هێنـاو بـە نـاوەڕۆک و قووڵایـی مەسـەلەکەوە خۆیـان سـەرقاڵ کـرد، بـەڵام لێکۆڵـەری یەکـەم تەنیـا نیـوەی مەسـەلەکەی لەبەرچـاو گـرت و لـە ئەنجامـدا، لـە گەیشـتن بـە دەرەنجامێکـی گشـتی و هەمەلایەنـە بەدواکـەوت، لـە کاتێکـدا لێکۆڵـەری دووەم لێکدانـەوەی بـۆ تـەواوی مەسـەلەکە کـرد، بـەڵام وادەرکـەوت بـە هەڵـە نەتیجـەی گـرت «تێز»ە کـەی «گوتز» لەسـەر دوو جـۆر بەڵگانـدن دامەزرابـوو، یەکـەم، ئافێرکاریـی «دی هیدومادیبـوس» وەکـوو تاشـە بەردێکـی سەیروسـەمەرە لەنـاکاو بـە شـێوەی برگـە برگـە، لـە یۆنانـدا دەرکـەوت، جیالەمـە زۆتـر

شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەم فێرکارییە مانا و چەمکێکی بیانی هەبێت دوای ئەوە رێبازی «سنیدوس» ئەم فێرکارییەی گواستەوە، رێبازێک کە بەهۆی پزیشکە یۆنانییەکان، لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لەگەڵ ئێران پێوەندیی هەبوو. دووەم: بەڵگەی یۆنانی ئاموزەیەکی هاوڕەگەز و یەکدەست ناخاتە بەردەست و تەنیا دەکرێ وەرگرتنێکی بەد فۆرم بێت، «ولمان» بەڵگەی یەکەم بە سست و بێ بنەما، دەزانێت و ئەو کەسەی کە لەم تاشە بەردە سەیروسەمەرە، توخمگەلێکی زۆکە پێوەندیی بە بۆچوونەکانی فیساغوورسەوە هەبوو، پەیدا کرد جگەلەمەش نیشانی دا ئەم وانەیە وەکوو شتێکی گشتی پێوەندیی بە رێبازی «سنیدوس» کە زیاتر پێوەندیی بە رێبازی «سییرن»ەوە هەیە، نییە ئەم بەڵگاندنە ئێمەی لە ئێران دوور خستۆتەوە و مەسەلەی پزیشکە یۆنانییەکان لە کۆشکی شای ئێراندا، هەڵدەوەشێنێتەوە.

«گرانز» جارێکیتر شوێنی ئەم مەسەلە دەکەوێ وانەی حەوتی ئەمشاسپەند، یان شتێکی لەو بابەتە لە هەندێک بەرهەمی یۆنانییدا وەکوو کتێبی یەکەم و چوارەم و تراژدییەک لە «کواریلوس» دەدۆزێتەوە وابەرچاو دەکەوێ تاشەبەردێکی سەیروسەمەرەی برادەران بوونی هەبێ، بەو جۆرەی کە «کرانز»

باسـی دەکات ـ بـێ ئـەوەی لـە دژایەتیـی ئـەم بابەتـە دووری بگرێـت، بـەڵام ئـەم خاڵـە سـەرەکییە لـە وتارەکـەی «کرانـز»دا نییـە، تایبەتمەندیـی سـەرەکیی ئـەم نووسـراوە دزۆزینـەوەی گرنـگ و چاوەڕوان نەکراوی ئـەو بـوو سـەبارەت بـەوەی کـە دەقـی یۆنانـی کـە گوتـز ـ وەکـوو ژێرخانێـک بـۆ بەراوردکردن ـ لەبەرچـاوی گرتبوو، «بـال» زۆر پێشـتر لـەو سـەرو کلکـی کردبـوو، لێکـی دابـووەوە، واتـە ئـەوەی کـە دەبێ چەنـد دێڕێکـی پـێ زیاد بکەیـن، بـۆ ئـەوەی پێکهاتەیەکـی تـەواوی لـێ دەربکێشـین، لێـرەدا دەگەڕێنـەوە بـۆ دووەمیـن بەڵگاندنەکـەی «گوتـز» کـە بانگەشـەی ئـەوە دەکات ئـەم دەقـە دامـەزراوە لەسـەر نایەکدەسـتی دەقـە یۆنانییەکـە دەقـی دەواتـر لەگـەڵ ئـەوەی سـەرلەنوێ پوخـت بـوو، خـۆی وەکـوو تێکەڵەیەکـی پتـەو بـەر چـاو دەخـات، لێـرەدا دنیـا دەبێتـە حـەوت قـات ١ ـ ئاسمانەکان ٢ ـ ئەستێرەکان، ٣ ـ خـۆر، ٤ ـ مانـگ، ٥ ـ هـەوا، ٦ ـ ئـاو، ٧ ـ زەوی).

(لـە دەقـی ناتـەواودا تەنیـا چـوار رەگـەزی، «زەوی ـ ئـاو ـ هـەوا ـ مانـگ، هاتـووە»، زەوی و ئـاو هـەرکام دابـەش دەبـن بەسـەر سـێ تـوێ یـان توێـژ، ئـەم دابەشـکردنە بـە رواڵـەت رەگەزگەلێکـی زۆرتـر بـۆ پێکهینانـی گرووپێکـی حەوتـی بەدەسـتەوە دەدەن، دبـێ بڵێـم مانـگ لێـرەدا زیادەیـە).

تەنیا سیستەمێکی تەواو دەتوانێ ئەم هاوکێشە یان زۆرتر، ئەسڵە دروستکراوەکەی پاساو بدات، (لە شوێنێکدا کە ئۆیتیڤ) بە مانای «سک» هاتووە، و وەرگێڕە لاتینەکە بە دروستی وەرینەگێڕاوەتەوە، زگ، جەستە لە نێوەڕاستدا دابەش دەکات، وەکوو چۆن مانگ (هەسارەی مانگ) بە یەک رادە لە ناوەندی دنیا و دەورووبەری دوورە.

ئەم خاڵە دوایەمینە وامان لێدەکات، تاکوو نیشان بدەین ئێمە دەبێ لەگەڵ گەڵاڵەیەکدا سەروکارمان هەبێ، کە دنیا نە وەکوو لایەیەکی رووت، بەڵکوو وەکوو کۆمەڵێک لە ئاسمانەکانی ناوەند، بەرچاو دەخات، بە یەکسان زانینی ئاسمان (سپهر) لەگەڵ پوستی جەستەدا ئەستێرەکان بە گەرمای ژێر پۆست، پۆست یان پۆششی جەستە، لەگەڵ پۆششی جیهاندا، لەسەر ئەم گەڵاڵە جەخت دەکەنەوە لەم رووەوە، ئەم دواییە (واتە جیهان)ی گرد، هاتۆتە ئەژمار، لە کاتێکدا لە ئوستوورە سەرەتاییەکانیتردا لە نێوان چینییە کان یان وەدا، ئەمە سەری مرۆڤە، کە لەگەڵ ئاسماندا وەکوو بەرزترین پلە، لە پەیژەی جیهاندا بەرامبەرە، ئەم بەڵگە یۆنانییە، بە ئاشکرا پلانێکی نوێ دەخاتە بەردەستمان، پلانێک کە «نیلسۆن ـ دوای ئایسلر و بورکیت ـ کاریگەریی بنیادیی ئەویان لە بواری ئایینیدا

بەرچاو خستووە، هیچ بەشێک لەم پلانە دیۆئاسا لە بەڵگە ئێرانییەکاندا دەست ناکەوێت، بەڵگە و دیکۆمێنتێک کە تیایدا، شێوە لێکچواندن - ئەگەرچی ناڕوونیش - وەکوو زەوی لەگەڵ گۆشتدا، ئێسقانەکان لەگەڵ کێوەکاندا، خوێنی ناو ڕەگەکان لەگەڵ ئاو لە ڕووبارەکاندا هەناسە لەگەڵ بادا بە تەواوەتی لەگەڵ هاوشێوەسازیی یۆنانییەکاندا جیاوازە، ئەڵبەت ئێستا نەبوونی بەراوەردی موو لەگەڵ ڕستنیان - کە وەکوو میتافۆری باوە لە شێعر و ئوستوورەناسی یۆنانیدا دێتە ئەژمار - دەکرێ پاساو بدرێت لە سیستەمێکدا کە پاژەکانی جیهان و جەستەی مرۆڤ تاڕادەیەکی بەرچاو، هەڵگەڕاوەتەوە ئیدی جێگایەک بۆ ئەم بەرامبەر سازییە، بوونی نییە مووەکان - لە دەرەوی پێستیش - دەبێ هاوتای گەردوونی خۆیان هەبێت، کە نە لق و بەرگی زەوینی، بەڵکوو دەبێ شتێک سەرتر لە ئاسمان و ئاسمانەکانیتر بووبێ. بە کورتی کرانز، باشتر لەوەی کە بیری دەکردەوە سەلماندی کە فێرکاریی یۆنانی گشتییەتێکی یەکدەستە، جیالەمە فەرامۆشی کرد، کە بە دوای بێ بنەماکردنی بەڵگەکەی گوتز لە پشتیوانی کردن لە سەرچاوەی ئێرانی ئەم فێرکارییە، لەوەی کە ئەو ئەم بەڵگەیەی گوتزی - سەبارەت بە تاشە بەردە سەیر و سەمەرەکانی هلاس - بۆ دۆزینەوەی براگەلێک بۆ ئەم تەنیا مندالە، بێبایەخ کرد لە ئەنجامدا «تز»ەکەی ئەو دەکرێ

وەکـوو تێزێکـی رەتکـراوە بزانیـن. جیالەمـە ئێمـە هـاوکات لەگـەڵ کێشـەیەکدا رووبـەڕوو دەبینـەوە، کـە گوتـز بـە جۆرێکـی شـیاو سـەرنجمانی بـۆ رادەکێشـێت، لێکچوونێکـی فێرکارییانـەی نێـوان بەڵگـە یۆنانـی و بندهـش ئەگـەر چـی سـنووردارە، بـەڵام پێویسـت بـە لێکدانـەوە دەکات.

وێناکردنـی» جیهانـی گـەورە - جیهانـی بچـووک» بـە یۆنـان، ئێـران و هینـد سـنووردار نابێـت، ئەم تێڕامانە لە شـێوەی سـەرەتایی ئوستوورەیەکیشـدا بوونـی هەیـە، ئوسـتوورەیەک کـە تیایـدا دێـوی یەکـەم دەکـوژرێ و لـە پاژەکانـی جەسـتەی ئـەو بەشـەکانی دنیـا دروسـت دەبـێ.

لای ئەسـکاندیناوییەکان «اودیـن»، «ویلـی» و «وە» دێـوی یەکـەم یەمیـر دەکـوژن و لـە گۆشـتەکەی زەوی، لـە خوێنەکـەی ئـاوەکان، لـە ئێسـقانەکانی کێـوەکان، لـە مووەکانـی درەختـەکان، لـە کاسەسـەری ئاسـمان دروسـت دەکـەن، ئـەم ئوسـتوورە ئێمـە دەباتـەوە بـۆ بڕگـە بڕگـە کردنـی پورشـا لـە ریگـی وەدا و مەرگـی کەیومـەرس بـە دەسـتی ئەهریمـەن لـە بندهشـدا، ئوستوورەناسـیی گریم، ( لاپـەڕە ٤٣٣) سـەبارەت بـە لێکچوونـی «کوچیـن چینـی» بـاس دەکات، کـە «ئولرود»یـش لـەناميلکەکـەی خۆیـدا لەژێـر نـاوی «ئەندێشـەی جیهانـی بچـووک و جیهانـی گـەورە لە سـەردەمی

ئەفلاتووندا، (١٩٥١)، ( لاپەڕە، ١٤٧)، کەڵکی لێ وەردەگرێت و سەرنجڕاکێشتر لێکدانەوەکانی «هاروا و ئەبرهارت» بوو، کە کەلێنی نێوان ئاسیای ناوەندی و چین پڕ کردەوە، ئەم دوو لێکۆڵەرە لای ئەتنیکە، ئاڵتایی و چینییەکان، بە ئوستوورەیەکی لێکچوو لە پارچە پارچەکردنی گەردوونی گەیشتن چینییەکان دەڵێن: کاتێک دێوی یەکەم، پان ـ کۆی لە پا دەرهێنا، لە هەناسەی ئەو با لە دەنگی ئەو هەورە گەرمە، لە چاو چەپی ئەو خۆر، لە چاو راستی مانگ و لە مووی ئەو گژوگیا دروست دەبن، بەڵگە و تێکستە چینییەکان، ئەو دەرفەتەمان پێدا تاکوو مێژووی ئەم ئوستوورە کۆن و سەرەتاییە لانیکەم تا سەدەی یازدەی پێش زایین، دەگەڕێنەوە بۆ دواوە، ئوستوورەیەک کە بەپێی رۆشنگەری «رۆنۆ» لەوانەیە بەشێک بێت لە «رێوڕەسمی قوربانی مرۆڤ» و بەم بۆنەوە، لە جیهانیشدا زۆر باو بووە، لە بابلی کۆنیشدا، بە کوشتنی دێو یەکەم، «تیامت»ی جیهان و «کینگر» کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی جۆری مرۆڤەکان ـ دروست دەبێ، جیالەمە شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئوستوورەی «دێوی یەکەم» لەنێو ئەتنیکە هیند و ئەورووپیەکانیشدا، باو بووە، بۆچی ئەوان دەبێ جیا بکرێنەوە ئوستوورە لە نێوان توتون، ئێرانی و هندییەکان ـ و لە دەقگەلێکدا وەکوو «ئیدا» بندهش و ودا ـ وەکوو میراتێکی هاوبەش دێتە ئەژمار، وابەرچاو دەکەوێ

کە یۆنانییەکان، پێش گەیشتن بە کەنارەکانی «ایجین، ئەم ئوستوورەیەیان فەرامۆش کردبێت، هومر نیشانەیەکی لێی نییە، هەروەها «هزئیود، و تێڕامانی « جیهانی بچووک» یش ـ کاتێک لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە، دروست دەبێ ـ وەکوو شتێکی نوێ داهێنەرانە خۆی دەردەخات، باوبوونی سەرلەنوێ وێناکردنی هەڵوەشاوە، هەروەها پەیدابوونی جیهان لە سرووتە بەناوبانگەکانی تایبەت بە «زئوس» بە گوێرەی ئورفیزم تەواوی ئەمانە لە ئایینی دیونیسی ـ لەگەڵ ئوستوورەکەیدا لە پارچە پارچە کردنی زاگرۆس ـ تەواوی بزووتنەوەی « ئورفی ـ دیونیسی» یە.» ئولرود ـ کە باوەڕی بە قەرز وەرگرتن لە ئێرانییەکان هەبوو ـ لەو شیمانە قسە دەکات، کە ئایینی دیونیسی وەکوو لێکچوو، هاوتەریبێک لە تێڕامانی ڕۆژهەڵاتی «جیهانی گەورە ـ جیهانی بچووک» نیشان دەدات، ئەگەر گریمانی قەرزداری لە ئێران وەلا بنێن، دەبێ زۆرتر بەو دەرەنجامە بگەین، کە ئوستووره سەرەتاییەکان ـ کە بۆ گەلی «تەراسی ـ وەکوو ڕۆشناییەک لە سەردەمی هیند و ئەورووپاییەکان ناسراوە ـ سەرەنجی یۆنانییەکان رادەکێشێ و بزووتنەوەی دیونیسی دەیگوازێتەوە بەرەو شوێنەکانیتر، بەڵام ئەم ئوستوورەناسییە، بۆ پاساوی یاسای «دی هبدومادیبوس» بەس نییە و تەنیا بنەمایەکی بۆ ساز دەکات و ئەویش وەکوو چاژەکانی نێوان

جەستە و بەشەکانی جیهانە، دیکەی توخمەکانیتر لەو رووەوە وارد دەبن، تاکوو بەم سیستەمە پێکهاتەیەکی نجومی و حەوتەوانە ببەخشن، ئەم دوو وشە واتە «حەوتەوانە» و «نجومی» بە ئاشکرا ئامـاژە بە رۆژهەلات دەکات، بەو جۆرەی کە «کرانز» دەنووسێت: لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا ـ ئەگەر کۆنتر نەبێ ـ ئەم پێکهاتە، بەم رۆڵەوە لە رێگەی کەنارەکانی «یۆنی»ییەوە یۆنان دەگرێتەوە و بە زۆری لەلایەن ئائینی ئاپۆلۆوە قبووڵ دەکرێت.

ئێستا ئەمە نەوەک ئێران، بەڵکوو بابلە هاتۆتە ناو پلانی نجوومی ئاسمانگەلی هەم ناوەند لەسەر زەوییەکی هەڵوێستەوار بە فەزاوە ـ کە بە خودی جەوهەرەی حاکم بەسەر پێڕستی بەرامبەرەکان لە نامیلکەی یۆنانیدا ـ شتێکی ئەوتۆ نییە جگەلە دماهێنانێکی گەورەی فکریی کە تارادەیەک لەژێر کاریگەریی بابلییەکاندا هاتۆتە ئەنجام و یەکەم جار ئاناگزیمندر و دواتریش «ئاریستاروخ» خەڵکی ساموس جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەو کەسەی کە بڕیار بوو هاورێ لەگەڵ ئەفلاتوون و جێنشینەکانیدا بنەمای باوەڕی دینی یۆنانییەکان تووشی ریفۆرم بکات.

دەقی بندهش لەگەڵ مێژووی دوایی و هەروەها نەبوونی بەڵگە کۆنەکان تیایدا دەبێ خاوەنی بەشێکی قەرزی بەتایبەت لە

ژماردندا بە گوێرەی زەمەنی ـ بێت، ئاخۆ ئەم بەشە، لە یۆنان، جێگایەک کە لە تیمائوسیش دەبینرێ سەرچاوە دەگرێ، یان لە هیند جێگایەک کە «ئوپانیشادەکان و ستە پتە برهمنا، زۆرتر لێی ئاگادار بوون، هەر پاساودانێک ئیمکانی هەیە، چونکە فێرکارییەکانی هەرکام لەم دوو وڵاتە بە جۆرێک بەرچاوتر لە ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکاندا گونجێنراوە هەرچۆنێک بێ بندهش گۆڕانێکی ئاموزەیی دووانەپەرەستی بەرچاو دەخات، وەکوو «گوتز»یش گومانی بردووە ریفۆرمگەلێکی گوزەراندووە، بۆ هیچ کەسێک نەزانراو نەبووە، ئێستا دەتوانین لە خاڵی دەسپێکی دوانەپەرەستی و گشتیتر لەڕووی بەراورد لەگەڵ ئێراندا پلانێک لە مێژووی ئەندێشەی یۆنان، تاوتوێ بکەین، لەناو باسەکەدا بە پێوەندییگەلێکی شیمانەیی دەربارەی هەندێ خاڵی تایبەت، ئاماژە دەکرێ.

زۆربەی بیرمەندان، پێش سوقرات، لەگەڵ «هزیود» جیهانیان وەکوو پێکدادانی نێوان هێزە دژەکان بینیوەتەوە، بەڵام ئەم پێکدادانە لە رێگەی سەرکەوتنی»زئوس» (بە گوێرەی بۆچوونی هزئیود) یان بە دەرکەوتنی دادپەروەری (بەپێی رێبازی ئورفیزم) بە کۆتایی دەگات «ئاناگزیمندەر» خوازیاری دادپەروەرییە بۆ ئەوەی کاریگەریی بەرانبەر، کەلە پێکدادانە

مادییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هێور بکاتەوە ئەو ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە پێکهاتوو لە بەرهۆکارێکی نەخوازراو دەزانێ، وەکوو چۆن «ئاناگزیمندر» باوەڕی بە ڕێک کاری و هێورکردنەوەی هێزە دژەکان لە ڕێگەی یاسای گشتییەوە هەبوو، فیساغوورسییەکانیش باوەڕیان بە هاوئاهەنگی هەبوو، جگەلەمە ئەوان یەک کەسێکیان لە بەرامبەر زۆر کەسدا، دادەنا و فەلسەفەش هەوڵی ئەوە بوو، تاکوو زۆرێک لە یەک شت بەدەست بێنێ، ئیلیتیزم، خۆی هەوڵدانێک بوو، بۆ زاڵبوون بەسەر دوانەپەرەستیی فیساغوورسیدا و فرسیدس لە دەرچوونی ڕۆح (یان زادمورد) و دوانەپەرەستیی ئەخلاقی - ڕۆحی ئاگادار بوو، بەڵام دوانەپەرەستی مادیی لە هاوئاهەنگی هێزە دژەکان چارەسەر کرد، (ئەو شتەی کە هەواڵی لە هراکلیتوس دەدا) پێگەیشتنی «زاس و چتوونی» سیمبۆل و نیشانەی ئەم هاوئاهەنگی و سەردەمە بوو، زەمەن لایەنی ربوبیەتی هەبوو و بە وشەگەلی پەتی لەگەڵ کرونوسدا بە یەکێک دەزانرا.

خواناسیی زەمان، لە ئورفیزمیشدا بوونی هەیە، ئەمەش بۆ خۆی لەو شتانەیە، کە زۆرێک گومانی ئەوە دەکەن لەژێر نفووز و کاریگەریی ئێران دایە، لە ئەپستمەی «ئورفیە»کاندا، زەمان مارێکە سەری ئاژەڵە، ئەم شێوە مرۆڤ دەخاتەوە یاد،

خودایەک بەسەری شێر لە ئایینی رەمزی میترادا خودایەک کە لەوانەیە تەواوی لێکۆڵەران، لە زوئگا بەدواوە بە دەرکەوتەیەک لە زەمان دەزانن جیالەمە «زینیر» و منیش لەو باوەڕە داین کە ئەم پەیکەرە، بەسەری شێر، نە زەمەنی بێ پایان کە ئەهریمەن وەکوو فەرمانڕەوای ئەم جیهانەیە، لە پەنای یاسای فرسیدس ـ کە تیادا، زەمەن خوای زاڵە ـ و سوننەتێکیترە لە ئۆرفیزم ـ کە داماسیوس تیایدا ئەپسیمەی باوی ئۆرفی دەبینێ ـ ئەپسیمەیەک کە بە خودا جگە لە «مەزن و هەرمان» هیچ ناتۆرەیەکی ناباویتر وەرناگرێ ـ پلانێکی گنوسی و هاوتەریب لەگەڵ ئۆرفیزمدا بوونی نییە کە بە ئاماژەکانی سوفوکلس (سوفوکل) و پیندار ـ کە ناکرێ ئەوانە شایەتێک بن، کۆنبوونی سیمایەکی ترسناکی زەمەنی بە شێوەی سازیار نیشان بدەن.

بە کورتی، کرونوس «زەمان» هیچ شتێکی تایبەت بە ئێرانی لە فرسیدس یان لە تێڕامانیتری کۆنەکاندا، بوونی نییە لەگەڵ ئەوەشدا، هەقیقەتی پەتی ئەو وەکوو خودایەک لە مێژووی بۆچوونی یۆنانیدا بەرچاوە، بەڵام ناچارین بە تێرامان و وردبوونەوە لە زەروانییەکان، هراکلیتوس ـ کە وابزانین، لەسەر رۆڵی «جەنگ و پێکدادان» لە جیهاندا جەخت دەکات، واتە ئەوەی کە «مارکس و هیگڵ» ئەو بە پێشەنگی خویان دەزانن ـ

خۆی بە «لۆگۆس» و «نۆمۆس» باوەڕی هەبوو، جەوهەری ئەم ڕێککارییە بە ئاور لێی تێدەگەیشت، ئەم بەشە ئێمە دەخاتەوە بیر پێوەندیی ئاو لەگەڵ «ریتە» ـ ڕێککاریی حەقیقی ـ لای هیند و ئێرانییەکان، لەوەی کە هراکلیتوس ـ بەم بۆنەوە یان بە هۆیەکیتر ـ ئەم ئەندێشەیەی لە سەرچاوە ئێرانییەکان وەرگرتووە، جێی گومانە، جیالەمە «لوییجا استیلا» بە تایبەتمەندییە باسکراوەکانیتر بۆ ئەم بیرمەندە یۆنانییە ئاماژە دەکات، کە هەموویان ڕواڵەتێکی ئێرانییان هەیە، لەم بابەتە گاڵتەکردن بە پەیکەر و ڕەسمەکان، بە شێوەی مرۆڤ و خوێنڕێژیی ئایینی لە ئەنجامدا بێ ڕێزی بەو جەستانەی کە وەکوو شت و پیس و پۆخڵی تووڕ دەدرێن، لێرەدا لافلێدان بە نیسبەت شتێکی ئاشکرایە، چونکە لێرەدا چ شتێکی هاوبەش نێوان ڕێوڕەسمی موغەکان لە وەلانانی، جەستەیەک لە پیشانگای هۆکارە سروشتییەکان و نەفرەتی هراکلیتوس لە تەواوی ڕێوڕەسمەکان و ئادابی ئەسپاردەکردن، بوونی هەیە؟ هراکلیتوس دژ بەتەواوی ڕێوڕەسم و نەریتە دینییەکانە ئەو لە دوو لایەنەوە، شێوەی هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان هەڵدەسەنگێنێت، یەکەم نەبوونی ڕەسم و پەیکەری خوداکان، ئەویتر قەدەغە بوونی قوربانیکردن، (لەگەڵ خوێنڕشتندا) بەڵام بابەتی دووەم تایبەت بە ئێرانییەکان نییە، بەڵام بابەتی یەکەم دژ بە وانەکانی زەردەشتە، ئەو

سەبارەت بە ئاور ـ کە زەردەشت پەسنی کردووە ـ باوەڕی بە هیچ چەشنە جیاکردنەوەیەک نییە، جیالەمانە ڕێککەوتنی ئەو سەبارەت بە چەمکی ئاور وەکوو نیشانە و سیمبۆلێک لە یاسای جیهانی ئەوەندەش بە هەڵکەوت نییە، لەوانە هەر یەک لەم دوو بیرمەندە لە میراتێکی هاوبەشەوە دەستیان پێکردبێت، باوەڕ بە سیستەم و ڕێککاریی جیهانی لە یۆناندا روون بووەوە و لە هیند و ئێرانیشدا، لە ڕێگەی دەستەواژەی «ریتە»وە دەرکەوت و لەگەڵ درووشمی «ئاور لە هەموو شوێنێک ئامادەیە» پێوەندی گرت هەرچۆنێک بێ مرۆڤ لە یۆنان، هەروەها لە ئێراندا دەسپێکەری گەلاڵەی دوانەپەرەستیی ئاموزەی «دژبەران»دا ـ کە دەبێت جێگرەوەی ـ گرنگترە، «دادپەروەریی کاری خوایەتی لە جبهاندا نسیشان دەدات و هەروەها کە لە بەرهەمەکانی جیگر و گاتریدا، دەزانین روونکردنەوەی ئەم کارە گرنگترین ئامانجی بیرمەندانی کۆنی یۆنان بووە، ئەم بیرمەندانە لەو باوەڕەدان، کە جیهان وەکوو چرایەکی دێوئاسایە کە لەناو چڕوپڕیی ئاورێکی تەواوەدا دەردەکەوێ و ژیانی لێ وەردەگرێ.

بۆ نموونە لای ئاناگزیمنس جیهان هەناسە دەکێشێ و رۆحەکەشی لە بایە و ئەمەش بۆ خۆی خوایە، هەر بەو شێوەیە، فیساغوورس دەڵێ: لە دەرەوەی ئاسماندا بایەکی مەزن هەیە و

جیهان لێوەی هەناسە دەکێشێت، مرۆڤیش وەکوو جیهان «رۆح»ی هەیە و ئەم رۆحەش خوای ئەوە، لای شوێنکەوتوانی رێبازی ئۆرفیزم، ئەم رۆحە هەناسەیەکە لە هەناسەیەکی گەورەترەوە سەرچاوە دەگرێ، لێرەدا دەتوانین بیر لە «وایو» نەکەینەوە کە بایەکی بەربڵاو خاوەنی مەرگ و ژیانە، هەناسەی مرۆڤ و جیهانە و مانەویەت پێوەندیی لەگەڵدا هەیە، لێرەدا دیسانەوە باس لە میراتێکی هاوبەشی سەردەمی هیند و ئەورووپایی دەکەین و لەم وێنەیە بە ئاسانی دەتوانین وەها تێبگەین کە جیهان لە چرپرپیی جەوهەری خوداییەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەوەی کە رۆحی ئێمە ـ کەلە چواچێوەیەکی ناپەروەردەدا زیندانە ـ لە پێگەیەکی خوداییەوە دابەزیوە، تاقم و گرووپێک دروست بوون، کە ئەوانەی تازە دەهاتنە نێو گرووپەکەوە، لە بەشی نەمریی خۆیان ئاگادار بوون. «ئمپدوکلس» خۆی بە خوایەکی دابەزیو دەزانی کە لەنێو مرۆڤەکاندا هەنگاو هەڵدەگرێ ئەو بۆ سەلماندنی کارەکەی خۆی بە «تنا» ئەسپارد، جیهانی ئەو لە پیشانگای جەنگ و پێکدادانی ئەشقدا خۆی دەبینییەوە، کە هەریەکە و بە نۆرە حوکم دەکات، ئەم بابەتە بەڕاستی ئێمە دەخاتەوە یادی ئێران، بەم جیاوازییەوە، کەلە یۆناندا، ئەم بە نۆرە فەرمانڕەوایی کردنە هەمیشەییە لەوانەیە هەرکام لە دوو مانای خێر و شەڕ تەنیا جارێک دەگات بە دەسەڵات.

لـه سـەردەمێکی دواتـردا، ئوسـتوورەیەکی دوانەپەرەسـتی بـە مەرامی لەڕاستیدا یەکتاپەرستانەی دینی دیونیزی پەیوەست بوو لـەم ئوسـتوورەدا دەوتـرێ «تیتـان»ەکان، خودایـان کوشـتوەوە خواردوویانـە و بەهـۆی ئـەم جنایەتـەوە تەمـێ کـراون ـ ئەڵبـەت لـەم سـەردەمەدا کەسێک لـە گرنگیی قوربانیکردنـی گەردوونـی (وەکـوو قوربانیکردنـی گا لـە ئێرانـدا) تێنـاگات، تیتانـەکان سـوتێنران و بـوون بـە بـووڵ لـە بووڵەکەیـان مـرۆڤ هاتـە سـەرزەوی، ئـەم چیرۆکـە بەشـی خوایەتـی لـە مرۆڤـدا پاسـاو دەدات، چونکـە تیتانـەکان جەوهـەری خودایەکیـان، بـۆ لای خۆیـان

راکێشـابوو، ئەرکـی سـەرەکیی ئـەوە بـوو ئـەو شـتەی کـە تێکـەڵ کـراوە، جارێکیتـر لـە یەکتـر جیابکەینـەوە ـ بۆچوونێـک کـە تایبـەت بـوو بـە مانەویتـەوە ـ واتـە ئازادکردنـی رۆح و گەڕانـەوەی بـۆ جێگـە خوداییەکـەی، کەرەسـتەی گەیشـتن بـەم ئامانجـە دەبـێ لای جادووگـەران و ئەفسـوون فرۆشـەکان بسـێنرێت، ئەفلاتـوون وەهـا کەرەسـتە و شـێوەگەلێک رەت دەکاتـەوە و مەحکوومـی دەکات لای ئـەو تەنیـا رێگـەی گەیشـتن بـە زاتـی خـوا ئەوەیـە خـودا وەکـوو سەرچەشـن دابنیـن، بـەڵام بـە دوای «ئاناگزاگـوارس و گزنفـۆن»دا ئەفلاتونیـش لەسـەر چییەتـی رۆحانـی و نامادیـی خـودا، جەخـت دەکاتـەوە لـە ئەنجامـدا جیاوازیـی نێـوان خـوا و

جیهـان ـ وەکـوو خێـر و شـەڕ لـە جەنگـی یەکتـردا بـوون ـ ئـەم مەسـەلە دەیتوانـی دوالیزمـی رەشـبینانەی گنوسـی لێبکەوێتـەوە و جیاوازیـی نێـوان رۆح و مـادە لـە فەلسـەفەی ئەفلاتوونـدا تایبـەت بـە یۆنـان بـوو و لـە نەریتێکـی چوندیـن ـ ایونـی، فیساغوورسـیو الیتیـک و سوفسـتایی ـ سـەرچاوەی دەگـرت و پێشـتر دژایەتیـی نێـوان رۆح و مـادە ببـووە دژایەتییەکـی ئەپستمۆلۆژییانە، هەروەهـا لـە نێـوان زانسـتی سروشـتی و ریازیـدا لەوانەیـە لـەم بەسـتێنەدا ـ کـە وەکـوو گرنگتریـن دەسـکەوتی یۆنانیـش دێتـە ئەژمـار ـ لای پەیغەمبـەری ئێرانـی جیاوازیـی نێـوان کاری بەرچـاو و راسـتییەکان بەرزتـر بـوو، ئـەو هەقیقەتانـەی کـە ئـەو بـە یارمەتیـی جەزبـەکان تێڕامـان و بـاوەڕ نزیکـی پێدەکـردن، ئـەوەی کـە وەهـا مەسـەلەیەک توانیویەتـی گرنـگ بێـت، ئـەو ئاماژەیەکـی پـێ نەکـردووە ئەفلاتوون، ئۆلیتیزمـی لەگـەڵ فیزیکـی ئەیونـی تێکـەڵ کـردووە و بـە شـێوەی دوانەپەرەسـتییەکی نـوێ دەریهێنـاوە، کـە لەودا بەسـتێنی تێڕامان و هەسـت بـە شـێوەی سـەرەکی لەگـەڵ یەکتـردا لـە پێکدادانـدا بـوون، بـەڵام لـە وانەکانـی خۆیـدا، واتـە هاوبەشـایەتی بـە یەکجـاری لەگـەڵ ئۆرفیزمـدا کـە بـە گوێـرەی ئـەو «هەبـوون» هیـچ پێوەندییەکـی لەگـەڵ «بـوون»دا نییـە ـ هـاوکات لەگـەڵ سوفسـتاییەکان ـ کـە پێیـان وابـوو رۆح هیچـکات بـە هەقیقـەت نـاگات، هەڵوێسـتی گـرت. وانەکانـی ئـەو سـەبارەت بـە «رۆح» کـە بـە شـێوازێکی

ئوستوورەیی لە تیمئوسدا باسی کراوە، شێوەیەکی تاقانەگەرێتی و خۆشبینانەی هەیە شەڕ (بدی) هەمان ونبوونی خواوەندی هەیە و رۆحی تاک خاوەنی بڕیار و سەربەستییە، ئەفلاتوون لە بوونی دوو مانەویەتی (خێر و شەڕ) ئاگادار نەبوو، ئەو ئەم مەسەلە لەناو ئوستوورەی پولیتیک (سیاسەت)دا بە ئاشکرا رەت کردەوە، جیهان وەکوو چەرخێک کە بەر و دوا دەسووڕێتەوە، بە شێوەی نۆرەیی جارێک دروست و جارێکیتریش هەڵە دەکات، وەها بزووتنێک نە بەهۆی کردەوەی دوو خودای جیاواز، واتە خودای خێر و شەڕ، بەڵکوو لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە جیهان جارێک وەدوای حەز و ئارەزووی خودا دەکەوێ و جارێکیش وەکوو خۆی رەها دەکرێت، ئەفلاتوون دەکرێ لێرەدا ئاماژەی بە فێرکارییەکانی ئێران هەبێت، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی فێرکارییەکان رەت بکاتەوە لە کتێبی «یاساکاندا» وادیارە ئەفلاتوون بۆ ساتێکیش بووبێت باوەڕی هێناوە بە رۆحی پیس، بەڵام ئەم رۆحە زیاتر پلۆرالیەتی رۆحە، تاوەکوو رۆحی جیهانی، چونکە بابەتی دوایی دەتوانێ «خێر» بێت.

«ئشتاین» رۆحی جیهانی لە وانەکانی ئەفلاتووندا، بە ستایلێک لە «وهومنە»ی دەزانێ کە بەپێی وتەکەی ئەو، ـ خۆی کردەوەی ئەهوورایە لەم جیهانەدا ئەفلاتوون توانیوەتی

«سـپنتەمینوو»یش هەڵبژێرێـت و هەرچۆنێـک بـێ ئاگادارێـن کـە ئەندێشـەی «رۆحـی جیهانـی» لەمێـژە و زۆر پێشـتر لـە ئەفلاتـوون لــە ســوننەتی یۆنانیــدا هەبــووە، ئــەم ئەندێشــە «رێگە»یەکــی پاڵنـەر بـوو بـۆ ئەفلاتـوون بـۆ ئـەوەی بەهۆیـەوە جیهانـی مـادی گـرێ بـدات بـە جیهانـی نموونـەکان (مپـل) وەکـوو هەناسـەیەک گیانـی بەخشـیە جیهـان و وەکـوو رۆحیـش جیهانـی بـە شـێوەیەکی روونـاک رازانـدەوە، ئیـدی جێگایـەک بـۆ وامگرتـن لـە ئێـران لەئـارادا نییـە، لەلایەکیتـرەوە سـەرەنجراکێش بۆچـوون و روانگـەی بنیـادی «ئەفلاتـوون» و «زەردەشـت»ە. وەکـوو ئـەو کارەی کـە «سـیمون پترمـان» بـە حـەز و خولیـای بیرمەندێکـی زگمـاگ و هـاوکات وەکوو خوێندکاری شـوێن باوەڕ و دۆسـتی نزیکی «سـیمون ویڵ» دە سـاڵ پێشـتر ئەنجامـی دابـوو سـیمون پترمـان، لـە رەوتـی لێکدانـەوەی لـە ئەزموونـی گنوسـی روبـەڕوو بـووە لەگـەڵ خودایەکـی بیانـی و ونبـوودا، ئـەم دوانەییـەی نێـوان خـودا و جیهـان ـ بـەو جـۆرەی کـە بینیمـان بـە دوانەیـی متافیزیکـی دەزانێـت، ئەمـە بـە گوێـرەی دوەروونناسـی پێشـکەوتووترە بەسـەر دوانەیەکـی بـاو کـە خێـر و شـەڕ لـە دەروونـی ئـەم جیهانـەدا لـە رووبـەڕووی یەکتـردا دادەنـێ پترمـان وا بیـر دەکاتـەوە، کـە دوانەیـی (خێـر و شـەڕ) متافیزیکـی لـە شـەمی زاتـی ئەفلاتـوون و لەوانەیە پێشـتر لەویش لە سـوقراتەوە سـەرچاوە دەگرێـت لای سـوقرات ـ واتـە ئـەو سـوقراتەی کـە ئێمـە

لـه چاو ئەفلاتوونـەوە دەیبینیـن ـ زانینـی ئـەوەی کـە مرۆڤ شـتێک نازانـێ زانسـتێکی پێویسـت و سـەرەکی بـووە، زانسـتێک کـە نـە لـە هەنـگاوی یەکەمـدا بـەرەو حیکمـەت، بەڵـکوو دەبـێ شـتێکی روون و هەمیشـە دیـار بێـت، بـە جۆرێکیتـر ئاگاداریـی لـە گومڕایـی بـۆ خـۆی مەرجـی رەهایـی و رزگاریـی ـ لـە راستیشـدا ئـەم ئاگاییـە خـۆی دەبێتـە رەهایـی و رزگاریـی «سـیمون پترمـان» پێـی وایـە زەردەشـتیش دژایەتیـی گـەورەی نێـوان ژیانـی عەقڵانـی و موراڵـی و خودایەکـی گەورەتـری ئەزمـوون کـردووە، ئەگـەر زەردەشـت لـە جەزبـەی خۆیـدا جیهانێکـی بـە تەواوەتـی جیـاوازی لـەم ئەزموونـە مادیـی و بـاوە هەسـت پێنەکرابایـە، هیچکات لـەو دژایەتییـەی نێـوان هێـزی خێـر و شـەڕ لـە جیهانـدا تێنەدەگەیشـت، جیالەمـە دەکـرێ ئەفلاتـوون و زەردەشـت بـە یەکەمیـن «گنوسـیی» بزانیـن تـا ئـەو شـوێنەی پێوەندیـی بـە ئەفلاتۆنـەوە هەیـە، ئـەم وتـە بۆچوونێکـی بـاو پـەرە پێـدەدا، کـە بـەم دواییانـە «نیلـز ئالمبـرگ» رەخنـەی لێگرتـووە، ئـەو لـە نامیلکەکەیدا وتەکانـی «سـیمون پترمـان و ئـان فسـتوجیر ـ کـە بەرهەمێکـی چـوار بەرگیـی دەربـارەی «کردنـەوەی نهێنییەکانـی هرمـس»ی نووسـی، لەبەرچـاو نەگرتـووە ئـەم توێـژەرە سـویدیە دەڵـێ: چـۆن نـوێ ئەفلاتوونییـەکان و دوای ئەوانیـش، لێکۆڵەرانـی نـوێ گومانیـان کـردووە کـە ئەفلاتـوون بـە گریمانـەی «رۆحـی جیهانـی» بـە ئاشـکرا لـە سـەر کەلێنـی نێـوان خـودا و

جیهان پـردی لێـداوه ئەمـان بۆچوونەکانیـان نیسـبەت دەدەن بـە ئەفلاتوونـەوە، بـەڵام ئەفلاتـوون بۆخـۆی هیچکات وەها کەلێنێکـی لـە نێـوان خـودا و جیهانـدا هەسـت پـێ نەکـرد، تاکـوو بـۆ پـڕ کردنـەوەی وشـەیەکی سـێیەم بـەکارە بێنێت لای ئەفلاتـوون «ڕۆحی جیهانـی» مانایەکـی سـوننەتی و هەڵقـوڵاو بـوو لـە یاسـای جیهـان و هـاوکات خـوداش بـوو ئاوەزیـش، واتـە «نـوس» وەکـوو خواوەنـد ـ خـۆی هـۆکاری ڕێکخسـتنەوەی ئاسـمانەکان بـوو بـێ ئـاوەز پاسـاوێک بـۆ «یاسـای جیهـان» نەبـوو، خوێنـدکاران واتـە نـوێ ئەفلاتوونییـەکان لـەم بۆچوونـە، پێشـوازییان کرد و بەرچاو خسـتنی گەڵاڵەیـەک لـە ئاڵوگـۆڕی فەلسـەفە لـەم نێوانـەدا شـتێکی گونجـاوە، لـە خوێندکارانـی ئەفلاتـوون ـ کـە خۆیـان بـە میراتبەرانـی ئـەو دەزانـن، هەندێکیـان دوانەپەرەسـت و هەندێکیتریـش تاقانەپەرەسـت بـوون، ئەرەسـتوو لـە ڕەخنـە لـە دوالیزمـی ئەفلاتووندا ڕێچکـەی یەکتاپەرەسـتیی هەڵبـژارد، ئەرەسـتوو نموونـەی «پایـەدار»ی کـرد بـە ئاڵتورناتیڤـی «مپـل»ی ئەفلاتـوون ئـەوەی کـە ئەفلاتوونـی لـە ئەرەسـتوو جیـا دەکـردەوە ئـەوە بـوو، کـە ئەرەسـتوو بـەدوای پێوەندییەکـی سیتسـمتاتیک و ڕێکخـراوەوە بـوو، ئەرەسـتوو یەکەمیـن کـەس بـوو کـە دەسـتی کـرد بـە داهێنانـی جیهانبینییـەک ـ دوای هاوبەشـی لەگـەڵ بـەرەی ڕەواقیەکانـدا، ڕێککەوتـن لەگـەڵ نیۆفیساغوورسـییەکان، دەرچـوون لەگـەڵ نیـۆ ئەفلاتوونییـەکان و

لـە دواییـدا ئەشـراقییەکان لەگـەڵ عارفەکانـدا بـاس دەکـرێ، لای «فیلـوی» یەهودیـا جیهـان سروشـتێکی مرۆڤانـەی وەرگـرت و لـەم رووەوە، فەلسـەفە دەمامکـی کێشـا بەسـەر عیرفـان و گنوسـیزمدا، ئـەو وەکـوو پەیغەمبەرانـی یەهـوود لـە خواوەنـد بۆچوونێکـی دیـاری هەبـوو و پێویسـتی بـە چەمکێـک هەیـە لـە نێـوان خـودا و جیهانـدا، واتــە «لوگــوس» کەلــە هراکلیتــوس بــە خــوازە وەریگرتــووە، «پوزیدونیـوس» کـە بەهـۆی وانـەی «رێگـە»وە هەوڵـی بـۆ جێگیرکردنـی رێککەوتـن لـە نێـوان دوو»دژە»کـەدا دابـوو، یەکەمیـن کـەس بـوو کـە «رۆحـی جیهانـی» وەکـوو چەمکێکـی مامناوەنـد لێـک دایـەوە.

«پلوتارخ»یـش لـە فکـری نێوبژیوانیـی نێـوان دوو ئەسـڵی لـە بنەمـاوە جیـاواز، ئـەو کـە بـۆ روانگەکانـی لـە میسـر و سـەرتر لـە میسـریش لـە ئێرانـدا بـەدوای سـەرچاوەدا دەگـەڕا، لـە دواییـدا لـە میتـرا داوەرێکـی خۆرسـکی دەسـکەوت، ئاڵوگـۆڕی فلوتینیـزم، لـە یەکەمیـن سـەدەکانی زائییـن ـ کـە بـە رادەی پێکهێنانـی بـاوەڕی مەسـیحی گرنـگ بـوو ـ ئەوەنـدە نەناسـراوە، ئـەو روونکردنەوانـەی کەلـە «پرۆکلـوس» سـەبارەت بـە «نومنیـوس، هارپۆکراتیـون، ئاتیکـوس، پلوتینـوس، پورفـری، ئەیامبلیکـوس،.... لـە حەزکـردن بـە رەتکردنـەوەی ئامـوزەی سیانەیی مەسـیحی ئەویـش لـە رێگـەی

ئـەم بیرمەندانـەوە سـەرچاوەی دەگـرت، ئـەم بۆچوونانـەش سێبەری خستبووە سـەر دەورەی ئەسـکەندەرییە کان، «دینی ئەستێرەیی» کـە ئەفلاتـوون دروسـتی کـرد و بەهـۆی ئەرەسـتوو و رەواقییـەکان، لـە «اپینومیـس»دا پـەرەی سـەند و تووشـی گـۆڕان بـوو، چـارە و دروسـتکردنەوەی ئـەم جوبرگەراییـە لـە جـادوو و ئاییـنگەلـی رەمزاویـی رۆژهەڵاتیـدا پەیـدا بـوو و ئـەو ئاییـنانـەی کـە گیانیـان بەخشـی بـە روانگـەی «ئۆرفـی» بـاوەڕ بـە رۆحـی دابەزیـو لـە جیهانـی پەسـت و پێوەنـدی بـە دەرەوەی جیهـان، گنوسـییەکان و هەنـدێ لـە هرمتییـەکان جیهانیـان وەکـوو دەسـکەوتی دابەزینێـک لێـک دایـەوە.

«پلیتینـوس ـ کـە وادیـارە لـە روانگـەی گنوسـییەکانی لقـی رۆم کەڵکـی وەرگرتـووە ـ سەرزەنشـتی جەبرگـەراکان بەهـۆی بـێ بـاوەڕی و کوفـری بۆچوونەکانیـان دەکات، لای ئـەو جیهـان نـەوەک دەسـکەوتی دابەزینـە کەلـە دەروشـانەوەیەکەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ئەمـە تەنیـا رۆحـی تاکـە دادەبـەزێ، ئـەو هـەوڵ دەدا، زاڵ بـێ بەسـەر دوالیزمـی متافیزیکیـدا، هەروەهـا جێگرەکانیشـی کـە هەموویـان هـەوڵ دەدەن خۆیـان بـە لایەنگـری ئـەو بزانـن وەکـوو «سـیمون پترمـان» دەڵـێ:

ئەفلاتـوون لـە سـەدەی دووەمـدا دوانەپەرەسـت بـووە و لـە سەدەی سێیەمدا تاقانە پەرەست بەڵام لەنێو نیۆئەفلاتوونەکاندا دوانەپەرەستییەک بوونی هەبوو کە بۆ خۆی هەڵگری میراتێکی کۆنتر لە ئەفلاتوون بوو «مادە» یان شەڕ ئەسڵێکی جیا بوو لە بەرانبەر خواوەندا نەدەگۆڕا، جیالەمە نابێ روانگەی نیۆ ئەفلاتوونییەکان جیاواز لە خودی ئەفلاتوون لەبەر نەگرین ئەوان دەیانتوانی، بە شێوازێکی یاسایی لە دوالیزمی قووڵ و «میل»ی ئەفلاتووندا ریشە یان تۆوی بۆچوون و روانگەکانیان پەیدا بکەن، مەسەلەکە ئەوەیە لە تاوتوێ و لێکدانەوەی وانەکانی ئەفلاتووندا تا چ رادەیەک بەم تایبەتمەندییانە گرنگی دەدەین، وەها مەسەلەیەکیش سەبارەت بە زەردەشت بوونی هەیە، ئاخۆ ئێمە دەتوانین لە زەردەشت و گاتاکاندا بگەڕێین بە دوای سەرچاوەی بزووتنەوەی « گنوسی»یدا.

# بەشی شەشەم

# ئێران، ئیسرائیل و گنوسیزم

مەسەلەی ڕۆڵی ئێران لە پێکهێنانی بنەمای گنوسیزم مەسەلەیەکە نەتەنیا ئێران و یۆنان، بەڵکوو فەلستینیش تێیدا بەشدارە، جیالەمە باشتر وایە لە ئێستادا گنوسیزم وەلا بنێین و لە سەرەتاوە باس لە پێوەندیی نێوان ئێران و یەهوودیەت بکەین، ئەگەرچی یەهودییەکان هەست بە جۆرێک وابەستەیی دەکەن بەوەی کە لای هاوسێکانیان باس لە دینی خۆیان نەکەن ـ یەهووە (خۆی) خوایەکی بەرچاوتەنگ بوو ـ بەڵام ئەوان هەندێ لە تایبەتمەندییە دینییەکانیان لە دەرەوە وەرگرت، بە ئاسانی دەتوانین سەبارەت بە هەندێ خاڵی ناسەرەکی لە بواری بابەتگەلێک کەم تا زۆر گرنگ و ورد، وەکوو دوانەپەرەستی، ڕەگەزناسی، و دواڕۆژناسی، ڕۆشنگەری بکەین و جیالەمە هاوکات لەگەڵ «برتوڵت، دەبێ لەسەر ئەو ڕاستییە جەخت بکەینەوە، کە یەهوودییەکان لەگەڵ ئەم وامگیرییەدا جیاوازیی ئاینیی خۆیان پاراست بەسەر یەکەوە، حورمەتی ئاینییەکەیان هێشتەوە، نەتەنیا لێکۆڵەر و ئێرانناسانێکی وەکوو «ال. میلز» بە شێوازێکی تاڕادەیەک درێژ و لە چەندین کتێبی خۆیدا باسی کاریگەریی ئێرانییەکانیان لەسەر دینی یەهوود دوای کۆچ کردووە، بەڵکوو زۆرێک لە سامی ناسەکانیش، لەوانە استینۆیابوست ـ کە گرسمان لە ساڵی ١٩٢٦دا پێداچوونەوەی بە کتێبەکەیدا کرد ـ لەسەر ئەم بۆچوونە مانەوە و خۆی لە باشترین نموونەکانی

ئـەم بۆچوونـە دێتـە ئەژمـار، لێکۆڵەرێکی وەکـوو «جـی. ویدگـرن» ـ کـە وادیـارە لـە خوێندنـەوەی ئێرانـی و سـامیدا دەسـتێکی بـاڵای هەیـە ـ هەمـان بۆچوونـی کـردووە بـە سـەرچاوە بـۆ خـۆی.

مێژووناسـی بەناوبانـگ، «ایـی. میـر»، ئەویـش لـە وەهـا بۆچوونگەلێـک بەهرەمەنـدە و «گاڵیـش» لـە بەرهەمەکەیـدا لـە ساڵی ١٩٢٦ ناواخنێکی ورد لـە لێکچوونـی دەرەنجامـی لێکۆڵـەران بـۆ جەختکردنـەوە لـە سـەر وابەسـتە بوونـی یەهوودییـەکان بـە ئێرانـەوە و بەدیـار دەخـات هەروەهـا، «ک. اوتـران»، کـە بـە وتـەی شـدر دەبـێ ئـەو لـە ریـزی ئـەو قوربانیانـەدا دابنـرێ، کـە هەنـدێ جـار کەڵکەڵـەی بەدەسـتهێنانی سـەرچاوە نهێنییـە مەسـیحییەکان لـە ئێرانـدا دەکەوێتـە سـەری، بەرلەویـش «ولنـی» ـ کـە دەتوانیـن وەکـوو بەناوبانگتریـن ئـەم قوربانیانـە نـاوی ببەیـن ـ هەنـدێ لـە باوەڕکانـی یەهـوود، دوای تارانـدن و دوورخسـتنەوە وەکـوو مانەوەی هەمیشـەیی ڕۆح، بەهەشـت و دۆزخ، یاخیبوونـی شـەیتان، یـان ئافرێنـەری تـەواوی خراپـەکان لـە جـۆری مرۆڤـدا ـ نیسـبەت دەدا بـە پارسـەکانەوە. زۆرێـک لـە لێکۆڵـەران لەوانـە «رودولـف اوتـو» ئـەم گریمانەیـان وەکـوو ڕاسـتییەکی سـەلمێندراو قبـووڵ کـردووە بـە پێچەوانـەوە هەندێـک لـە توێژەرانیتـر وەکـوو، شـفتلویتز لـە قبـووڵ کردنـی هـەر جـۆرە کاریگەرییکـی نایەهـوودی نکوولـی دەکـەن، ئـەم

لێکۆڵـەرە لـە بەرهەمەکەیدا لـە سـاڵی ١٩٢٠دا لـە بەرگریکـردن لـە دینـی «بـاوک و باواکانیـان» لـە بەرانبـەر گومانی وابەسـتەییدا، زۆر باش دەرکـەوت، تانەنـەت لـە شـێوەی پەسـەند کردنی ئەم راسـتتیە لەلایـەن یەهـوودەوە، لـە هەڵێنجـان لـە سـەرچاوەیەکی ئێرانییـەوە دووری دەگـرێ، بـۆ نموونـە ئـەوەی کـە رۆحـی رەزگاریـدەران لـە پەنـای خواوەنـدا جێگیـر دەبـن و بەهەشـت جێگایەکـی رۆشـنی هەیە ـ واتـە ئـەو وانانـەی کـە زەردەشـت، فێـر بـوو ـ لـە ئەدەبیاتـی یەهـوودی پێـش تەلمـوود، ئانـوخ یـان زەبـوری سـلێمان دەناکـەوێ سـەرەڕای ئەمـە بـە گوێـرەی وتەکـەی «شـفتلویتز» ئـەم ئاموزانـە سـەرچاوەی یەهوودییـان هەیـە و لێکۆڵەرانـی مەسـیحی وەکـوو «فـادر جـی. لارانـج» دینـی پارسـەکان ریفۆرمـی زەردەشـت و یەهودییـەت سـەلماندی لـەو دەگمـەن کەسانەیە کـە بۆچوونەکـەی دارمسـتتری قبـووڵ کـردووە قەشـە «ان. زودربلـۆم» لـە دوایەمیـن بەشـی کتێبەکەیدا لەژێـر نـاوی «ژیانـی دوای مـەرگ بـە بۆچوونـی مەزدییـەکان» (١٩٠١)یـان «جـی. اچ. مولڵتـون» لـە بەرهەمەکەیدا «زەردەشـتیگەریی یەکەمیـن» (١٩١٣) وەکـوو دوو مەسـیحی دژوار بتوانـن کاریگەریـی بەربـڵاوی ئێرانییـەکان بەسـەر دینەکەیانـەوە قبـووڵ بکـەن موڵتـون، لـە لاپـەڕە ٢٩٦ لـە بەرهەمەکەیدا وەهـا دەنووسـێت: جیاوازیـی کـەش و هـەوا و هەلومـەرج وەهایـە کـە بۆسـەلماندنی بەڵگەکانمـان دژ بـەو کەسـانەی کـە بـە ئەنقەسـت

بانگەشـەی کارتێکـەری دەکـەن پێویسـتمان نییـە و ئـەوان بـە جۆرێـک دەنووسـن دەڵێـی هەندێـک کتێبـی پیـرۆزی ڕۆژهەڵاتـی، ئەویش بـە زمانـی ئارامـی لـە قەفەسـەی کتێبخانـە دەوڵەتییەکانـی ناسـره هەبـوو، جیالەمـە خاڵـی سـەرنجڕاکیش ئـەوە نییـە کـە مۆڵتـون و ئەوانیتـر لـە باسـکردنی دینـی مەسـیح لـە هەمبـەر پارسـەکاندا شـانە خاڵـی دەکـەن، بەڵکـوو سـەرنجڕاکیش ئەوەیـە، کـە زەردەشـتیگەریی، ئەوانـی بـە لێکدانـەوەی شـیکاریانە لـە دینـی خۆیـان بـە شـێوازی بەراوردکارییانـە ناچـار کـرد، باشـترین نموونـەی ئـەم وتەیـە مۆڵتونـە سـەبارەت بـەم باسـە قسـەیەکی زۆرترمـان نییـە جیالەمـە لێکدانەوەیەکـی نـوێ لـە تـەواوی بابەتەکـە یەکێـک لـە رووی ئـەو زانیارییانـەی کـە دەسـتکەوتوون لـە تۆمارەکانـی بەحرولمیـت ـ ئەویتریش بـەو جـۆرەی کـە دەبینیـن ـ لـەڕووی تێگەیشـتنێکی باشـتر لـە زەروانیـزم زۆرتـر پیویسـتە و پەیغەمبـەران ئەوەنـدە پەسـنی «یهوە»یـان کـرد کـە پێویسـت بـوو بـۆ پڕکردنـەوەی کەلێنـی نێـوان جیهـان و دەسـەڵات و مەلەکووتـی ئـەو پردێـک دروسـت بکـەن «لوگـوس» ـ کـە فیلـو لـە فەلسـەفەی یۆنـان بـە خـوازە وەریگـرت ـ شـتێک نەبـوو مەگـەر یـەک لـە ڕێکارە تیۆرییکـەکان ـ وەکـوو حیکمـەت مەزنایەتـی ڕۆح ـ کـە خـۆی ئاشـکرا کـرد، لـە مەتەڵۆکەکانـدا عیسـای کـوڕی سـیراخ حیکمەتـی سـولەیمان، ئانـوخ ئسـلاویو قسـە لـە حکمەتـی خواوەنـد دەکـرێ

ئـەو (حیکمەتـی خواوەنـد) راوێـژکار و خۆشەویسـتی خودایـە و دۆسـت و رێنوێنـی خەڵکیشـە دەسـتێوەردان و رەخنـەی ئـەم حیکمەتـە بۆ ناو یەهوودییـەت ئەوەنـدە کتوپـڕی بـوو کە شـیمانەی کاریگەریی بیانـی لەسـەری زۆر دەکرێت، بـەڵام ئێمە لـە دۆزینەوەی سەرمەشـقی یەکـەم، لـە دینـی ئێرانیـدا بۆ ئـەو تێدا دەمێنینـەوە ئاخـۆ ئـەم سەرمەشـقە، وهومنەیـە یـان ئارمئیتـی؟ رۆح یـان «رۆحـی پیـرۆز « لەگـەڵ سـپنتەمینوودا بەراوردهەڵگرە، هەروەهـا ـ بە گوێـرەی گومـان لێکردنـی فیلـو ـ شـەش دەسـەڵاتی خواوەنـد لەگـەڵ ئەمشاسـپەندانی ئێرانـی لەوێـوە کـە ئەمشاسـپەندەکان بـۆ یۆنانییـەکان ناسـراو بـوون، لـە دەرەنجامـی ئاگایـی «فیلـو» لـەوان ئەوەنـدە سـەرمان ناسـوڕمێت لـە راسـتیدا ئـەو لەبـارەی ئامـوزەی ئێرانـی و تایبەتمەندییەکانـی خواوەنـد، وەکـوو شـتێکی ئاشـنا دەدوەێ و دەرکەوتنـی «قەبـووڵ کردنـی تەجـڕوود» لەنێـو یەهنوودییەکانـدا دەتوانـێ لـە کاریگەریـی هلینیزمـەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، بـەڵام دۆخـی «یەهوودییـەکان» دوای تارانـدن و دوورخسـتنەوە جۆرێکیتـرە، دوای دوورخسـتنەوە و چاوەڕوانیـی لەمێـژی یەهـوودەکان بۆ دەرکەوتنـی پاشـایەکی ـ مەسیح لـە مـاڵ «داود» کـە بڕیـار بـوو ئیسـرائیل وەکـوو نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ دیسـانەوە بنیـات بنێتـەوە، بەسـەر تـەواوی دوژمنەکانـدا سـەری بخـات، بـوو بـە بابەتێکـی گشـتیی رزگاربوونـی « ئیسـرائیل» و

پێویست بوو، بەڵام بڕیار بوو تاکوو ئەنجامدانی نوێگەرابیەکی بەربڵاو بیبێتە شتێکی واقیعی، دەرکەوتنی سوشیانت و بە مانای تەواوبوونی ئافراندن و پەیدابوونی جیهانێکی نوێ بوو، بڕیار و داوەریی خواوەند سەبارەت بە دوژمنانی ئیسرائیل حوکمێکی گشتییە و جۆری مرۆڤ بە دوو گرووپی چاکان و خراپان دابەش دەکات.

گۆڕانی ئەم وانە زۆر هێورانە بە جۆرێک بوو، بۆ نموونە هیوا بە دەرکەوتنی عیسای دووەم بۆ دامەزرانی حکوومەتی جیهانی خوا، کە جێگای خۆی دا بە بنیاتنانەوەی ئیسرائیل هەم بەتاڵە لەلایەنی دوارۆژناسی و هەمیش پێوەندیی لەگەڵ تەواوبوونی کاری جیهاندا نەبوو، باوەڕێک کە بۆ نووسەر نەناسرابوو، لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕەدا تێڕامانێکی نوێ کە چیەتییەکی مۆراڵی و گشتیی هەیە ـ بەو جۆرەی دەمانخاتەوە بیری ئێران کە زۆرێک لە لێکۆڵەران لەوانە «بوست»یش بێدرەنگ پشتیوانیی لێدەکەن و پاڵی دەدەن بەم وڵاتەوە، بەتایبەت ئەوەی کە کەسایەتیگەلێکی بەهێزیش لە ئیسرائیل ـ ئەویش لە دوایەمین سەدەکانی پێش زایین ـ بوونیان نییە، کە بکرێ ئەوانیش بە دەستێوەردەر لە وەها گۆڕانێکی بناغەییدا بزانین.

جیالەمـە لێکچوونـی مەسـیح و سوشـیانت، تاڕادەیـەک شـتێکی لێـڵ و گشـتییە، مەگـەر ئـەوەی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە رچـاو بکەیـن، وادیـارە وێنـا کردنـی سوشـیانتێکی دواڕۆژنـاس لـە ئێـران و یەهوودییـەت لەگـەڵ مرۆڤـی یەکەمـدا پێوەندیـی هەبووبێـت، لەلایەکیتـرەوە سوشـیانت دەتوانـێ خـۆی قوربانییـەک بێـت بـە جۆرێـک هـەم خـۆی ئـازاد دەکات و هەمیش مرۆڤەکان، ئەم مەسـەلە پێویسـتی بـە گـەڕان و لێکدانـەوەی ورد هەیـە. یەکـەم ئـەوەی ئاخـۆ دەکرێ منداڵـی مـرۆڤ لەگـەڵ کیومـەرس بـەراوەرد بکرێـت؟ یەکـەم واتـە (منداڵـی مـرۆڤ) ئـەو جـۆرەی کـە لـە «دانیـل و ئەنـوخ»دا دەردەکـەوێ، وادیـارە سـیمایەکی بەتـەواوی جیـاوازە لـە مرۆڤـی یەکـەم، ئـەو کەسـەی کـە «یەعقـووب و ازکیـل» ئامـاژەی پێدەکـەن (بـاب ٧ ـ ٨) ئاخـۆ تـۆ هەمـان ئـەو مرۆڤـە یەکەمـەی کـە لەدایـک بـوو، یـان ئاخـۆ تـۆ پێـش کێـوەکان لەدایـک بووی؟ ئاخـۆ نهێنـی خـودات بیسـتووە، ازکیـل بۆچـی دڵـی تـۆ لێکدراوەتـەوە تاکـوو ئـەوەی وتـت: مـن خودایەکـم مـن لـە شـوێنی خـوادا دانیشـتووم، لەگـەڵ ئـەوەدا رێکەوەنـدی «منداڵـی ئـادەم» لەسـەر جۆرێـک سەرمەشـقی یەکەمیـن یـان سەرمەشـقی کـۆن دەلالەتـی لاوەکیـی هەیـە، بـەلام لەلایـەن ئێرانـەوە دەبێ بەراوردێک بکەیـن، چونکـە کیومـەرس وەکـوو سـیمایەکی گەردوونناسـی تاکـوو پێـش کتێبـە پاڵەوییـەکان، خاوەنـی هیـچ رۆڵێکـی دواڕۆژناسـانە نییـە،

ئـەو راسـتییە کـە ئاڤێسـتا، ئـەوی لـەوە زنجیـرەی، زەردەشـت و سوشـیانت دایدەنـێ، ئـەم بـاس لـەوە نـاکات کـە ئـەم سـێیانە و یـەک جەسـتە و یـەک کەسـایەتی بـووە، یـان تەنانـەت وەکـوو پێکهێنانـی پاشـکۆیەکی دایدەنـن، بەڵام سـەبارەت بـە خاڵـی دووەم وێناکردنـی سوشـیانتێکی رزگارکـراو ـ بـە هـەر خاڵێکـی دەسـپێکردن لـە یەهوودیەتـا، لەوانەیـە لەگـەڵ «پیـاوی خەمەکانـی عیسـای دووەم، یـان نزیکایەتـی لەگـەڵ مانـای بـاوی عیسـای لەخاچـدراو ـ و دەرکەوتنـی لـە ئێرانـدا دەبـێ بڵێـم جگەلـە ئاماژەیەکـی زۆر گونـگ بـە شـێوەیەکی روون بـە مانەوییەتـەوە سـنوودار دەبێـت و لـە ئەنجامـدا وێناکردنـی رایـزن اشـتاین لـە سیسـتەمێکی ئێرانـی رەزگارییەبەخـش، بەتەواوەتـی بـێ بنەمایـە، مەگـەر ئـەوەی پێمـان وابێـت، هەرچـی لـە مانەویـەت دایـە و ئاخێزگەیەکـی ئێرانـی هەیـە، ئەمـەش بـە مانـای لەبەرچـاو نەگرتنـی ئەسـڵی بابەتەکەیـە، «ویـدن گـرن» لـە وتارێکـدا بـە ئیمکانـی سـێیەم بـۆ بەراوردێکـی ورد ئاماژە دەکات بـاوەڕ بـە خودایەکـی دیاریکـراو رزگارکـەری خودایـی لـە میترائیزمـەوە سـەرچاوەی گرتـووە جیالەمـە لەوێـوە کـە ویدنگـرن بـە شـێوەیەکی تـەواو بـەم بابەتـەوە سـەرقاڵە لـە ئەنجامـدا ئێمـەش دەبـێ مافـی بڕیـاردان سـەبارەت بـە وەهـا گریمانەیەکـی خودایـی بـۆ خۆمـان بپارێزیـن، بینینـی گرنگتریـن بەڵگـە لـەم چەشـنە ـ واتـە بڕگەیـەک لـە «کریسوسـتوم»ی دەسـکرد ـ بەسـە بـۆ ئـەوەی لـە

تـەواوی لێکدانـەوەکان، یـان شرۆڤەی لێکچـوو وەکـوو تەزویرێـک لـە راسـتای ئەنجیلـدا گومانمـان هەیـە تەنانـەت لـە شـێوەی رەسـەن بوونـدا ئـەم بەڵگـە تاکـوو سـەدەی چوارەمـی زاییـن بـەرەو دوا دەمانگەڕێنێتـەوە جگەلەمـە ئامـاژە بـە میتـرا، لەراسـتیدا ئاماژەیەکە لـە شـتێکی پێچـراودا وادیـارە ئێمـە لـە سـەرەتای ئـەم بەڵگـەدا لـە شـوێنێکی دروسـتدا جێگیـر بویـن، موغـەکان لـە کێوێکـی تایبەتـەوە سـەردەکەوتن، کێوێکـە لـە شـوێنێکدا هەڵکەوتبـوو کـە بـە زمانـی خۆیـان کێـوی پیرۆزیـان پێدەگـوت لەنـاو کێوەکـەدا ئەشـکەوتێکی بەردینـەی تایبـەت هەبـوو رازابـووەوە بـە چاوگـە و درەختـی کەمیاب بـە سـەرکەوتن لـە کێوەکـەوە موغـەکان لـەو چاوکانـەدا خۆیـان دەشـۆرد و دوای ئـەوە بـۆ سـێ رۆژ خوایـان لـە بێدەنگیـدا سـتایش دەکـرد، ئـەوان ئـەم کارەیـان نـەوە بـە نـەوە ئەنجـام دەدا، بۆ ئەوەی چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەسـتێرەی سـەعادەت و خوشـبەختی بن، بەڵام ئـەم وێنـە تاکـوو ئـەو شـوێنەی بـە فەزایەکـی میتراییـەوە پێوەندیـی هەیـە، وێنەیەکـی بـە کەڵـک نەهاتـووە بەتایبـەت کاتێـک دەڵێیـن «ئەسـتێرەی دەرکەوتـوو بـۆ ئـەو لـە کێـوی سـەرکەوتنەوە دابـەزی و لـە خۆیـدا شـێوەی منداڵێکی کـەم تەمەنـی هەبوو لەسـەر سـەری وێنـەی خاچێـک «ئێمـە سـەبارەت بـە پێشـگۆکانی «هیسـتاسـپس - ئەگەرچـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی دووەمـی زائیینـی - بـەڵام تەنانـەت لـە شـێوە ئێرانییـە ئەسڵیەکەشـیدا، کـە هەندێـک دەڵێـن:

ـ دواتـر لەوەیـە بتوانیـن وەکـوو سـەرچاوەیەک بـۆ ئامۆژیارییەکـی لـە ئەساسـدا مەسـیحی بـە کاری بێنیـن بێگومـان هەروەکـوو کوهـەن و دواتریـش «گنشـینیتز» و دوای ئەویـش «ویندیـش» وایازانیـوە ئـەم پێشـگۆییە، وەکـوو تێکەڵەیـەک لـە پێشـگۆییەک سـەبارەت بـە سوشـیانت بـە بەڵێنـی بـە دوەرکەوتنـی مەسـیحێک، گەڵاڵـە کـراوە تاکـوو بـە یارمەتیـی توخمـە ئێرانییـەکان بـە گێڕانـەوە لاوازەکـەی «متیـو» ڕۆحێکـی تـازە ببەخشـێت و ئێرانییـەکان و لـە پیشـانگای کولتـووری هلنـی بـەرەو ئایینـی مەسـیحییەت بانـگ بـکات، بـەڵام پێوەندیـی تایبەتـی لەگـەڵ میترابیزمـدا دیـار نییـە «ئەسـتێرەی موغانـی لـە ئاسـماندا» لـە «لاکتانتیـوس»دا کـە کۆمـۆن لەگـەڵ میتـرادا بـە یەکیـان دەزانـێ، بـە گوێـرەی بـاوەڕی ویندیـش، لـە نووسـراوە پەتییەکانـی مەسـیحییە کـە نووسـەرانی عیسـەوی بـە ئاشـکرا لە پێشـگۆ «سیبلییەکان» خواسـتوویانە بەگشـتی لە کات بـەراوردی میترائیـزم لەگـەڵ مەسـیحییەتدا نابـێ فەرامۆشـی بکەیـن کـە کۆنتریـن ئـەو بەرهەمانـەی کە لـە ئایینی ڕەمزی میهـر ماونەتەوە بەتەنیـا هەڵدەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی دووەمـی زایینـی لـە دواییـدا ئـەوەی کـە وشـەی ئێرانـی «نخچیـر» بـە مانـای شـوێنی «ڕاو» کـە لـە جەنگـی منداڵانـی ڕۆشـنایی لەگـەڵ منداڵانـی تاریکیـدا و بـەکار دێ ـ پـەردە لـە پێوەندییەکـی تـری، نێـوان ئێـران و فەلەسـتین لا دەدات، بـەڵام هـۆکاری بەکاربردنـی ئـەم چەمکـە ئێرانییـە و لـە

هەمانکاتــدا نەبوونــی بــاری ئایینــی لــە دوارۆژناســیی یەهوودیــدا، هەروەهــا لــە ناڕوونیــدا دەمێنێتــەوە، ئێســتا بە باســکردنی شــەیتان و ئامۆژیاریــی دوو مینووەکــە دەگەیــن، ئاڵوگۆڕێکــی بەرچــاو لــە مانــای شــەیتاندا پێشــهاتووە، لــە کاتێکــدا لــە دەســپێکی یەعقــووب یــان لــە کەلامــی زەکریــادا شــەیتان کەســێک نییــە جگەلــە خزمەتکارێکــی پلــە نزمــی خــودا و بەرپرســی «دادیــاری» ئــەو، بــەڵام دواتــر دەبێتــە رکابــەری خــودا دوو رەوایەتــی بــە شــوێن یەکــدا هاتــوو لــە چیرۆکێکــی ـ ســامۆئیل و کتێبــی مێــژووی رۆژەکان ـ نیشــمانمان دەدەن کــە شــەیتان لەڕاســتیدا دەبێتــە جێنشــینی خــودا ســاموئیل پێمــان دەڵــێ: کــە چۆن «یەهــوە» رقــی خــۆی دەڕژێنــێ بەســەر ئیســراییلدا و چۆنیــش داوود هانــد دەدات بــۆ ژماردنــی خەڵــک، لــە بەرانبــەردا لــە کتێبــی مێــژووی رۆژەکانــدا دەخوێنینــەوە کــە شــەیتان بــە دژی ئیســرائیل راپــەڕی و داوودی هــان دا بــۆ ژماردنــی خەڵــک.

لــە ئەدەبیاتــی «رەمزیشــدا» دەتوانیــن هــاوکات لەگــەڵ بۆســت ـ گریســمان بــەدوای نفــووزی ئــەم تــازە هاتــووە بکەویــن، دۆزینــەوەی یەهوودییــەکان لــە ســەرەتاوە ســەبارەت بــە فریشــتە یاخییــەکان، کــوڕان و رۆحــی «بلیــال و مســتمە» (کتێبــی ســرووتەکان) داوەری دەکا و هــاوکات بڕیــار دەدا دەربــارەی ئــەو فریشــتانەی کەلــە ســزا دانــا ســنوور تێدەپەڕێنــن، دواتریــش لــە بــەرز بوونــەوەی پەرجــو

ئاسای مووسادا بڕیاری کۆتایی دەرباری پێکدادانی نێوان خودا و شەیتان باس دەکرێت دوای ئەوە، لە بەرهەمی راستەقینەی «سەردەمی باوکان»دا لە ئەدەبیاتی «سیبلی» و لە بەرز بوونەوەی عیسادا بلیال وەکوو رکابەر و (دوژمن)ی خودا دەردەکەوێت، ئەم وتە هێمایەکی رەشبینانەیە کە دەتوانێ تاڕادەیەک سەرچاوەی لە ناکامییەکانی ئیسرائیل لە کاتی سەرکوتکردنیان لەلایەن یۆنانییەکان و رۆمییەکانەوە گرتبێ، بەڵام هاوکات نکۆڵیکردن لە کاریگەریی ئەهریمەنی ئێرانی بەسەر یەهوودییەکانەوە، لەپێناو گۆڕانی دادیاری کۆن، بە شەیتان رکابەری خواوەند شتێکی بە پەلەیە جیالەمە شتێکی وەها و لە هەمانکاتدا وردتر ئامۆژیارییەکانی دوومینوو دەیخاتە بەردەستمان، پێش دۆزینەوەی «تۆمارەکانی بحرالمیت» ئێمە جگەلە چەند ئاماژەیەکی ناتەواو بەم ئەسڵە لە ئەدەبیاتی یەهوودا، بەڵگەیەکی ترمان بەدەستەوە نییە، «اچ. رینگرن» لە ساڵی ١٩٤٧ لە بەرهەمەکەیدا لەژێر ناو کەلام و حیکمەت شەیتانی لێک دایەوە و دەزانین کە رۆحی»یەهوە» هەمیشە باش و خێرخواز نەبوو لە بەشی ئەحکامدا دەوترێ: چۆن «یهوە» رۆحێکی پیس دەنێرێ بۆ نێو ئەبیملک و شارۆمەندانی سیشم؟ چونکە رۆحی یهوە لە «ساول» دەست بەر دەداو رۆحێکی پیس لەلایەن یهوە ئەو دەگرێتەوە.

لـه ئەدەبیاتـی تەزویـری مەسـیحییەتی پێشـوودا، هەروەهـا ئەدەبیاتـی «خاخامەکانیـش» ڕۆحـی خێـر و ڕۆحـی شـەڕ لـە ڕووبـەڕووی یەکتـر وەسـتاون «سـەردەمی یەهـوودا» لـە دوو ڕۆح کـە خزمـەت بـە خەڵکـی دەکـەن، هەروەهـا لـە ڕاسـتی و درۆ قسـە دەکـەن بـاس دەکـرێ و دواتـر بـاس لـە «ڕۆحێکـی سـێیەم» دەکرێ ڕۆحێـک کـە دەرکەوتـەی دەسـەڵاتی هەڵبژاردنـە لـەم نێوانـەدا ڕۆحی تایبـەت تێگەیشـتنی ویسـت و ئیـرادەی مـرۆڤ بوونـی هەیـە کـە پێوەندیـی بـە هـەر شـتێکەوە بـکات، دەیـکات بـەماڵـی خـۆی، وەکـوو ئەسـڵێک، تەنیـا بـاس لـە ڕۆحـی چاکـە و ڕۆحـی خراپـە کـراوە، هەروەهـا کەلـە ئینجیلـی چـوارەم و لـە هرمسـدا ئـەوان بـە «ڕۆحـی پیـرۆز و ڕۆحـی پیـس، کـە هەردووکیان لە زاتـی مرۆڤەکاندا بوونـی هەیـە، نـاو دەبـەن. بەجێـی ئـەم وەبیرهێنانـەوە کۆتایـە، کتێبـی «مبانـی» کـە لـە تۆمارەکانـی بەحرولمەیتـدا پەیـدا بـووە، نامیلکەیەکـی کـورت سـەبارەت بـەم دوو ڕۆحە دەخاتە بەردەسـتمان، مـن هەنـدێ لـە بەشـەکانی کەلە وەرگێڕانـی «بـرۆس»ەوە وەرگیراوە و دەگێڕمـەوە پێـش هەمـوو شـتێک یـادەوەری دەکەیـن، کـە لـەم کتێبـەدا جەخـت لەسـەر ئـەو ڕاسـتییە دەکرێتـەوە، کـە خواوەنـد داهێنـەری تـەواوی بوونـەوەر و تـەواوی هۆکارەکانـە، «لـە خوداوەیە تـەواوی ئـەو شـتەی کـە هەیـە و تـەواوی ئـەوەش کـە دەبـێ هەبێـت،» دواتـر ئـەم کتێبـە بـەم شـێوە درێـژە دەدا بـە باسـەکە و

دەڵـێ: خـوا مرۆڤـی دروسـت کـرد بـۆ ئـەوەی ببێتـە فەرمانـڕەوای جیهـان و ڕۆحـی پێـدا، تاکـوو لەگـەڵ ئـەودا هەنـگاو هەڵبگرێـت، تاکاتـی دیاریکـراو، ئەمانـە ڕۆحـی راسـتی و درۆن، لـە ئاخێزگـەی ڕۆشـناییەوە، سـەرچاوەکانی هەقیقـەت دێ و لـە ئەسـڵی تاریکییەوە سـەرچاوەکانی تـاوان و حاکمیـەت بەسـەر تـەواوی منداڵانـی راسـتی، لەدەسـت پاشـای ڕووناکـی دایـە لەگـەڵ ئەوانـدا لەڕێـی ڕووناکییـەوە هەنـگاوە دەنێـن، هەروەهـا حکوومـەت بەسـەر منداڵانـی تاوانـدا بەدەسـت فریشـتەی تاریکییەوەیـە و ئـەو لەڕێـی تاریکییـەوە هەنـگاو دەنـێ و لادان و گومڕایـی منداڵانـی راسـتی بەدەسـت فریشـتەی تاریکییەوەیـە و تـەواوی تـاوان و خراپـەکان و وێناکردنـی ئـەو لادانی لـە ئەرکـە لـە دەسـەڵاتی ئـەو دایـە بـە گوێـرەی نهێنیـی خواوەنـد تـەواوی دەردەکانـی ئـەو ئازارانـەی بـۆی دیاریکـراوە لـە حکومەتـی دوژمنانـەی ئـەو دایـە، لـەم دوو ڕۆحـودا سـەرچاوەی تـەواوی منداڵەکانـی ئـادەم شـاردراوەتەوە و لـە دابەشـکردنیاندا میراتـی تـەواوی خەڵـک و نـەوەکان بوونـی هەیـە، بـەڵام خـودا بـە تەلیسم و نهێنییەکانـی خـۆی بـە زانسـت و حیکمەتـی بەرفراوانـی خـۆی کاتێکـی بـۆ تێدابردنـی «تـاوان و تاریکیـی» دیـاری کـردووە لـە کاتـی دیاریکـراودا ئـەو بـۆ هەمیشـە تاریکـی لەنـاو دەبـات و ئەوکاتـەی کـە راسـتیی جیهـان بـۆ هەمیشـە بـە دیـار دەکـەوێ، ئـەم دەقـە ـ کـە ئـەم بەشـانەی لێ وەرگیـراوە ـ تۆزێـک دوای بڵاوبوونەوە

بوو، دەسمایەی دوو لێکۆڵینەوەی جیاواز، یەکەم توێژینەوەکانی «دوپون ـ سومربوو» و پاشان لێکۆڵینەوەکانی «ک. جی. کوهن» هەردووکیان بە ئامۆژیارییە ناسراوەکانی گاهانی، سەبارەت بە «دومینوو» ئاماژەگەلێکیان کردووە، ئەگەرچی یەک لەوان دوای پێداگری لەسەر لێکچوونی دوو تێکستەکە ـ لەبەرچاو خستنی دوانەیەکی موراڵی ـ و دوارۆژناسیی ـ لانیکەم ئاماژەی کرد بە بابەتێک لە جیاوازیی نێوان ئەم بەڵگە لەگەڵ سەرچاوە ئێرانییەکەیدا، واتە جەبر لە بەرانبەر سەربەستبوونی زەردەشتیدا ـ بەڵام هیچ یەک لەمانە ـ لەوەی کەلە خوێندنەوەی ئێرانیدا پسپۆڕ نەبوون ـ بۆ دۆزینەوەی سەرمەشقێکی گونجاو سەیری دەرەوی گاتاکانیان نەکرد راستە ئەو جیاوازییەی کە پێشتر باسکرا، دەکرێ لەگەڵ تێکستە دینییەکانی یەهوودا بەراورد بکرێت، بەڵام ئەم راستییە کە «یهوە» لە دەقی یەهودیدا وەکوو داهێنەری هەردوو رۆح پێناسە کراوە لەگەڵ وانەکانی ئاڤێستادا ناتەبایە جیالەمە مانەوەی وانە تۆکمەکانی گاتاکان تاکوو نووسینی ئەم دەقە یەهوودییە، خۆی باس لە نیهێنییەک دەکات بۆ ئاڵوگۆڕێک کەلە سەردەمی پەیغەمبەر لە دینی ئێرانیدا پێشهاتووە، زۆر مانادارە لەڕاستیدا تایبەتمەندییەک کە لانیکەم بە سەرچاوەیەکی ئێرانی و ناگاتایی ئاماژە دەکات، ناسینەوەی رۆحی چاکەیە لەگەڵ رووناکی و رۆحی پیسە لەگەڵ

تاریکیـدا، واتـە ناسـینەوەیەک کـە «گاتـاکان» ئاسـانتر شـێوەی ئـەو لـە بڕگـەی ٧ ـ لـە یەسـنا ٣١ ـ ئاراسـتە دەکات، (ئـەو وەهـا بیـری کـردەوە تاکـوو فـەزای مانـەوی پـڕ بێـت لـە رووناکـی) ئـەم خاڵـە هەڵماندەنێ تاوەکـوو بـۆ ئامـاژە نـەدان بـە بەڵگـەی یەهوودی بـەوەی کـە دەبێتـە جەوهـەری راسـتەقینەی بنەماکانـی گاهانـی پاسـاوێک بهێنینـەوە، ئەمـەش رۆڵـی دوو مینووەکەیـە وەکـوو ئەکتـەری شـانۆی هەڵبـژاردن وەبیـری دێنینـەوە کـە ئـەم کـردارە لـەم پێوەندییـەدا ئەوەنـدە لەگـەڵ دەقـە یەهوودییەکـەدا بێگانەیـە هـەروەک لـە سـەردەمی «یەهـودا» کەلـە سـەرەوە باسـکرا، رۆحـی سـێیەمی کـردەوەی پاڵاوتـن و هەڵبـژاردن بـە ئەسـتۆ بگرێـت لـە دواییـدا ئەگـەر بچینـەوە بـەم تایبەتمەندییـەدا زۆر لـە بەرانبـەر هەڵبژاردنـدا و بـە یەکسـان زانینـی دوو مینووەکـە لەگـەڵ رووناکـی و تاریکیـدا جگەلەمـەش، دروسـتکردنی لەلایـەن خـوداوە ئێمـە دەخاتـەوە بیـر ئوسـتوورەی زەروانـی «خـودای زەمـان یـان چارەنـووس» باوکـی ئەهوورامـەزدی روونـاک و ئەهریمەنـی تاریـک، لـەوەی کـە یەهوودییـەکان لـە سـەدەی یەکەمـی پێـش زاییـندا، بـەم شـێوازە بـە دینـی ئێرانییـەکان ئاشـنا بـوون لـە ئەنجامـدا، بـە شـێوازی بەڵگـەی هۆکارێتـی (لمـی) دەتوانیـن جەخـت بکەینـەوە لەسـەر گومانەکەمـان، لەلایەکیتـرەوە ئـەو زانیارییانـەی کـە «جوزفـوس» دەربـارەی رۆڵـی «بڕیـار» دان یـان «تقدیـر» لـە

ئایینی یەهـودا لەبەردەستمانی دانـاوە، هەروەهـا ئـەو هەوالانـەی کـە بـە دەسـتمان گەیشـتوون لـە «تۆمارەکانـی بحرلمیتـدا» دەربـارەی گرنگیـی چارەنـووس و کات جەخـت لەسـەر ئـەم گومانکردنـە دەکـەن جوزفـوس لـە بەشـێک لـە کتێبەکەیـدا، (بەرهەمـە کۆنەکانـی یەهـوود) دەنووسـێت: تاقمێـک لـە یەهوودییـەکان لـەو بـاوەڕەدان، کـە چارەنـووس خاوەنـی هـەر شـتێکە و ئـەوەی کـە شـتێک بـۆ خەڵـک پێـش نایـەت، مەگـەر ئـەوەی ئـەو دەسـتوور بـدات لـە کتێبـی، «بنەمـاکان و سـرووتی سپاسـگوزاریی»یش بـە شـگەلێک لـەم بـارەوە هاتـووە، ئێسـتا بەشـی دوایـی ئـەم بەرهەمـە بـاس دەکەیـن، «ئێـوەن کـە بـۆ مرۆڤـەکان بڕیارێکـی هەمـان دەردەکـەن» هەروەهـا لـە کتێبـی «بنەمـاکان و...» بەپێـی میراتـی هـەر تاکێـک لـە راسـتیی کاری دروسـت ئەنجام دەدرێـت و لـە تـاوان دووری دەگرێـت، بـەڵام بـە گوێـرەی بەشـی خـۆی لـە شانسـی خـراپ، بـە شـێوەیەکی پیـس هەڵسـوکەوت دەکات و لـە راسـتی بێـزارە و زۆرتـر لـە نێـوان بنەماکانـی بڕیـاردا دەبینیـن، کارەسـات لـە هـەر روویەکـەوە بەپێـی یاسـای سـەرمایە یـان دادپـەروەری دێتـە ئەنجام دیسـانەوە لـە هەمـان کتێبـدا بـۆ پیـاوی زانـا یاسـاگەلێک بوونـی هەیـە و ئـەوەی ئـەو دەبـێ هـاوکات لەگـەڵ ئـەوان و لەگـەڵ هـەر بوونەوەرێکیتـردا تەبابێـت بـە گوێـرەی یاسـای زەمەنێـک یـان زەمەنێکیتـر

داخوازییەکانی خودا بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەپێی تەواوی ئەو یاسایانەی کەلە سەردەمێکدا ئاشکرا دەبن، فێری حیکمەت دەبێ بە گوێرەی یاسای سەردەم، بە پێچەوانەی یەکتاپەرەستی پتەوی پەیغەمبەرەکان، هەردوو گەلاڵەی «شەیتان وەکوو رکابەری خودا» و ئامۆژیارییەکانی دوومینوو» لایەنێکی رەشبینانەیان هەیە، ئەوکاتەش پولی پیرۆز شەیتانی بە پاشای سەردەم ناوبرد، «گیانی پیرۆزیش» ئەوی بە فەرمانڕەوای ئەم جیهانە بانگ کرد، ئەم دوو ئامۆژیارییە چوونە قۆناغێکیترەوە قۆناغێکی هەر لەو چەشنە لە زەروانیزم و لە بەشی کۆتایی ئوستوورەی گەورەدا دەبینرێ، واتە ئەوکاتەی کە زەروان بە ئەهریمەن دەڵێ: من ئەهوورامەزدام دروست کرد، بۆ ئەوەی لە ئاسمان و بەسەر تۆدا فەرمانڕوایی بکات، (تیودۆر بارکونای، ازنیک) ئەم رستە بەو جۆرەی کە «زنر»یش دەڵێ: بەم مانایە کە ئەهریمەن، فەرمانڕەوای ئەم جیهانەیە، بەڵام ئەهوورامەزدا بەسەر جیهانی مانەویدا حوکم دەکات، «دیسانەوە لە میترائیزمدا دەبێ خوێندنەوەیەکی هاوچەشنمان هەبێت، ئەگەر پەیکەری سەری شێر ـ کەلە «زۆگا»وە تا کومون بەگشتی وەکوو زەمەنی بێ کەنار راڤەیان کردووە ـ کە دەوترێ خودای بەرزەفڕە لەڕاستیدا هاودەنگ لەگەڵ «لج» و «دوشن گیمن»دا دەبێ لەگەڵ ئەهریمەندا بە یەکیان بزانین، چونکە ئەم خودا ناشیرینە

تـووڕەی چـوار باڵـە روون و ئاشـکرا وەکـوو سـەروەر و فەرمانـڕەوای جیهـان دەردەکـەوێ، ئەمـو خوێندنـەوەی تایبەتـی گنوسیسـتەکانە، ئەمـەش ئێمـە بـەرەو دواییـن کێشـەکان ڕێنوێنـی دەکات، جیالەمـە دەبێ ئێمـە بەرلـە هـەر شـتێک لێکدانەوەمـان لـە خاڵـی لێکچوونـی نێـوان یەهوودییـەت و دینـی ئێرانـی تـەواو بکەیـن، بـەڵام دەتوانیـن خۆمـان بـە باسـکردنێکی کـورت و کۆتـا لـەم باسـە رازی بکەیـن، ئـەو باسـەی کـە لـە کتێبـی ئەهوورامـەزدا و ئەهریمەنـدا باسـمان لێکـرد، ئـەم باسـانە بریتیـن لـە ئامۆژیاریـی دەورەی هـەزارەکان، بڕیـارە دواییـەکان نامـە ئاسـمانییەکان، جێگایـەک کـە کردەوەکانـی تێـدا دەنووسـرێت بـاوەڕ بـە رۆژی زینـدوو بوونـەوە دوایەمیـن گۆڕانەکانـی زەوی بەرزبوونـەوەی سەرمەسـتانەی «ئانـوخ»، «ئەرداویراف» نامەکانی ئاسـمان بۆ بەهشـت و دۆزخ، تاوانبارکردنی مـرۆڤ لەلایـەن رۆحـی ئاژەڵەکانـەوە لـە ئانـوخ ئسـلاویدا (٥٨) وەکـوو رەوانـی «گا» لـە یەسـنا ـ ٢٩ و لـە دواییـدا لـە تەوراتـدا دێـوی ئاسـمودئوس» نـاوی خـوازراوی تووڕەییـە «ال. اچ. میڵـز» وایزانـی دوالیزمـی مەزدایـی لـە رێگـەی «گنوسـیزمی یەعقـوب، بوهـم، و فیختـە»وە بەسـەر دیالکتیکـی هیگڵـەوە کاریگەریـی دانـاوە، لەڕاسـتیدا «اف. سـی.باور» لـە بەرهەمەکـەی خۆیـدا نیشـانی دا کـە ئایدیالیزمـی ئاڵمانـی ـ بەتایبـەت لـە شـێوە هیگلیەکەیـدا ـ واتـە گنوسـیزمی ئـەم سـەردەمە و دیاردەیەکـی

هاوچەشـن لەگـەڵ گنوسـیزمی کـۆن دایـە سـەرنجڕاکێش ئەویـە ئـەو پرسـیارە لـە خۆمـان بکەیـن، نوێگەراگەلێکـی وەکـوو فراماسـۆنەکان یـان رومانتیکـەکان کەسـانێکی وەکـوو «ویلفـرد مونـد، یـان سـی. اس. یۆنـگ» لـە گنوسـیزمدا بـە چ شـتێک دڵیـان خـۆش کـردووە، گنوسـیزم دەیتوانـی وەکـوو شـێوازێکی رادیـکاڵ لـە «ناهمگەرایـی» یـان وەکـوو لێکدانەوەیەکـی ئـازاد و پەراوێزکارانـە، لـە مەسـیحییەت دەرکەوتبـێ، یـان بـە شـێوازێکی بـە رواڵـەت فەلسـەفی رێـز لـە دیاردە و جەوهـەری دینـی گـەورە بگرێـت، لـە هەمانکاتـدا دەیتوانـی رێگـەی هەڵهاتـن لـە کێشـە مێژووییـەکان بدۆزیتـەوە، (لـە کاتـی سـەربەخۆیی لـە مێـژوو) یـان لـەو شـوێنەی کـە ئوستوورەناسـی هەمیشـە دەیتوانـی چەمکێکـی سـیمبۆلیک بەخـۆوە بگرێـت، رێگـەی دەربازبـوون لـە دوگماتیـزم خـۆش دەکات، یـان لەلایەکیتـرەوە کـە جیهانبینییەکـەی لـە نێـوان بێلایەنـی مۆراڵـی و دنیانەویسـتیدا لـە بـەرز و نـەوی بووندا بـوو لـە کۆتاییـدا دەکـرێ وەکـوو راپەڕینێـک دژ بە یەکتاپەرەسـتی دەرفەتـی بـۆ بڕەخسـێنین، «ئادولف هارناک» گنوسـیزمی وەکـوو «شـێوەیەکی هلنـی لـە مەسـیحیەت» روون کردۆتـەوە، بـەڵام ئـەم روونکردنـەوە دەمێکـە کـۆن بـووە، چونکـە دەکەوتـووە گنوسـیزم نەوەکـوو لادان لـە مەسـیحیەت نییـە، بەڵکـوو بزووتنەوەیەکـی سەربەخۆشـە و هـاوکات بە ئایینە رۆژهەڵاتییەکانیش قـەرزدارە و لـە دواییشـدا ئـەوەی کـە وشـەی گنونیـزم لەگـەڵ

چەمکی یۆنانی «ئاگاییدا» کەمترین هاوبەشی هەیە «ئانز، بوست» و «رایزن اشتاین» لە بەرهەم و بابەتەکانیاندا لەسەر توخمی رۆژهەڵاتی (گنوسیزم) جەختیان کردۆتەوە لە کاتێکدا کە «ئانز» ئاوڕی لە ئوستوورەی بەرزبوونەوەی رۆح لە رێگەی هەسارە ئاسمانییەکانەوە داوەتەوە و بە بابلەوە دەیبەستێتەوە، «بوست و رایز اشتاین»یش ئاوڕیان لە «مرۆڤی یەکەم و ئامۆژیاریی «سوشیانتی رەزگاربوو» داوەتەوە و بە گوێرەی قسەکانیان شوێنپێیان تاکوو ریشە ئێرانییەکەی هەڵگرتووە، ئێستا جێگەی ئەوە نییە دواکەوتوویی بنیاتی لە میتۆدی «رایزن اشتایندا» چاو لێبکەین، ئەم تێبینی و سەرنجدانە لە شوێنێکیتردا ئەنجام دراوە و لە لایەکیترەوە، سەرنجراکێش دەبێ ئەگەربڕیارە گشتییەکانی «شدر و اشتاین» لە پێوەندیی لەگەڵ دینی ئێرانی و لە بەراورد لەگەڵ ئایینی یەهوود باس بکەین، گرنگترین سازش نێوان فێرکارییە زەردەشتییەکان و مانەوییەت، هەروەها دینە هندییەکانیش، ئەوەیە کە ئەم دینانە بە پلەی یەکەم بە پێچەوانەی ئایینی ئیسرائیل، بەلای ویست و ئارەزووی خوادا نارۆن، بەڵکوو زۆرتر لێکدانەوەیەک لەم جیهانە دەکەن، ئەوە لە دەرێژەی باسەکەیدا، دەڵێ: بە دەرکەوتنی زەردەشت مانا تیۆریکەکان جێگای خۆیان دا بە مانا پێشگۆ و نەبەوییەکان ماناگەلێک بڕیار وابوو دواتر بە شێوەیەکی تر بەهێز دەربکەون،

بەڵام سەبارەت بە «رایزن اشتاین» ئەو دوو جۆر دین دەناسێنێتەوە لە دینی جۆری یەکەمدا کە دینە بابلی و ئیسرائیلییەکان نموونەی ئەم چەشنە دینەن، خودا هۆزێکی تایبەت بە خۆی دروست دەکات، یان هەڵیدەبژێرێ و بەتایبەت لە نوێنەرەکەی واتە پاشا، بە توندی پارێزگاریی لێ دەکات،

ئەڵبەت تاکوو ئەوکاتەی ئەم هۆزە پێی وەفادارە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە سنوردارە بە ژیانی دنیاییەوە و هیچ چەشنە لێکچوونێکی زاتی، یان هیوا بە ژیانی دوای مەرگ خەڵک بە خواوە نابەستێتەوە، بە پێچەوانەوە لە ئایینی هیندی و ئێرانیدا رۆحی دینی خێڵەکی و لانیکەم پەیڕەوە راستەقینەکان لەڕاستیدا لە خوا دەچن و لە ئاکامدا وەکوو خوا نامیرا و هەرمانن و مرۆڤ و خوا لەڕادەبەدەر بە خواوە نزیکن، جیالەمە دەبێ بەداخەوە بین، لەوەی کە لەم وێنەدا جێگایەک بۆ دینی یۆنانی نییە «شدر» لە وتارێکدا وەها دەڵێ: پێکهاتە و ستراکتۆری گنوسیزم قەرزداری یۆنانە، ئەگەرچی بەشێک لە مانا و وشەکانی لە ئەسڵدا رۆژهەڵاتییە و ئەو بەهۆی هەڵوێست بەدژی بۆچوونەکەی «هارناک»ەوە لەلایەن «اچ. یوناس»ەوە رەخنەی لێگیرا، ئەو کەسەی کەلە بەرهەمەکەی خۆیدا جەختی لەسەر چییەتیی نالۆژیکیی وشەی «گنوسیس» کردەوە و

ئـەم مەرامـەی بـە ئوستوورەناسـی لێکدایـەوە، نـەوەک فەلسـەفە. «یونـاس» هـاوکات رەخنــەی لــە میتۆدەکــەی «رایـزن اشـتاین» گـرت میتۆدێـک کـە پلانێـک لـە ئوسـتوورەی گنوسـی دەگرێتـەوە، ئوسـتوورەیەک کەلـە ئانتروپـوس لـە پومنـدرس تاکـوو رابـردووی ئێـران دەکـرێ وەکـوو ریشـەی ئـەم ئوسـتوورە بخوێنینـەوە ـ ئـەو تـەواوی هەوڵـەکان لەپێنـاو پاسـاودانی گنوسـیزم وەکـوو ئاکامـی سـەردەمێک لەڕادەبـەدەر دژوار بـە ناشـیرین لـە قەڵـەم دا، ئـەو بـە نـۆرەی خـۆی وەکـوو خوێنـدکاری «او. اسـپینگلر» و هایدگـەر «بەسـتنەوەی گنوسـیزم بـە دەرکەوتنـی بزووتنەوەیەکـی نوێـوەی بـاس کـرد، گەڵاڵـەیـەک کـە زۆرتـر وادەردەکـەوت خـۆلادان بـوو لـە ئەسـڵی بابەتەکـە ـ ریشـە و پێشـینەی بزووتنەوەکـە «فسـتوجیر» ـ داهێنــەری بەرهەمێکـی چـوار بەرگـی سـەبارەت بـە ئیلهاماتـی هرمـس، بۆچوونێکـی بـە تەواوەتـی خۆلادەرانـەی کـرد بـە پێـوەر بـۆ خـۆی، هاوکاتیـش خـۆی بـە نووسـینی مێـژووی هرمتیـزم رازی بـوو، بـە لێکدانـەوەی بێهـوودە لـە سـەرچاوەی ئامـوزە «یۆنانـی، یەهـوودی، میسـری، یـان ئێرانـی»، لـە ئەنجامـدا هەرشـتێک لــەم نێوانــەدا لــە ئەفلاتوونــەوە دەزانــێ ئەگــەر هەڵوێســتی دوو لێکۆڵـەری بـەرز واتـە «زنـر و ویدنگـرن» لەگـەڵ یـەک بـەراورد بکەیـن ئەوکاتەیـە بۆچوونـە گوماناوییەکـەی ئێمـە بـە باشـی رۆشـن دەبێتـەوە زنـر، لـە بەرهەمەکـەی خۆیـدا «زەروان» دەڵـێ:

ئـەم بـاوەڕە کـە ئەهریمـەن دەسـەڵاتی بەسـەر جیهانـدا هەیـە و ئەهوورامـەزداش بەسـەر جیهانـی مانەویەتـی بـەرزو بـەدەر لـەم دنیا، باوەڕێکـی تـەواوی گنوسـییە، لـە ئەنجامـدا ئـەم باوەڕە نائێرانییـە لـەم ڕووەوە دەبـێ لـە سـەرچاوەیەکی ڕۆژئاواییـەوە وەرگیرابێـت ئـەو بـەم دەرەنجامـە سـەرچاوە ئێرانـی و گنوسـییەکان دەخاتـە لاوە، بەپیچەوانـەوە «ویدگـرن» لـە ڕێگەگەلێکـی تـرەوە تـەواوی هەوڵـی خـۆی لەپێنـاو لێکدانـەوە لـە سـوننەتی رایـزن اشـتاین ـ کـە بـاس لـە ریشـەیی بوونـی ئێرانییەتـی گنونیـزم دەکات، دەخاتـە بەربـاس و ئـەو بۆچوونەکانـی خـۆی ـ کـە دواتـر لـە بەرهـەم و کتێبەکانیـدا بـە تێروتەسـەلی باسـی دەکات، لـە وتارێکدا باسـیکرد ئـەم لێکۆڵـەرە لـە سـەرتاوە بـاوەڕ بـە ڕزگاربـوون لـە ئێـران و هینـدا پێکـەوە بـەراورد دەکات و بـەو ئاکامـە دەگات کـە ئـەم بـاوەڕە لـە هـەر دوولاوە یەکێکـە، بـەم شـێوە کەلـە خواسـتی بەرزبوونـەوە لـەم دنیـادا و بـە پەیوەسـتبوونی ڕۆحـی تـاک بـە ڕۆحی مەزنـەوە کۆتایی پێدێـت، (ئەڵبـەت پێویسـتە ئـەوەش بڵێـم: کـە «ویدنگـرن» بـە شـێوەیەکی نەزانـراو لەگـەڵ «بۆچوونەکـەی» سـیمون تێرمـان»دا دەربـارەی «دوانەپەرەسـتی متافیزیکـی» تەبایـە، بـەڵام لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە دەبێ بڵێـم: ئـەو بەڵگانـەی تایبـەت بـەم بۆچوونـە ڕەشـبینانە و دژدنیاییـە ـ کـە بەراسـتی نیسـبەت نـەدراوە بـە ئێرانـەوە ـ زۆر کەمـە، بـە جۆرێـک دەبێ بڵێـم: کـە دوانەپەرەسـتی

خۆشـبینانه و مۆراڵـی زەردەشـت سـەرکوتی کـردووه و ڕێگـەی ڕزگاریی و ڕەهایی لـه یاسای گاهانیشدا بوونـی هەیـه، ئەویش بـه شـێوەی یەکێتیـی مـرۆڤ لەگـەڵ ئەمشاسپەندان بەتایبـەت لەگـەڵ وەهومنـەدا کـه دواتـر لـه مانەویەتـدا، وهومنـەی گـەوره (یان، مـان وەهامیـد) دەخوێنرێتـەوه، ویدنگـرن لـه کتێبەکـەی خۆیـدا لەژێـر نـاو «وهومنـەی گـەوره و حـەواری گـەورەی خواوەنـد» (١٩٤٥) لـەم بابەتـه دەکۆڵێتـەوه، تێـزی ئەسـڵیی ئـەم کتێبـه قبـووڵ کـراوه و تەنانـەت ئەگـەر لـه قبـووڵ کردنـی بۆچوونـی نیبـرگ ـ کـه ویدنگـرن لـه بڕگـەی ـ ٥ لـه یەسـنا ـ ٢٣ بـه جەزبـەوه نـه بـه مـەرگ، لەسـەری جـه خـت دەکاتـەوه دوری بگریـن. مەزداپەرەسـتی دواییـش، لەسـەر ڕۆڵـی وهومنـه لـه ویدئـوداد (بڕگەکانـی ٣٢ و ٣١ لـه فرگـردی ١٩) شـایەتی دەدا جێگایـەک کـه وەهومنـه بـه خێرهاتنـی «ڕەوان» دەکات بـۆ بەهەشـت و پێشـوازیی و ڕێنوێنـی دەکات بـۆ شـوێنی تایبەتـی ئەهوورامـەزدا «ویکنـدر» شـیکاریی و لێکۆڵینـەوەی بـۆ ئـەم بەشـه کـردووه، ئـەو کەسـەی کـه بـه گوێرەی وردکارییـه تایبەتـەکان وەکـوو جبـه خەڵاتکراوەکـه بـه «ڕەوان» لـه پەسـەندکردنی ئاخێزگـەی هینـد و ئێرانـی لـەم دوو بڕگـەدا، بـه ئەنجـام دەگات، ئـەو بەڵگانـەی کـه ماونەتـەوه چ ئەوانـەی کـه نازانسـتین و چـه ئەوانـەش کـه تایبەتـن بـه سـەردەمی دواییـەوه ـ بایەخێکـی ئەوتۆیـان نییـه و نازانسـتی ـ مەبەسـت بەکارهێنانـی

مانـای ناسـیار (ئەپسـتیمە)یە لـە گاتاکانـدا لەڕاسـتیدا و پێـش هەڵبژاردنـی یەکێـک لـەم چەمکانـە پێویسـتە بیزانیـن کـە مانـای ئـەم وشـە شـتێکی جیـاوازە لەگـەڵ گنوسـیزمدا، کـە بـۆ خـۆی هەمـان ڕێگـەی ڕاسـتەقینەیە بـۆ ڕزگاری سـەبارەت بـە سـەردەمی دواتـر، واتـە پاڵەوییـەکان و بەتایبـەت لێکدانـەوەی تایبـەت بـە خومگێڕنامـە، بـە شـەکانی (٣، ٥و٣١)، هەروەهـا نـاوە لێکـدراوەکان وەکـوو ڕزگار بـوو بەدەسـتی میهـر «یـان شـتێک لـە بابەتـی باسـکردنی ئـەم زانیارییـە و هەروەهـا زەروانیـزم وەکـوو شـایەتێک بـۆ ئـەم بابەتـە خۆگێـل کردنـە لـە ئەسـڵی بابەتەکـە ئەگەرچـی تـا ئـەو شـوێنەی کـە بـە نـاوە میهرییەکانـەوە پێوەندیـی هەیـە دەکـرێ بڵێیـن: بەڵگـە ئاڤێسـتاییەکان سـەبارەت بـە وهومنـە بـەم ناوانـە بایەخێکـی زۆرتریـان بەخشـیوە، ئەویـش بـەم هۆیـەوە کـە وهومنـە لـە ڕوانگـەی دومزیلـەوە وەکـوو جێنشـینی مێهـر دێتـە ئەژمـار، ئێسـتا دەمێنێتـەوە و دوایەمیـن بـەش لـەم مەرامـە کـە هەمـان «بڕگـەی تایبەتـە» لـە وتارەکـەی ویدنگـرن دەربـارەی گنوسـیزم ـ واتـە مانـای سوشـیانتی ڕزگار کـراو، «ڕایـزن اشـتاین» لـەم پێوەندییـەدا بـە مانـای حیکایەتـی سـریانی لـە «مروارید» ئاماژەیەکـی کـردووە، کورتەیەکـی لـێ بـاس دەکەین: ئـەو گەوهەرەی ئـەو ڕزگاری دەکات، بـە مانـای ڕزگارکردنـی ڕۆحـی کۆیـە لـە مـادە، واتـە ئـەو ڕۆحانـەی کـە دەبـێ ڕزگار ببـن جیالەمـە سوشـیانت لـە

مـاده دادەبـەزێ و بـەو مانایـەی کـە ڕۆح ڕزگار بـکات، بـەڵام لەوێـوە کـە دەبـێ کارەکـەی وەکـوو ڕزگاریدەرێـک تـەواو بـکات، پێویـسـتـی هەیـە تاکـوو خـۆی چنگـی هەسـتی مـادە ڕزگار بـکات، ویدنگـرن ڕیشـەی پارتـی ئـەم حیکایەتـە سریانییە بـە شـێوازێکی دیکۆمێنتـار بەرچـاو دەخـات، بـەڵام ئاخـۆ ئـەم بەڵگاندنـە کاریگاریـی ڕۆژئـاوا، یـان سـەرنجی ئێمـە بـە پێگـەی بابلییـەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە؟ ویدنگـرن خـۆی لـە بەرهەمێکـی کۆنتریـدا، لەژێر نـاوی «ڕەگەزەکانی میزۆپۆتامیا لـە مانەویەتـدا» (١٩٤٦) ئێمـە بانگهێشـت دەکات بـۆ وەهـا کارێـک، بـەڵام لـە وتارەکەیدا هیـچ ئاماژەیـەک بـەم ڕەگەزانـە نـاکات، ئـەو لـەم کتێبـەدا نیشـانی دا، کـە سەرمەشـقی یەکەمیـن ئوسـتوورەی گنوسـی دەبـێ درامـی «تمـوز» بووبێـت، خودایـەک پێـش دەرکەوتنـەوەی دادەبـەزێ و ئەجەنگـێ، ئـازار دەچێـژێ و زینـدان دەکـرێ. ویدنگـرن، لـە هەمـان بەرهەمیـدا بـەم ئوسـتوورە ـ کـە پێشـتر لـە دەقێکـی دواتـری بابلییەکانـدا ڕاڤـە کـراوە ـ وەکـوو سـیمبۆلێک لـە چارەنووسـی مـرۆڤ ئامـاژەی پێکـردووە. هـەر چۆنێـک بـێ، دەتوانیـن نووسـراوە پۆزەتیڤەکـەی ویدنگـرن بـەم شـێوە لێکبدەینـەوە، «ویدنگرن» بـە شـێوازێکی گونجـاو بـە نیشـانگەلی بۆچوونێـک لـە ئێـران ئامـاژە دەکات، کـە پاشـماوەی ڕابـردووی هینـد و ئێرانـە، بۆچوونێـک کـە دوانەپەرەسـتی مۆراڵـی زەردەشـت لـە کەیسـێکی ناڕووندا شـاردویەتییەوە، بـەڵام بڕیـار

بوو لـه سـەردەمێکی دواتـردا زینـدوو بکرێتـەوە، بـەم جـۆرە ئێمـە بـەو ئاکامـە دەگەیـن، کەلـە ئێرانـدا ـ جگەلـە تێڕامانێکـی دڵخۆشـکەرانە ـ بۆچوونێکـی ڕەشـبینانە و دژە دنیایـش بوونـی هەیە کە توانیویەتـی دواتـر بگۆڕدرێ بـە گنوسیزم جیالەمـە ئـەم بۆچوونـە لـە هـەردوو لاوە، تایبەتمەندییگەلێکـی دیـاری لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە و ئێمـە دەتوانیـن لـەم بۆچوونـەدا بـاس لـە میراتـی یۆنانـی بکەیـن، یەکـەم یـە یـەک زانینـی ڕۆح لەگـەڵ چاکـە، دووەم ئاراسـتەکردنی گەلاڵەیەکـی ڕیزبەندکـراو لـە دنیـا کەلـە کیمیـای بێوێنـە دەسـت پێـدەکا و دەبێـت بـە مـادەی تـەواو گەلاڵەیـەک کـە خـۆی بـۆ ئوسـتوورە، یـان وێنەیـەک لـە دابەزیـن و دابەزینـی فریشـتەکان، دابەزینـی ڕۆح، دابەزینـی سوشـیانت و بەرزبوونـەوە دوابـەدوای یەکـەکان بـەرەو ئاسـمان، چوارچێوەیەکـی گونجـاو فەراهـەم دەکات.

بەشـی ئێرانیـی ئـەم درامـە، کەلێـن نێـوان دوو جەمسـەرە ـ واتـە دوو ڕۆحـی ئەزەلـی ـ دەردەخـات، ئەگەرچـی جیاوازیـی «ڕۆح ـ مـادە» هیچـکات لەگـەڵ خێـر و شـەڕدا بـە یـەک نازانـرێ، بـەڵام بـە دەرکەوتنـی زەردەشـت کـە بـاوەڕ بـە مانـای خێـر و مانـای شـەڕ وەکـوو ئـەوەی ئەفلاتـوون باسـی دەکات، لـە «ڕۆح ـ مـادە» پێکدێـت و ئـەوەی کـە مینـووی شـەڕ بـە تـەواوی نیگەتیـڤ و

وێرانکـەرە و لـە بەرانبـەر دەسـەڵاتی خواوەنـدا سـنودار دەبێـت، ئـەم بـاوەڕە ـ ئەوکاتـەی کـە ئەهریمـەن وەکـوو دیاردەیـەک بـوو لــە بەرانبــەر ئەهوورامــەزاد ـ تووشــی توندوتیژییێکــی تــر بــوو، هـاوکات دوانەپەرەسـتییەکیتری پتـەو، لـە وندیـدادا دەرکـەوت، بـە زۆری ئــەوە «موڵتــون» بــوو کــە لــە بەشــێک لــە کتێبەکەیـدا، «زەردەشـتیگەریی یەکـەم» لەژێـر نـاوی «موغانـی مـادی» قامکـی لەسـەر ئـەم دوانەپەرەسـتییە دانـا و زۆر پێشـتر لـەوەی کـە نیبـرگ ئـەم بابەتـە لـە بەرهەمەکەیـدا «دینـە کۆنەکانـی ئێـران» بخاتـە بەربـاس، لەگـەڵ ئـەوەی کـە مانەویـت ئـەم شـێوە رادیکاڵـە لـە دوالیـزم قبـووڵ بـکات، بـەڵام لەلایەکیتـرەوە، ئـەم دوانەپەرەسـتییە، جیـاواز لـە بزووتنـەوەی ئەسـڵی زەردەشـتیگەریی، بـە بۆچوونێکـی رەشـبینانە و دژە دنیایـی ـ کـە بـوو بـە شـێوەیەک لـە گنوسـیزم ـ تێکـەڵ بـوو گنوسـیزم بەهـۆی عیرفانەکەیـەوە بـەرەو بێلایەنییوکـی مۆراڵــی رۆیشــت، بۆچوونێــک کــە لەوانەیــە، لــە هەڵســەوکەوتی توخمـە ئێرانـی و یۆنانییەکانەوە سـەرچاوەی گرتبـێ، ئەو توخمانەی کـە تاڕادەیـەک وەکـوو یەکتـر و تاڕادەیەکیـش تـەواو کـەری یەکتـر بـوون. ئـەم وتـە بـە مانـای دەرکردنـی توخمـە بابلـی و سـامییەکان نییــە، ئــەم هەڵســەوکەوتی رەگەزانــە، لەوانەیــە لــە هەرێمــی سـامییەکاندا، (نـە لـە سـامریە)دا هاتبێتـە ئەنجـام، بـەڵام شـیمانەی ئـەوەش دەکرێـت لـە شـوێنە جیاوازەکانـەوە، ئـەم هەڵسـوکەوتانە،

بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجام درابێت، چونکە گنوسیزم نەوەک گرووپێک، بەڵکوو وەکوو بزووتنەوەیەک دێتە ئەژمار. بڕیار وابوو گنوسیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی بەهێزی دینی، لە سەدەکانی دووەم و سێییەمی زایینیدا تەنیا لە ئێراندا بدرەوشێتەوە، بەڵام ئەم دەروشانەوە نەتەنیا زەروانیزم و مانەوییەت، بەڵکوو دینی چاکی مەزدییەکانیشی گرتەوە، لەم لایەنەوە دەتوانین، باوەڕ بە نوێسازی و رزگارکردنی دنیا لە رێگەی دەرکەوتنی بەردەوامی سوشیانتەکان بێنین ـ کە خۆی دەرکەوتەیەکە لە سوشیانتی یەکەم ـ لەبەرچاو بگرین، لەلایەن مەسیحییەتەوە، دەتوانین بە «مەعارفی کلمانتین» ئاماژە بکەین، جێگایەک کە دەوترێ سوشیانتی مرۆڤەکان، دەبێ خودی مرۆڤ بێت، ئەو هەر ئەوەیە کە پێشتر خۆی لە ئادەم و ئانوخدا دەرخستووە، ئینتیماکانی گنوسی هاتۆتە نێو جیهانبینی و خیلقەتی دنیاوە، بە گوێرەی لانیکەم دوو دەق کاتیک مرۆڤەکان شێوەیەکی مادیان بەخۆوە گرت، جیهان، بەدەستی ئەهوورامەزد ـ ئەویش بەهۆی پێویستیی روبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی ئەهریمەندا ـ کەوتە جووڵە و جیالەمە، یەکەمین بزووتن بەرەو جیهانی مادی لەلایەن مانەویەتی پیسەوەیە.

تەواوبوونی کاری جیهان بەردەوام بە مانای دەرکەوتنی جیهانێکی نوێ ـ بۆ شادی و راستکاران و هاوکات سەرکوت و

لەناوچوونـی خراپـەکاران نەبـووە ـ بەڵکـوو وەکـوو گەڕانـەوە بـەرەو لای خـودا یـان زۆرتـر، پەیوەسـت بوونی سـەرلەنوێ بـە بوونێکەوەیە کـە بەهۆیـەوە پەیـدا بـوون، لـە گەردوونناسـیدا، بـە نێـوان دینـی کۆنـی ئێرانـی ـ کـە بـە جەسـتەی مینـووەکان پیـرۆزی دەبەخشـێت ـ و گنوسـیزم و مانەویـەت ـ کـە لـەم جەسـتانە دێودروسـت دەکـەن ـ سـازیارێکی بەرچـاو و ناسـراو بوونـی هەیـە، مەزداپەرەسـتە فەرمییـەکان تەنیـا مەنزوومـەکان لـە کاتێکـدا ئەهریمـەن دەزانـن کـە مانـگ و رۆژ و ئەسـتێرەکان ئەهوورایـی دەمێننـەوە.

سـەرەنجام، کاتێـک کـە تەسـەوف ـ لـە سـەردەمی ئیسـلامیدا ـ لـە رۆژهـەڵات و رۆژئـاواوە هێرشـی کـردە سـەر ئێـران، پێـی خستە وڵاتێکی گونجاوەوە و لەڕاسـتیدا سـوهرەوەردی کەلە (١١٩١) کۆچی دوایـی کـرد، خـۆی بـە میراتگـری ئێـران و یۆنـان دەزانـی، بەهـۆی ئـەوەوە بـوو کـە بـۆ یەکـەم جـار، ئەمشاسـپەندانی مەزدییـەکان، لەگـەڵ خوشـکەکانیاندا، «مپـل»ی ئەفلاتوونـی هاوسـەرگیرییان کـرد.

## پاشكۆ

شانزە مانگ دوای وتارەكان داوایان لێكردم كورتە نوسراوەیەك وەكوو پاشكۆ ئامادە بكەم، لەم ڕێگەوە دەفەتی ئەوەم هەبوو باسی هەندێك لەو بەرهەمە نوێیانە، یان ئەوانەی لەژێرچاپ دان، بكەم.

«ماریان مولە» بە زوویی لە پاریسدا لە «تزێك» بەرگری دەكات، تێزێ كە تیایدا «گاتاكان» وەكووڕێوڕەسمێكی ئایینی دێتە ئەژمار، بۆچوونێك كە مونیكل و ئەوانیتر بە ڕاڤە و لێكدانەوەی «میزمارەكان» وەكوو ڕەنگدانەوەیەك لە جەژنگەلی سالی نوێ پەرەیان پێداوە، بۆ یەكەم جار سەبارەت بە تێكستە ئێرانییەكان بەكار براوە، ئەم بۆچوونە نوێیە لە مێژوودا هەڵویستی ئێمە دەربارەی زەردەشت وەكوو خالی وەرچەرخان دێتە ئەژمار.

جۆرج كامرۆن، لە وتارەكەیدا لە مارسی ١٩٥٧ لە پێوەندی لەگەڵ ئایینی هەخامەنشییەكان بۆچوونێكی قبووڵ كرد، كە شتێكی لەو بابەتە ـ كە هەتوانێكی گونجاو بوو ـ لێرەدا بەرگری كراوە، مولەش، لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەم بۆچوونە دایە، سێ لێكۆڵەر ئەم بابەتەی منیان لە سێ لایەنەوە تاوتوێ كردووە و

بەشێوەی سەر بەخۆ بەم ئاکامە گەیشتون کە هەخامەنشییەکان لە داریووش بەدواوە، زەردەشتی بوون جیالەمە، دەستەواژەی ئەهوورامەزدا بە داهێنانی زەردەشت دەزانن.

«اف. کوپیر و اچ. هومباخ»یش سەبارەت بە شێوەی دروستی مەزدا بە سنگ فراوانییەوە، گەیشتن بە رێککەوتنێکی تر، بەڵام دەربارەی بیر و باوەڕی زەردەشت من پێم وایە کە دەتوانین بەڵگەیەکی زۆرتر لە لێکدانەوەیەکی نوێ دەربارەی ئەهونە و ئیریە ـ کە دەبێتە گرنگترین نیایشی زەردەشت ـ دەربکێشین «بنونیست» لە کونگرەی نێونەتەوەیی رۆژهەڵاتناسان لە کمبریج ساڵی (١٩٥٤) ئەم نیایشەی زەردەشتی لێکدایەوە ـ لێکدانەوەی ئەو ئەو لەم نیایشە ـ کە لە گۆڤاری هیند و ئێرانی (١٩٥٧) بە چاپ گەیشت ـ بوو بە هۆی ئەنجامدانی دوو لێکدانەوەی سەربەخۆ لەلایەن خۆم و هومباخەوە وتارەکەی «هومباخ» کە لە ساڵی (١٩٥٧) بە چاپ گەیشت، لەلایەن خۆمەوە دروست رۆژێک پێش خوێندنەوەی وتارەکەم لەبارەی ئەم بابەتەوە لە کونگرەی مونیخ، (١٩٥٧) بە من درا.

وادیارە لێکدانەوەی ئەو لەم پارانەوە لە هەندێک شوێندا لەگەڵ بۆچوونەکەی من نایەتەوە، لە سەرجەم شوێنەکانیتر نێوانمان جیاوازی هەبوو، بەڵام زۆر زوو گەیشتم بەو ئاکامە لە

زۆر جێگادا مافی ئەو بوو، جیالەمە لەوێوە کە ئەو لە وردکاریی وەرگێڕانەکەی رازیی نەبوو، لە ئەنجامدا بۆ لێکدانەوەیەکیتر لەم دەقە، کەوتمە پێشەوە کە دەرئنجامی ئەم پێشکەوتنەش بڕیار وایە لە گۆڤاری «هیند و ئێرانیدا» چاپ بکرێت، ئەگەر ئەم لێکدانەوە قبووڵ بکرێت، لەو کاتەدا «ئەهونە و ئیریە» بە شێوەیەکی کۆرت دەبنە بەشێک لە چاکسازییەکەی زەردەشت، پێشینەیەکی کورت لە ساتێکی زۆر گرنگ، واتە کاتێک کە خوداکان کردەوەگەلێکی تایبەت بە خۆیان بە خوایەک ئەسپارد کە لەودا، تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتداریێتی میترا و ورونا کۆببووەوە، هەروەها کە بڕیارە ئەو لەلایەن خەڵکی دنیاوە هەڵبژێردرێ، کەوابوو داوەری کردەوی خەڵکی جیهان بە گوێرەی دادپەروەری لەلایەن و هومەنەوە سپێردراوە بە مەزدا و دەسەڵاتداریێتی لە ئەهووراوەیە، کە ئەوان وەکوو شوان بە موسڵمانانیان بەخشیوە، «ایلیاگرشویچ» لێکدانەوەیەکی گشتگیری لە مێهری «یشت» لە بڵاوکراوەی زانکۆی کمبریج پێشکەش کردووە ئەم لێکدانەوە بۆچوونێک پێشکەش دەکا، کە تیایدا، تەواوی پێوەندییەکان بە بەرهەمی دومزیلەوە، بە یەکجاری نکۆڵی دەکات.

لـە ئەنجامـدا «کامـرۆن» لـە وتارێکـی بڵاونەکـراوەدا بـە پێشکەشـکردنی لێکدانەوەیەکـی خوازەیـی لـە ئوسـتوورەی» گاد بەتایبەت لـە ئاماژەکـردن بـە ئوسـتوورەی وەدایـی «والا» بەرهەمی هانس ـ پیتـر اشـمیت دەرفەتێکـی نوێـی هێناوەتـە ئـاراوە و بۆتـە هـۆی باسـگەلێکی نوێیـش و رۆژئـاوا قسـەی دوایـی سـەبارەت بـە زەردەشـت نەکـردووە.

کۆتایی

جی. دوشن گیم

سپتامبری ١٩٥٧

## فەرهەنگۆک

ئەهوورامەزدا: ئەهورموزد ـ سەروەری زانا

ئەنگرەمینیـوو: ئەهریمـەن ـ کەلـە بەرانبـەر ئەهوورامـەزدا راوەسـتاوە

ئەگنی: ئاور ( لە دەقە وەداییەکاندا) هاتووە

ئەمشاسپندان: فریشتە نزیکـەکان، یان پیـرۆزە جاودانـەکان کـە بریتیـن لـە (رێبەنـدان، گـولان، خەرمانـان، رەشـەمە، جـۆزەردان و گەلاوێژ)

ئەهودەهـا: لـە ئێرانـدا کـە مەبەسـت هەمـان «میتـرا ـ ورونا»یـە، خوداگەلـی سـەردەمی هینـد و ئێرانـی و پێـش جیابوونـەوەی ئـەم دوو هۆزەیـە.

ئەسـوەرها: کـە لـە وەداییـدا هەمـان» اهورەها»یـە، ئەمانمـە لـە ئوسـتووره هندییەکانـدا رۆڵـی نێگەتیڤیـان هەیـە، بـەڵام لـە ئێرانـدا کـردەوەی پۆزەتیڤیـان هەیـە

ئەسـترابون: مێژوونوسـی یۆنانـی کـە لـە نێـوان ٦٣ (ق.م.) تـا ١٩م ژیـاوە، ئەویـش بـە گوێـرەی ئەزموونەکانـی خـۆی لـە ئایینـی موغـەکان لـە ئاسـیای بچووکدا راپۆرتێکی لە دینـی ئێرانی بە یادگار بۆمـان جێهێشـتوە، دینـی ئێرانـی لـە سـەردەمی ئـەم مێژوونووسـدا

جۆرێکـە لـە مەزداپەرەسـتی گـۆڕدراو کـە تیایـدا هیـچ نیشـانەیەک لـە ئایینـی زەردەشـتی بـەدی ناکرێـت لـەم دینـەدا نیایشـی ئـاور هـەروەک خـۆی ماوەتـەوە و لـە خواکانیـش تەنیـا ئـەو گرووپـە لـە خـواکان ماونەتـەوە کـە جێـگای سـەرنجی تـەواوی خەڵـک بـوون، ئـەم جـۆرە مەزداپەرستییە گـۆڕدراوە هەروەهـا لەگـەڵ دینـی کۆنـی ئێرانیـدا کـە هیـرۆدت باسـی کـردووە، جیاوازیـی هەیـە و بەهەمـان رادەش لەگـەڵ ئایینـی مەزدیسـنای ئاڤێسـتاییدا تەبـا نییـە.

ئەریامـن: خودایەکـی ئێرانییـە و ئەرکـی چاککردنـەوەی نەخۆشـەکانە

ئەشـی/ ئـەرت: خوازنـی پێگـە و سـەروەت کـە لـە یەشـتەکاندا لـە ئاڤێسـتای دواتـردا یەشـتی بـۆی تەرخـان کـراوە

فـررە/ خـررە: رووناکـی و هێـزی خواوەنـد، ئەگـەر بە کەسـێکەوە پێوەنـدی بگـرێ، دەگات بـە تـاج و پاشـایی، ئـەم وشـە لـە ریشـەی «ئکسـوار» بـە مانـای «خـواردن» و « وەرگرتنـە «لـە ئاڤێسـتادا بـە شـێوەی، ئکسـارانا و ئکسـارانە هاتـووە و شـێوەی ئێرانییـە کۆنەکـەی «هوارناه»یـە لـە پاڵەویـدا بـە شـێوەی «ئکسـاررە» و «ئکسـوراە» و لـە مانەویـدا بـە شـێوەی «فـارە، کـورت کراوەتـەوە. شـێوەی فارسـیە کۆنەکـەی «فارنا»یـە، لـە ئەرمەنیدا بـە شـێوەی

«پارک»، یان «پەرک» و لە زمانی ئاسیدا بە شێوەی «فارنا» بووە و بە شێوەی «فەڕە و خەڕە»ش هاتۆتە ناو فارسییەوە، ئەو وشە دەرکەوتوانەی کە لەگەڵ ئەم وشەدا هاتوون و لەگەڵیاندا ئاشنانین، هەندێکیان بەم چەشنەن: «فەڕە، فەڕەهیو فەراهەت، فەرمەند، فەرهمەند، فروهیدە، فروهمەند، خوڕە، خوڕهمەند، و خوڕهناک، و هەروەهایە، رێکەوەندەکانی وەکوو، فڕکیانی، فڕە خودایی، کیان خڕە، خڕەپاشایی، فرروح».

گاتاکان/ گاتا: سرووتەکانی زەردەشت، کەلە تەواوی ئاڤێستادا حەڤدە هات یان بەش بە خۆوە تەرخان دەکات.

هیرۆدت: مێژوونووسی یۆنانی کەلە ٤٥٠ (ق.م.) راپۆرتێکی لە دینی ئێرانی بە یادگار بۆمان بەجێهێشتووە، ئەم راپۆرتە دامەزراوە لەسەر شەزموونەکانی ئەو لە موغانی ئاسیای بچووک و میزۆپۆتامیا، بە کورتی کاتێک رەوایەتەکانی هیرۆدت لێکدەدینەوە لەڕووی ئەزمونەکانی ئەم مێژوونووسەوە وێنەیەکی تاڕادەیەک دروست لە دینی هەخامەنشییەکانمان پێ دەدا ئەم دینە لەگەڵ ئائینی موغان و لەگەڵ مەزهەبی زەردەشتدا جیاوازیی هەیە و لە بەرانبەر ئایینی مەزدییەکاندا لەو شوێنەی کە ئەم ئائینە لەگەڵ بوونی هاودەی ئایینی زەردەشتی بەرهەمگەلێک لە باوەڕە کۆنەکان و تایبەت بە پەرەستنی رەگەزە سروشتییەکان

و پاراستنی جیهاندا ڕێک دەکەوێ.

ژوپیتر: خوای باوک، پێکهاتووە لە دوو بەش، ژو - خوا و پیتر - باوک، کە لەلایەن ڕۆمیە کۆنەکانەوە ستایش کراوە.

مغوسییەکان/ موغەکان: لە ڕاپۆرتی یۆنانییەکاندا وەکوو یەکێک لە هۆزە شەشییەکانی مادی بە شێوەی «مغوی» و لە ڕۆمیدا بە شێوەی (مگوس) هاتووە و لە دەستنووسەکانی فارسیی کۆندا، بە شێوەی مگوش هاتووە.

میترا - ورونا: خوای فەرمانڕەواکانی هیندی کە بەرانبەرە ئێرانییەکەی «بەهمەن ئەشە» یۆنانییەکەی «زئوس» و ڕۆمییەکەی «ژوپیتر - یوسن دیوس»ە.

مەزدیەسنا: مەزداپەرستی پێکهاتووە لە دوو بەشی مەزدا و یەسنا بە مانای پەرستنە.

پلوتارخ: مێژوونووسی یۆنانی کەلە نێوان ساڵەکانی ٤٦ تاکوو ١٢٠ی ز) ژیاوە و ڕاپۆرتێکی لە دینی ئێرانی بە دیاری بۆمان جێهێشتوە، ڕاپۆرتەکەی ئەو زیاتر ڕەنگی «زەروانی» هەیە کە «زەمەن» تیایدا وەکوو خودای هەرمانە.

پل (پرد)ی چینوت: پولی هەڵبژێردراو هەمان پردی ڕێگەی ئیسلامییە، کە مرۆڤە لە چوون بۆ بە هەشت یان دۆزخ دەبێ لێی بپەڕنەوە.

سروش: خودای ڕاگەیەنەر لە دینی زەردەشتیدا وەکوو جبرەئیل لە ئیسلامدا لە ریشەی سراف بە مانای بیستنە.

شمنیزم/ شمن گری: باوەڕ بوون بە ڕۆحی خێر وشەڕ.

وندیداد/ ویدودات: یەکێک لە بەشەکانی ئاڤێستای دوایی کە بیست و دوو فەرگرد دەگرێتەوە و تەواوی ئەحکامی کردەیی مەزدییەکانیش دەگرێتەوە، «دوو فرگردی» ئەم بەشە بە باس لە بەسەرهاتی «جم شاه» دەکات.

وڕپرغنە/ ورترهنە:/ بەهرام: خوای شەڕ بە شێوە وەدابیەکەی بە مانای بکوژی ئەژدەهای وشکییە و لە دوو بەشی «ڤرترە ـ هانا» پێکهاتووە کە تیایدا «ورترا» بە مانای ئەژدەهای و هانا (لێدان)ە ئەم وشە لە تێکستە وەداییەکاندا لە لە ناتۆرەی «ایندیرا» خوای شەڕکەرە.

یەسنای حەوت هات: یەسنا حەوت بەشە کە بەشەکانی ٤٢ ـ ٣٥ بەخۆیەوە تەرخان دەکات، ئەم بەشە دوای زەردەشت

هۆنراوەتـــەوە.

یەشــتەکان: بەشــێک لــە ئەڤیســتای دوایــی کــە بیســت و دوو سرووتی تیایە بۆ خـوداکان و لـە بەشـە کۆنـەکان کـە ڕەگەزەکانـی پێـش زەردەشـتی پاراسـتووە، دێتـە ئەژمـار.

یـەم/ جـەم: لـە شـانامەدا لـە پاشا پشـدادییەکان و لـە وندیـدای ئاڤێســتاییدا، کەســێکە کــە لــە پەیغەمبەرایەتــی خــۆ دەبوێــرێ و شــارەوانی وڵاتەکانــی قبــوڵ کــرد لــە ئوســتوورەی هیندیــدا خــوای دنیـای مـردوەکان و هەنـدێ جاریـش شـێوەی زەوینـی میترایـە، لـە شـێوەی ئاڤێسـتاییدا «یامـا» هینـدی «یامـا» و لـە پالەویـدا بـە شـێوەی «یـەم» و لـە فارسـی ئەمڕۆشـدا، «جم»ـە و پاشـگری «شـید» بـە شـوێن ئـەم نـاوەوە لـە شـێوەی «ئکسشـایتە» بـە مانـای درەوشـانەیە، کـە بەگشـتی بـە شـێوەی ـ یەمـا لـە ئاڤێسـتادا هاتــووە کــە ئەمــڕۆ جەمشــید، بــەم شــێوە هاتــووە.

زوروان: خـوای زەمـەن لـە ئاڤێسـتادا بە شـێوەی «زەرڤانکارانا» کەلـە پالەویـدا بـە شـێوەی «زورڤاناکانـاراگ» هاتـووە، کـە هـاوکات ئەهوورامـەزدا و ئەهریمـەن لـەو لەدایـک بوون.